حامد حاجی قادر

# گەندەڵی

## هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٢

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**گەندەڵی**

**ئامادەکردنی: حامید حاجی قادر**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٩٥٥) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئاراز نوری**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**ژ. زنجیرە: (٤٨٧)**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی ـ ٢٠١٢**

**سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گورون**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# پێڕست

| ناوەرۆک | لاپەڕە |
|---|---|


**بەشی یەکەم:**

| | |
|---|---|
| گەندەڵی لە ڕووی زمانەوانییەوە. | ١٢ |
| ئامانجەکانی گەندەڵی. | ١٣ |
| پێناسەی گەندەڵی. | ١٤ |
| مێژووی سەرهەڵدانی گەندەڵی. | ١٨ |
| شێوازەکانی گەندەڵی. | ٢١ |
| جۆرەکانی گەندەڵی. | ٢٤ |

**بەشی دووەم:**

| | |
|---|---|
| هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی. | ٥٠ |
| دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی گەندەڵی. | ٦٨ |
| بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی گەندەڵی. | ٨٠ |
| بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە سەر ئاستی... | ٩٢ |

**بەشی سێیەم:**

| | |
|---|---|
| گەشەی ئابووری و گەندەڵی. | ١١٥ |
| دیموکراسی و گەندەڵی. | ١٢٨ |
| ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی. | ١٣٥ |
| دەرئەنجام | ١٤١ |
| پێشنیارەکان | ١٤٤ |

## پێشەکی

وەکو ئاشکرایە گەندەڵی یەکێکە لەو دیاردە جیهانییانەی کە لە زۆر کۆنەوە، لە دام و دەزگای حکومەتەکانی دنیادا، چ پێشکەوتوو یان دوا کەوتوو، بە ڕێژەی جیاواز بەدی دەکرێت، بەلاّم بێگومان شێوازو هۆکارو دەرئەنجامەکانی لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە بە پێی قەوارەی کەرتی گشتیو سنوری دەستێوەردانی حکومەت لە ژیانی ئابووریو کۆمەلاّیەتی دەوڵەتدا، لە دەوڵەتێك بۆ دەوڵەتێکی تر و لە قۆناغێکیش بۆ قۆناغێکی تر لە یەك ولاّتدا جیاوازی هەیە، بۆیە قسەکردن لەم دیاردەیە زیاتر لە سەر بنەمای سنوردارکردنو کەمکردنەوەیەتی نەك بە تەواوی بنەبڕ کردنو ڕیشە کێشکردنی، چونکە بۆ هەموو قۆناغێك لە سیستمی بەڕێوەبردنو ئابووریو سیاسی، جۆرێك لە گەندەڵی هەیە دەیکاتە( تەوئەمێکی ) سروشتیو ناحەزو ناشیرینی ئەوسیستمە، بەلاّم کارەسات کاتێك ڕوودەدات کە لە دیاردەیەکی نەخوازراوەوە دەبێتە یەکێك لە ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵكو بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەنو دەبێتە بنەمای ڕێبازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. گەرچی ئەم دیاردەیە کۆنەو شێوازی



جۆراوجۆری هەیە، بەلاّم وەك دیاردەیەکی بەردەوام هەمیشە لە نوێ بوونەوەدایە، واتە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو پێشکەوتنی زانستو تەکنۆلۆژیاو گۆڕانی فەلسەفەو سیستەمی سیاسیو بەڕێوەبردنو ئابوورییەکان لە جیهاندا. **(غەفوور، ٢٠٠٦، ٢٣١)**وە گەندەڵی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا تەمەنێکی بە ئەندازەی تەمەنی شارستانییەت هەیەو هەنوکە یەکێکە لەو مەسەلانەی ڕووبەڕووی ولاّتانی جیهان بۆتەوە، مەسەلەی گەندەڵی، لە هەموو سەردەمەکان دا، بەرۆکی دەوڵەتانی گرتووەو جێگەی تێڕامانی زۆرینەی زانایانو بیرمەندانی سیاسی بووە. **(خوسرەوی، ٢٠٠٧، ١٦٣)**وە دیاردەی گەندەڵی لە لایەن پسپۆرانەوە بە کرمی سەرە خۆرەی ولاّت دادەنرێت، کرمێك کە هەموو داهاتو بەرهەمی ولاّت دەخواتو وردە وردە ولاّت بەرەو کەمی خوێنو شێرپەنجەی ئابووری دەبات. هەروەها گەندەڵی یەکێك لەو فاکتەرە هەرە کاریگەرانەی کە هەمیشە ولاّت دوا دەخات لە پرۆسەی پێشکەوتنو بەرەو دواوە پەلکێشی دەکات. ولاّتی گەندەڵ فریای هیچ ناکەوێتو هیچ شتێکیش بەشی ناکات. گەندەڵی نەك هەر بەتەنیا سیستمی ئابووری ئیفلیج دەکات، بەڵکو سیستمی پەروەردەییو

بەڕێوەبردنو سیاسیو ئایینیو کۆمەڵایەتیو نەتەوەییش دووچاری نەخۆشی ئێسکە نەرمە دەکاتو هەرگیز ڕێگەیان پێ نادات بکەونە سەرپێو بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن. **(ئەیکەرمان ، ٢٠٠٧،٥ )** گەندەڵی دڕندەیەکی ترسناکو ئەفسانەیی فرە سەرە، لە کاتی بڕینی هەر سەرێکیدا چەند سەرێکی تر سەرهەڵئەداتەوە. ئەمەش مانای بێ هیوا بوون نییە بەرامبەر بە دژایەتی کردنی گەندەڵیو پێویستە خەبات دژی گەندەڵی بەردەوام بێتو گەندەڵکاران ڕەوانەی دادگا بکرێن بۆ سزادانیان بەرامبەر بە گەندەڵییەکانیان. خەبات دژی گەندەڵی کەمتر نییە لە جۆرەکانی تری خەباتو پێویستی بە فیداکاریو پشودرێژی هەیە.

گەندەڵی لە کاتێکدا زیاتر باسی لێ دەکرێت کە دوو جۆر باروو دۆخ لەگۆڕێدابێت:

**یەکەم** : لە کاتێکدا هیندە ئازادی لە وڵاتدا هەبێت کە بتوانرێت هەرچۆن بێت لە سەری بنوسرێتو قسەیەی لەسەر بکرێت.



**دووەم** : لە کاتێکدا کە گەندەڵی تین بسێنێتو بە ناو گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەتدا ڕۆبچێتو کارکردنی ئاساییو ڕێسا یاساییو ئاکارییەکان تێک بدەن. گەر گەندەڵی هیندە لە نزیکەوە پەیوەندیی بە سروشتی مرۆڤەوە نەبوایە، نەهیندە کۆن دەبوو، نە هیندەش لە ناوبردنی گران دەبوو.
**(بیگۆڤیچو میاتۆڤیچ، بێ بەروار، ١٥ )**

گەندەڵی هێندەی تەمەنی دەوڵەت کۆنە، لەبەر ئەوە ململانێش بۆسەر کوتکردنی کۆنە، شان بە شانی گەشە کردنی ئابووریو پەرە سەندنی دەست تێوەردانی حکومەت لە کارو بارە بازرگانییەکانداو بیروکراتیزە کردنی کۆمەڵگە، گەندەڵی زیاتر پەرە دەسەنێت لەبەر ئەوە بووەتە یەکێك لە کێشە هاوچەرخەکانی جیهان. ئاشکرایە کە ئەم دیاردەیە بەرەو ڕوی یۆنانیە کۆنەکان بووە تەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەوان کۆمەڵێك یاسایان بووە بۆ بەربەست کردنی دیاردەکە. زاراوەی گەندەڵی میکیا ڤیلی لە (پۆلیبیا)ی وەرگرتووە کە بە جۆرێك لە تێکدانی هێز ئاماژەی بۆدەکات. بیرۆکەی گەندەڵیو داتەپینی دەسەڵات لە ئینگلتەرا لە سەدەی هەژدە هەمدا لەگەڵ بەرتیلکاری دەستنیشان کراوە.

ئەمرۆ کە زۆرجار وا لە گەندەڵی دەگەین کە بەکار هێنانی نا یاساییو پلەو هێزی کۆمەڵایەتییە بۆدەستکەوتی تایبەتی کەسی. وەك( دێڤد هیوم) ئاماژە بەوە دەدات کە دەوڵەت هێزێکی زۆر گەورەی هەیەو هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی بەرتیلەوە کپ دەکرێن. هاوکات( مۆنتیسکیۆ) بیرو ڕای وابوو کە هەر دەسەڵاتێك بەلای خراپ بەکار هێنان‌دا دا دەشکێنێت، لەبەر ئەوە دەبێت لەڕێی دەسەڵاتێکی ترەوە سنوری بۆ دابنرێت. ئەو بیرو بۆچوونانەی کەلە مێژوی بیری کۆمەڵایەتیدا ئاماژەیان پێدرا ئەوە دەگرنەخۆ کەلە هەر شوێنێك هێزو کاریگەری سیاسی هەبێت، کەم تا زۆر گەندەڵیش هەیە. لەتیۆری سیاسیدا ئەو چەمکە هەیە، کەتاڕادەیەك ڕێکەوتنی گشتی لەسەرە، ئەویش ئەوەیە کە هێزو کاریگەری سیاسی "نابێت بە کڕینو فرۆشتن بێت" هەروەك چۆن ژیانی مرۆڤو هاوسەرگرتنو لە دایکبوونو ئازادی رادەربڕینو کۆمەڵبەستنو خۆشەویستیو هەستی ئاینی. جاروبار لەنێوان ئەو بنەمایانەدا کە بەگشتی پەسەند کراون لە پراکتیزەکردندا جیاوازییەکی گەورە هەیەو خراپ بەکارهێنانی پایە فەرمیو سیاسیەکان لەڕێی یاساوە سزا دراوە. ئەو بنەمایانەی خراونەتە بەرچاو،



هەرچەندە بەگشتی پەسەند کراون، بەڵام ڕێناگرن لە گەشە کردنی گەندەڵیو لە پەرە سەندنو تەشەنە کردنی لەشێوەی دیاردەیەکی بەربڵاوی جیهانی. ئەم ڕاستییە لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە توێژەکان دەی سەلمێننو لە لایەکی تریشەوە ئەو ڕیسواییانەی کەڕۆژانە نەك هەر وڵاتە تازەگەشەسەندوەکان، بەڵکو وڵاتە گەشە سەندووە لیبڕاڵە کانیش دەهە ژێنێت.

**(بیگۆڤیچ و مییاتۆڤیچ ، بێ بەروار، ١٣-١٤ )**

# بەشی یەکەم

- گەندەڵی لە ڕووی زمانەوانییەوە.
- ئامانجەکانی گەندەڵی.
- پێناسەی گەندەڵی.
- مێژووی سەرهەڵدانی گەندەڵی.
- شێوازەکانی گەندەڵی.
- جۆرەکانی گەندەڵی.



## گەندەڵی لە ڕووی زمانەوانییەوە:

گەندەڵی وشەیەکی کوردیە، بەڵام بەکارهێنانی لە جیاتی (فساد)ی عەرەبیو (corruption)ی ئینگلیزی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا شتێکی تازەیەو هێشتا لە عەقڵی خوێنەرو بیسەرو بینەری ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کوردیدا ئەو مانایە نابەخشێ کە لە زمانەکانی تردا دەیبەخشێ، وشەی فەساد کە زۆرتر بە هۆی تێگەیشتنی ئاینییەوە لە ناو ئێمەدا بڵاو بۆتەوە، زۆر جار کە ناو دەبرێ هەندێ کەس یەکسەر مەسەلەکانی (جنس) ی دێتە بیرو بەرچاو، (فەساد)و هاوتا ئینگلیزییەکەیو بەرامبەرە کوردییەکەی، کەمتر پەیوەندییان بە ناموسی مرۆڤەوە هەیەو زۆرتر پەیوەندییان بە ڕەفتاری کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیو داراییو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەسو دەزگاو دامەزراوەکانەوە هەیە.

( ئەمین، ٢٠٠٠، ٢)

گەندەڵی لە وشەی (گەندەڵ ) وەرگیراوە، بەو دارە دەوترێت کە کرم لێیداوەو دەمارەکانی ناو قەدەکەی بڕیوەو توشی نەخۆشی کردووە، لە ڕووی دیمەنی دەرەوەی کەموکوڕی نییە، بەڵام لە ناوەوە داڕزاوەو

بۆش بووە بە بایەك یان پاڵە پەستۆیەك دەكەوێتو لە ناو دەچێت.

## ئامانجەكانی گەندەڵی:

ئامانجی سەرەكی لە ئەنجامدانی گەندەڵی بریتیە لە بەدەستهێنانی قازانجی تاكەكەسیو زۆركردنی داهاتی تاك، جا بۆ یەك كەس یان كۆمەڵە كەسێكی دیاریكراو بێت، بێ گوێدانە ئەو دەرەنجامانەی كە لێی دەكەوێتەوە، بۆ كەسانی تر یان كۆمەڵگا بەگشتی.

**(كۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت www.chawdery.com، ٢٠٠٩، ٣)**



## پێناسەی گەندەڵی :

ئەگەرچی پێناسەی جۆراوجۆرو زۆر بۆ گەندەڵی كراوە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بریتی یە لە ئیستغلالكردنی دەسەلآت لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتدا. **( ئایگن ، ٢٠٠٧،١٥)**

٢- بریتی یە لە (دزی، بەرتیل خواردن، مشەخۆری، شەریك بون لە بەفیڕۆدانی پارەو داهاتی گشتی، بەكارهێنانی پایەوپلەی حزبیو حكومی بۆ دەستكەوتی مادی تاكەكەسی بەتایبەت لە كۆنتراتەكانو پرۆژە گشتییەكاندا). **( تاڵەبانی، ٢٠٠٧، ١٩)**

٣- بریتی یە لە بە هەڵە بەكارهێنانی دەسەلآتی حكومیو حزبی بۆ دەستكەوتی تایبەتی. **(ئەیكەرمان،١٣٢ ،٢٠٠٧)**

٤- بریتی یە لەو پەیوەندیە كە لە نێوان دەوڵەتو كەرتی تایبەت دا هەیە، هەندێ جار بەرپرسەكانی دەوڵەت ئەكتەری سەرەكین، هەندێ جاریش كەرتە تایبەتییەكان بەهێزترین هێزن لە مەیدانەكەدا، دەسەلآتی دانووسانی ئەو گروپانە كاریگەری گەندەڵی لە سەر كۆمەڵگا دیاری دەكاتو هەروەها دابەشكردنی دەستكەوتەكان لە نێوان بەرتیل دەرو وەرگر دەخاتە ڕوو. **(ئەیكەرمان، سەرچاوەی پێشوو، ١٦٣ ،٢٠٠٧)**

٥- بريتييه له گوێنەدان به بنەمای پەیڕەوکاری بەو مەبەستەی ئەو کەسە خۆی یان ئەو کەسانەی پەیوەندیان پێوەی هەیە سود مەند بن لەو ڕەفتارە.)
**(بیگۆڤیچ و مییاتۆڤیچ، سەرچاوەی پێشوو، بێ بەروار ،١٥ )**

٦- بريتی يە لەوەی کە ئەوکەسەی ئەرکێکی لە سەرشانەو بە تەواوی جێبەجێی ناکات جالە هەرئاستێدا بێت فەرمانبەرێکی سادە بێت یان بەڕێوەبەر یان چاودێرەکانو وەزیرەکان بنوە یان ئامانەتێکی هاولاتی لە دەستدا بێتو لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتاکانی خۆیدا بەکاریان بێنێت. وەیان کۆسپو تەگەرە لە بەردەم بەرەو پێش چوونی ولات دابنێن . **(محەمەد، ٢٠٠٧ ، ١ )**

٧- بانکی نێودەوڵەتیش گەندەڵی بەخراپ بەکارهێنانی پۆستی گشتیی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەت پێناسەدەکات.

**(عربية ابن علي، ٢٠٠٩ لە www.chawdery.com ، وەرگیراوە)**

٨ - گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانییەو هیچ کۆمەڵگەیەك، لە سایەی هیچ سیستمێکدا ناتوانێ لە گەندەڵیو ئاسەوارەکانی پارێزراو بێ، بە گشتی لە



ئەنجامی گەندەڵیدا شتێك پێشێل دەکرێت، ئەم شتە رەنگە بنەمایەك، لایەنێك، یان شێوازی ئەخلاقی، یان یاسایی، یان ڕێوشوێنی ئیداری بێت، پێناسەی زۆر بۆ گەندەڵی کراونو خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو پێناسانە ئەمەیە: لە چوارچێوەیەکی گەندەڵدا مافی کۆمەلایەتی، ئابووریو سیاسی هاوولاتیانو مافی ڕەوای تاكو گروپ بە ئاسانی پێشێل دەکرێت یان بە کەسو گروپی تر دەدرێ، بەلام بە گشتی گەندەڵی ئاماژەیەکە بە هاندانی بە هەڵەی تاکەکەس لە رێگەی پێدانی بەرتیل یان ئامرازە نایاساییەکانی تر.
**(مێهدی مێهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١ ، ل٢٥)**

٩ - ( جەیمز سکات) پێی وایە گەندەڵی ئیداری رەفتارێکە کە تاکەکەس بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیو گەیشتن بە خۆشگوزەرانی زیاتر یا پێگەی باشتر ئەنجامی دەدات. **(مێهدی مێهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١ ، ل٤٤)** ئەگەرچی پێناسەی جۆراوجۆرو زۆر بۆ گەندەڵی خراوەتە ڕوو، بەلام ڕوخسارێکی هاوبەشی تەواوی ئەم پێناسانە ئەوەیە کە لە (ژینگەی گەندەڵی) دا مافە کۆمەلایەتی، ئابووریو سیاسییەکانی هاوولاتیان لە بەرچاوناگیرێت، یا مافی تەواوی تاکەکەس یان گروپێك بە ئاسانی ڕامالّ

دەكرێت یان بە ناهەق دەدرێتە كەسێكی تر یان كەسانێكی تر، هەروەها هەندێ لە ڕەهەندە كردەییەكانی گەندەڵی، ڕێژەیی بووەو پەیوەندیدارە بە سیستەمی بەهای هەر كۆمەڵگایەك یاخود ڕێكخراوێك. هەروەها گەندەڵی هەوڵێكە بۆ بە دەسهێنانی سامانو دەسەڵات لە ڕێگای نایاساییەوە، قازانجی تاكە كەسی لە بەرامبەر قازانجی گشتی، یان سود وەرگرتنی خراپ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ بەرژەوەندیی تاكە كەسو ڕەوشتێكی دژ بە نەریتی كۆمەڵایەتییە كە ئیمتیازو تایبەتمەندییەك لە دەرەوەی ڕێساو یاساكان سەرەڕۆییانەو بە پێچەوانەی فۆرمە ئاكاریو یاساییەكان دەبەخشێتو دەسەڵاتی چاككردنی بوارەكانی ژیانی خەڵك لاواز دەكات. **(ڕەبیعی ،٢٠٠٥ ، ٣٢)**

بەپێی ئەو پێناسانەی كەبۆ گەندەڵی كراون، گەندەڵی شتێك نییە جگە لە سود وەرگرتنی خراپ لە سامانو دەسەڵاتی گشتی بۆ بەرژەوەندی تاكەكەسیو دەبێتە هۆی پێكهێنانی سیستەمێكی چینایەتیو نابەرانبەرو بە فیڕۆدانی سامانو سەرچاوە گشتییەكانو بەربەستێك لە ڕێی پەرەسەندنی كۆمەڵگاو پێشكەوتنیدا دروست دەكات.



**(ڕەبیعی ،سەرچاوەی پێشوو ، ٢٠٠٥، ٤)**

## مێژووی سەرهەڵدانی گەندەڵی

گەندەڵی دیاردەیەكی نوێ نییەو (٢٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش (كۆتی لیا) ی سەرۆك وەزیرانی پادشاییەكی هیندی لە كتێبەكەی خۆیدا باسی لە كێشەی گەندەڵی كردووە، (ئیبن خەلدون)ی بیرمەندی ئیسلامی بایەخی بە گەندەڵی بەڕێوەبردن داوەو فاكتەرە سەرەكییەكەی بە پەیوەندی توندی چینە دەسەڵاتدارەكان بە ژیانی ڕوو كەشەوە ناوزەند كردووە. **(خوسرەوی ، ٢٠٠٧،١٦٣)**

گەندەڵی داراییو بەڕێوەبردن بە درێژایی مێژوو لە كۆمەڵگاكاندا دەستیپێكردووە و گەشەی كردووە، مەسەلەكەش هیچ پەیوەندی بە ئایین یان مەزهەب یان كاتێكی دیاریكراوەوە یان میللەتێكەوە نی یە، بەڵكو هەر لە دێر زەمانەوە هەبووەو لە گەڵ پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا پەرەی سەندووە و لە گەڵ پەیدا بوونی حكومەتو دامەزراوەكان بەردەوام بووەو لە گەڵ تازە بوونەوەیان دا ئەویش خۆی تازە دەكاتەوە، ئەو یاساو ڕێسایانەش كە بۆ

بەگژاچـوونەوەی دانـراون نەبوونەتـە ڕێگـر لـە بەردەمیدا، چونکە لە هەر کوێیەك گروپێکی مرۆڤ هەبێت ئەوا چاکەو خراپەش هەیەو لە نێویاندا گەندەڵیی بە هەموو جۆرو شێوازەکانیەوە هەیە، بەڵام بەپەرەسەندنی ڕێساو یاساکان لە کۆمەڵگا مەدەنیەکانداو پەیدابونی چاودێری جەماوەریو دامەزراندنی چاودێری داراییو کارگێڕی، بارودۆخەکە لە هەندێك دەوڵەتدا تا ڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پەیدا بوونو چاودێرییان بە سەر دامەزراوە حکومیەکانو دامەزراوەگشتیەکاندا کردووە، لە سایەی ئامرازە هاوچەرخەکانو تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوشدا هەموو کەسێك دەتوانێت ئەوڕاپۆرتانە بخوێنێتەوە کە ئەو ڕێکخراوانە هەوڵدەدەن ساڵانە بەوپەڕی شەفافیەتەوە بڵاوی بکەنەوە. **(سلكان ، ٢٠٠٧،١)**

تیمێکی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری هۆڵەندی ساڵی ١٩٩٧ لە ناوچەی (داکای سوریا) چەند تابلۆیەکیان دۆزییەوە کە نوسینی بزماری لەسەری نوسراو بوو شوێنەکە شوێنی بەڕێوەبردنو هاوتای (فەرمانگەی ئەرشیفی چاودێری ئێستا)یە کە فەرمانبەران گەندەڵیان کردووەو لەکاری بەرتیل وەرگرتنەوە



تێوەگلاون. هەروەها هەندێ تابلۆی (هندی ) کە پاشماوەی شارستانیەتی هیندیەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ(٣٠٠ ساڵ) پێش زایین ئەم دەستەواژەیەی لەسەر نوسرابوو: (مەحاڵە مرۆڤ چێژی هەنگوین یان ژەهر نەکات کاتێك زمانی بەری دەکەوێت) **( فارس ، ٢٠٠٩ ، ١)**

هەروەها گەندەڵی لەزۆربەی بوارەکانی وەك سیاسیو ئابووریو بەڕێوەبردنو لە هەموو ئاستەکان ئەنجامدەدرێت، جا ئەو کەسە لە پۆستی باڵا بێت یان کارمەندێکی ئاسایی بێت. هەروەها ئەنجامدانی گەندەڵی هەندێ جار بەئاشکرایەو هەستی پێ دەکرێت، وەك پێشکەشکردنی بەرتیلو وەرگرتنی، یان شاراوەیەو کەس تێبینی ناکات وەك دزینو وەرگرتنی زانیاری تایبەت بەکەمکردنەوەکان... هتد وەقورسەبتوانرێت هەموو ئەو بوارانە دیاری بکرێت کەگەندەڵی تێدا ئەنجامدەدرێت،بەڵام گرنگترینیان:-

( کەمکردنەوەکانو کڕینو فرۆشتنی نایاساییو موڵکی گشتیو دارایی گشتیو گرتنەدەستی کارێكو دامەزراندنی خەڵکە لە ڕێگەی ناسیاویەوە **(کۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت، www.chawdery.com ، ٢٠٠٩، ٥)**

## شێوازەکانی گەندەڵی:

بێگومان گەندەڵی شێوازی زۆری هەیە، کە هەموو یان بەشێکیان لە یەکتردا کۆدەبنەوە، ئەمانەش بەشێکن لە شێوەکانی گەندەڵی:

**(کۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٩ ، ٦).**

١- فێڵکردن، بەرتیل، دزیکردنو درۆکردن.

٢- قۆستنەوەی دەسەڵاتو خراپ بەکارهێنانی.

٣- بردنی ماڵی دەوڵەتو بە فیڕۆدانی.

٤- هەڵهاتنو خۆشاردنەوە لە دانی باج.

٥- بێ متمانەییو دەست پیسی.

٦- نێوەنکاریو وەرگرتنی زانیاری بۆ بەرژەوەندی کەسانی تر بەرامبەر شتێك یان رێژەیەك لە قازانج یاخود دەستکەوتنی رێژەیەك لە گرێبەستەکان.

٧- پێشخستنی کەسێکی خۆی یان خزمێکی بەسەر کەسێکی تردا لە گرێبەستو دامەزراندندا، بێ گوێدان بەو زیانانەی کە بەر بەرژەوەندیو خەزێنەی دەوڵەت دەکەوێت.

٨- لە بەرچاونەگرتنی ڕێوشوێن و پێوانەی لێوەشاوەیی لە دامەزراندنو بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران.



٩- کەڵك وەرگرتنی تاکەکەسی لە کەلوپەلی دەوڵەت وەك: ئۆتۆمبیلو ئامێرە جۆراوجۆرەکانو... هتد

١٠- ڕاپۆرتی درۆ و نادروستو بە فیڕۆدانی کات لە فەرمانگەکان.

١١- بێ سەروشوێنکردنی دۆسیەو بەڵگەنامەی حکومەتو هاوڵاتی.

١٢- بەکارهێنانی ماڵو موڵکی دەوڵەت بۆ بەرژەوەندی تاك یان دەزگایەك یان گروپێك.

لەگرنگترینی شێوازەکانی گەندەڵی (بەرتیل) وەرگرتنی پارەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن کارمەندێك یان لێپرسراوێك لەکەرتی تایبەت یان گشتی بۆ ئاسانکاری کردنی بەشێكو ڕایی کردنی کاری کۆمپانیاکانو دەست بەسەراگرتنی (داهاتی گشتی)و بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەرزی دەسەڵات بۆ کەسوکارو خزمو بنەماڵە لەداگیرکردنی شوێنی وەزیفی بۆیان بەبێ ئەوەی شایانی ئەو شوێنە بن. (ئەم شێوە گەندەڵیانە لەپێناسەی زاراوەیدا بە (گەندەڵی بچوك) لەقەڵەم ئەدرێن، هەر ئەمەیش ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەرزبونەوەی ڕادەی گەندەڵیو دروستبونی شێوازەکەی تر کە وێرانکەرو بێزارکەرو نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوەو پێی دەوترێت (گەندەڵی گەورە) کە

کار لەسەر دەسکەوتە گەورەکان دەکات لەسەر ئاستی فراوان لەبوارەکانی بازرگانی چەك‌و بوارە قەدەغەکراوەکان دەردەکەوێت.

**(عبدالرزاق،٢٠٠٩، ٢ ، لە www.chawdery.com وەرگیراوە)**

هەروەها هەندێ لە لێکۆڵەران بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی گەندەڵی پێنج شێوازی تریان بۆ لێکۆڵینەوەی گەندەڵی هێناوەتە بەرباس، هەرچەندە ئەو شێوازانەی پیشتر ئاماژەیان پێکرا لە گەڵ ئەم پێنج شێوازەی خوارەوە لە هەندێ خاڵدا چەمکی هاوبەشیان هەیە، ئەم پێنج چەمکەش بریتین لە: **(ڕەبیعی یەکەم، ٢٠٠٥، ٢٣):**

١- شێوازی خەرج‌و سود

٢- شێوازی بێ بەش بوونی ڕێژەیی

٣- شێوازی بەرژەوەندیخوازی

٤- شێوازی خاوەنکار

٥- شێوازی پشتگیریکار.



## جۆرەکانی گەندەڵی

توندترین جۆرەکانی گەندەڵیی لەڕووی زەرەرمەندییەوە لەولاتە تازە پێگەیشتووەکاندا ڕوودەدەن، بەتایبەتیش ئەو ولاتانەی ڕێکخراوی ناحکومی تێداکەمە، هەروەها ئەوانەی هێشتا دامەزراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی تیایاندا پێنەگەییوەو قەدەغەیە، چونکە ئەم ڕێکخراو و دامەزراوانە یارمەتیدەرن بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵیی، هەروەك لەولاتە پێشکەوتووەکاندا دەبینرێت.

**( زیاد عربیة ابن علي ٢٠٠٩ له www.chawdery.com)**

هەندێ لێکۆڵنەوە، لەڕوانگەیەکی گشتییەوە چەمکی گەندەڵی بەم جۆرە پۆلێن بەندی دەکەن کە بریتین لە: **(ڕەبیعی ،٢٠٠٥، ٣٩)**

١- **گەندەڵی سیاسی.**

٢- **گەندەڵی ئابووری.**

٣- **گەندەڵی کارگێری.**

٤- **گەندەڵی یاسایی.**

٥- **گەندەڵی لە هەڵبژاردندا.**

١- **گەندەڵی سیاسی** : ئەم جۆرە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی سیاسیدا دێتەئاراوە، ئەم گەندەڵییە کاتێك ڕوو دەدات کە سیاسەتمەداران‌و بڕیاردەرانی سیاسی لە باتی ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی یاساکان خۆیان گەندەڵن. (**ڕەبیعی،سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥ ، ٣٩)** .

گەندەڵی سیاسی پێچەوانە، کەڵك وەرگرتن لە هێزی سیاسی لەئاراستەی بەرژەوەندییە تایبەتی، بە گەندەڵی سیاسی ناوزەند کراوە، لەبنەڕەتیشدا گەندەڵی سیاسی‌و دەسەڵات هاوتەریبی یەکترن‌و گەندەڵی سیاسی لەدایکبووی دەسەڵاتی سیاسی یان ململانێ‌و کێشمەکێشمی سیاسی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتە، لەم بەشەدا چوار بواری سیستەمی کارگێڕی‌و بیرۆکراسی‌و پیاوانی سیاسی‌و حیزبە سیاسیەکان‌و دەزگای دادوەری ئەگەرەکانی ئالۆدەبوون بەگەندەڵیان لێ چاوەڕوان دەکرێت. سەبارەت بە سیستەمی کارگێڕی‌و دەزگای بیرۆکراسی هێندە بەسە کە بڵێین، ئەم سیستەمە پردی پەیوەندی نێوان خەڵك‌و دەسەڵاتەو بە چەشنێك هەبوونی گەندەڵی لەم بەشەدا، نیشانەی جێگیرنەبوونی کەلتووری سیاسی ڕەسەنە لەو کۆمەڵگایە. گەندەڵی لەبواری پیاوانی سیاسی لەدوو



ڕێگەوە شیاوی لێکدانەوەیە، پێچەوانە کەڵك وەرگرتن لەدەسەڵات‌و هەروەها کەڵك وەرگرتن لەم هێزە بۆ کۆکردنەوەی سەروەت‌و سامان بۆخودی تاکی سیاسی‌و دەوروبەرەکەی، دەکرێ وەك گەندەڵی پیاوانی سیاسی ناوی لێبنرێت. حیزبەسیاسییەکان لەسەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهان، نوێنەرایەتی هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن‌و هەریەك لە حزبەکان لەئاراستەی چین یان توێژێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا هەنگاو دەنێت، لەوساتە وەختەی کەحیزبە سیاسیەکان زیاتر لەچوارچێوەی یاسایی دەترازێن‌و بۆ بەدەست هێنانی سەرچاوەی ئابووری دەکەونە ململانێ، بە گەندەڵییەوە ئالودە دەبن. بۆبەشی دەزگای دادوەریش دەکرێ باس لەم بابەتە بکرێت کەنەبوونی دادپەروەری جیاوازی لەنێوان تاکەکان دەتوانێ هێماکانی گەندەڵبوون بەدەستەوە بدات، بەگشتی سەرجەمی ڕەهەندەکانی گەندەڵی دەتوانێ سەقامگیریی‌و ئاسایشی وڵات بەرەو لێکترازان بەرێت، گەندەڵی وەك گەورەترین بەربەستی گەشەی کۆمەڵگادا ڕۆڵ دەگێڕێت‌و لە چەشنی پەتا، کارو میکانیزمە ئاساییەکانی کۆمەڵگا توشی ئیفلیجبوون دەکات. (**سەلیمی،٢٠٠٩، ٨**)

گەندەڵی سیاسی واتە کەڵك وەرگرتن لە دەسەلاتی سیاسی بەمەبەستی دابینکردنی ئامانجی تاکەکەسیو گروپو حزب  بە شێوەویەکی نارەوا.

گەندەڵی سیاسی چڕ دەبێتەوە لە:

١- دزینو بە تالان بردنی سامانی گشتیو بودجەی دەوڵەت.

٢- بەکارهێنانی ئیمتیازاتی دەوڵەت بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن یان بۆ خزمەتی خزمو کەسوکار، خێڵ، بنەماڵە، حزب، یان گروپێکی دیاری کراو.

٣- بوون بە شەریك لە پرۆژە گشتییەکان.

٤- دەرکردنی بڕیاری نوێ بە قازانجی گروپێکی دیاریکراو.

٥- دەست تێکەلاوکردن لە گەڵ کۆمپانیاکان.

٦- فرۆشتنی مۆڵەتەکانی وەبەرهێنان، بازرگانی، دانانی کارگە، هاوردن، هتد

٧- بەخشینی هەندێ کەسو گروپ لە باجو گوێ نەدان بە پەیڕەوکردنی یاساو رێساکان لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژە  و ....



٨- تەزویر لە هەڵبژاردن یان بەخشینی پارە بە دەنگدەران یان هاندان بۆ تەزویر.

ئیستا ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە (١٩٠ وولاتی جیهان) کادری چالاکی مەشق پێکردووە، بۆ ئەوەی وەك تۆڕێکی ڕایەڵە کراو دژ بە گەندەڵی کاربکەن. هەروەها ئەمڕۆ کۆمەڵێك ئامرازو هۆکاری کاریگەر پەیدا بووە و گەشەیان کردووە، کە بە وردی چاودێری کردنی سیاسەتمەدارانو بڕیار بەدەستانو کارەکانیان ئاسان دەکات. لەساڵی ٢٠٠٤دا پێوەرەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی وەك ستانداردێك بەکارهێنراوە لە بوارەکانی خەرجکردنو تێچوونی ڕاپەڕاندنی کارەسیاسییەکاندا، بەسووربوون لە سەر رۆڵبینینی کۆمەڵی مەدەنی لە بواری دیزایینو چاودێری ڕێساکانی دارایی، ئەم پێوەرانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی هەورازی پرنسیپو ڕاسپاردە جیهانییە ستانداردەکان دەکەون. لێرەوە سیستەمەسیاسییەکانی دنیاو پارتەسیاسییە بە هێزەکان، زۆر پێویستیان بە دامەزراوەو پێکهاتەکانی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەك چاودێرێك دەبێت. بەبەراورد لە گەڵ ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەمڕۆ بە

ئەقڵێکی چاکسازی خوازانەوە کاردەکەن، نوخبەیەکی گرنگ پێکدەهێنن‌و دەبن بە هەوێنی گۆڕانکاری لە دنیای سیاسەت‌و دەسەڵاتداو لە بەرامبەر ڕای گشتی‌و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا جێگەی سەرنج‌و هەڵوێست دەبن، لێرەوە مامەڵەکانی هەڵمەتەکانی پارە کۆکردنەوەو دارایی حزبی‌و چۆنیەتی پەیداکردنی پارە لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوەو ئەو لەمپەرانەی دەخرێنە بەردەم بە دادگایی کردنی سیاسەتمەدارە گەندەڵەکان‌و کڕینی دەنگ‌و چاودێری کردنی هەڵبژاردن‌و ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا گرنگی خۆیان دەبێت‌و جێی سەرنج دەبن. ( ئامادەکردنی ماڵپەڕی چاودێری، ٢٠٠٩) . گەندەڵی سیاسی وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی ڕەوشتی سیاسی کە بەرپرسی حکومی بەبێ گوێدانە یاساکان‌و پێڕەوە کار پێکراوەکان دەیکات، بۆ دەستکەوتنی سودی مادی یان مەعنەوی بۆ خۆی، ئەوە ئەم تایبەتییانەی هەیە. **(ئەلناسر ،٢٠٠٥ ، ٤٧):**

١- پیادەکردنی ئەرکەکانی وەزیفەی گشتی بە شێوازێکی بیرۆکراتی بە گوێرەی پێوەری دیاریکراو.

٢- سەرپێچی کردن لە بنەما ڕێکخەرەکانی وەزیفەی گشتی.



٣- وەدەستهێنانی سودی تایبەتی لە سەرپێچی کردنی گشتی.

٤- دانانی بەرژەوەندی تایبەتی لە سەرووی بەرژەوەندی گشتییەوە.

٥- هەبوونی دوو دیو لە هاوکێشەی گەندەلیدا، فەرمانبەری حکومی و داواکاری خزمەت.

بە دیاریکردنی ڕووکارەکانی گەندەڵی سیاسی، شارەزایانی بەڕێوەبردن لەم سێ ئاستەدا پۆلێنیان کردووە :

ا- گەندەڵی سەرۆکایەتی : ئەم جۆرە گەندەڵییە لوتکەی هەرەمی سیاسی دەگرێتەوە، واتە ئەو سەرۆك‌و فەرمانڕەوایانەی دەسەڵاتەکانیان بەکار دەهێنن بۆ وەدەستهێنانی سودی تایبەتی. ئەم جۆرە ترسناکترین جۆری گەندەڵییەو لە هەندێ وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا بڵاوە. تۆمارگەی هەندێ سەرۆکیش پڕە لە تاوانکاری دارایی‌و ناڕەوا بەکارهێنانی دەسەڵات‌و دەوڵەمەند بوون بە شێوەی ناڕەوا، هەر بۆ نموونە سەرۆکی پێشوتری هایتی (جان کلور دوڤالییە ) ٤٥٠ ملیۆن دۆلاری لە گەنجینەی دەوڵەت دزی‌و بە فڕۆکەکەی ڕایکرد بۆ تاراوگە، بەر لە ڕاکردنەکەشی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری لە بانکە

بیانییەکاندا هەبوو، ئەم بڕە پارەیەش هیچ نییە لە چاو ئەو دزی یەی کە (مارکۆسی) سەرۆکی پێشووتری فلیپین کردی، بەر لەوەی ڕابکا CIA سامانەکەی بە نزیکەی (٣ ملیار دۆلار دەخەملاَند)، ئەمەش یەکسان بوو بە نیوەی بودجەی گشتی فلیپین، ڕاپۆرتەکانیش وایان باسکرد کە سامانەکەی مارکۆس لە نێوان (١١- ٣٠) ملیار دۆلار دایە. لە مەکسیکیش کە نموونەیەکی ئاشکرای گەندەڵی ڕامیارییە زۆربەی قەرزە دەرەکییەکانی گواسترانەوەی بۆ حسابی گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە لە بانکە بیانییەکاندا. (سۆهارتو) ی ئەندونیسیاش کە نزیکەی ٣٢ ساڵ حکومی کرد خۆیو خێزانەکەی وەکو پەند دەهێنرێنەوە لە قۆرخکردنو زاڵبوونو خزمایەتیو هەواداری.

زۆربەی ئەو سەرۆکانەش سەر بە جیهانی سێیەمن * وە ماوەی حکومڕانییەکەیان درێژەو بواریان پێدەدات گەمە بە چارەنوسی وڵات بکەنو دەرامەتەکانی بە فیڕۆ بدەنو سامانەکانی بدزن، لێرەوەو گەندەڵی سیاسی

* زاراوەی جیهانی سێهەم،زاراوەیەکی سیاسییە بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٤٩ لە لایەن سەرۆك (ماوتسیتۆنگ) بەکارهاتووە کە سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی چین بوو.



کەسی سەرۆکەکان تێدەپەڕێتو دەگاتە ژنو مناڵەکانیانو خزمو هاوڕێو ناسیاوەکانیان. ئەم باڵادەستانە لە درێژەی گەندەڵکارییەکانییاندا هەڵدەستن بە : -

١. دەستدرێژکردنە سەر دارایی گشتیی وەك ڕاکێشانی قەرز لەبانکەکانی مولکی دەوڵەت بەسوودی کەم، یان ئاسانکاریی بۆ بزنسمانەکانی کەرتی تایبەت کە قەرز بەسوودی کەم بەدەستبهێنن بەبێ بوونی بارمتەی پێویست لەبەرامبەر دەستکەوتنی پشكو بەرتیل.

٢. دەستگرتن بەسەر هەندێك مولکی گشتیدا لەڕێگەی ساختەکردن لەدۆکیۆمێنتە فەرمییەکان، یان بەکرێگرتن بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەرامبەر کرێیەکی کەم.

٣. هەڵدەستن بەناردنی پارەی وڵات بۆ دەرەوەو تۆمارکردنی لە بانکەکاندا بە ناوی کەسە نزیکەکانیانەوە، بۆ وەبەرهێنانی یان لەشێوەی پارەی دانراو لەو بانکانە لەبەرامبەر وەرگرتنی سوودی بەرز، یان بەکڕینی پشك لەکۆمپانیا بیانییەکان، یان کڕینی خانوبەرە.

**٤.	هەڵدەستن بە ونکردنو گۆڕینی بەشێکی زۆر لەو هاوکارییو قەرزانەی کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان پێیانی دەیبەخشن بە مەبەستی پتەوکردنو کاراکردنی ئابووری وڵاتەکەیان، ئەمجۆرە دزینی پارەیە لەخراپترین جۆرەکانی دزییە بەهۆی کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر ئابووری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان.**

**ب- گەندەڵی دامەزراوەیی: ئەمەیان هەندێ لە ئەندامانی هەر سێ دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە، ترسناکترینیان گەندەڵی وەزیرەکانو گەورە بەڕێوەبەرەکانو نوێنەری پارتە سیاسییەکانو ئەندامانی پەرلەمانە، وەکو کێشەی ((نوێنەرانی قەرزەکان )) کە لەم دواییەدا خرایە بەردەم دادگای میسریو چوار پەرلەمانتارو وەزیرێکی پێشوو لە پارتی نیشتمانی فەرمانڕەوا بە گەندەڵی دارایی تاوانبار کران، چونکە ئاسانکاری بانکیان وەرگرتبوو دەگەیشتە (١ ملیار جونەی). لە ترسناکیشدا دوای گەندەڵی پەرلەمانی، گەندەڵی وەزاری دێت کە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت بە نیشانکردنی ئاستی ژیانیان، کە بەرزترە لەو مووچەیەی وەریدەگرن.**

**گەندەڵی وەزاریش ناڕەوا بەکارهێنانی وەزیرەکان بۆ دەسەڵاتەکانیان پیشان ئەدا لە وەدەستهێنانی سودی**



**تایبەتی ڕێپێنەدراو، حکومەتیش لەوێوە کەشی گەندەڵی دەقۆزێتەوە بۆ تەزویری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان، لەو کاتەشدا ئەندامانی گەیشتوو بە پەرلەمان بە ڕێگای پێچاوپێچ زۆرتر ئامادەی ناڕەوا بەکارهێنانی دەسەڵاتەو مەیلی زۆرترە بۆ گەندەڵکاری، گەندەڵی حزبیش تێپەڕاندنو لەفکردنی حزبەکانە بۆ بنەماکانی گەمەی سیاسی وەکو سیخوڕی لە سەر بەرهەڵستکارو داپڵۆسینی، سەربازی بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن حزبییەکانەوە بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی ڕێپێنەدراو وەکو بازرگانی بە شمەکی خواردەمەنی لە بازاڕی ڕەشداو بەخشینەوەی ئەو شمەکانەی کەمن لە بازاڕدا بە سەر خزمو هاوڕێو ناسیاواندا.**

**ج- گەندەڵی بەڕێوەبردن: ئەمەش فەرمانبەری بیرۆکراتی لە بەرپوەبەرایەتییەکانی دەوڵەت لە ئاستەکانی ناوەڕاستو خوارووی هەرەمی کارگێڕیدا دەیکەن، زۆر جاریش لە کێشەی گەندەڵی بچوك تێناپەڕێ کە دوو لایەن پێی هەڵدەستن داواکاری خزمەتو فەرمانبەری حکومی، بۆ ئاسانکردنو تەواو کردنی ئیشوکاری لایەنی یەکەم، لایەنی دووەم بەرتیل وەردەگرێ لە ژێر ناوی (ڕێزلێنان)و (بەخشین)**

بەگژاچوونەوەی ئەم جۆرە گەندەڵییەش ئاسانە بە ئاسانکردنی یاسا کارگێڕییەکانو توند جێبەجێکردنیو چاودێری کردنیشی سەرباری زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بۆ ئەوەی پاکانە(پاساو) نەبیننەوە بۆ سەرپێچی کردن. **(ئەلناسر،سەرچاوەی پێشوو ، ٢٠٠٥، ٤٨-٥٠)**

بۆ کورتکردنەوەی ئەم باسە سێ تەوەری سەرەکی هەیە لە دیاریکردنی ڕووداوی گەندەڵی سیاسی، کار لە ئارەزووی بەرپرسە سیاسییەکان دەکەن بۆ پەسەند کردنی بەرتیلو هەڵمەتە نایاساییەکانی دارایی، هەروەها کار لە لێبوردنی دەنگدەران لەو جۆرە بەرتیلانە دەکەن، هەروەها کار لەو ئاروزووە دەکەن کە پارە دەدەن بە گروپە دەوڵەمەندەکان.

**( ئەیکەرمان، سەرچاوەی پێشوو ٢٠٠٧،١٩٢)**

**تەوەری یەکەم :** بەرپرسە سیاسییەکان هەموو سودو دەستکەوتێك لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دابەشدەکەن بە سەر کەسە نزیکەکانیاندا.

**تەوەری دووەم :** توانای گروپە دەوڵەمەندەکانە بۆ بە دەستهێنانی ئەو سودانە بە شێوەیەکی نایاسایی.

**تەوەری سێیەم:** سەقامگیرییەکی کاتی هاوپەمانێتییە سیاسییەکانە، تا سەقامگیری ڕەنگە لە



پێشبڕکێ لە سەر دەستکەوتەکانی پلەو پۆست سەرهەڵبدات. بەلاّم ئەو حکومەتانەی کە کۆمەڵگاکانیان لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە دابەش بوونە دەتوانن ناسەقامگیربن، ناسەقامگیری دەتوانێت بەرپرسە سیاسییەکانو بەرژەوەندییە دەوڵەمەندەکان هان بدات بۆ بە دەستهێنانی هەر یەکێك یان هەموو ئەو تەوەرانە.

بۆیە سیستمەکە دەتوانێت وا لە بەرپرسی سیاسی بکات چەند هەڵبژاردنێکی تایبەتی بکات، یانیش سیستمی هەڵبژاردن دەکرێ لە ڕووی پێکهاتەوە بگۆڕێت تا پاڵنەرێکی گەورەتر بە بەرپرسە سیاسییەکان ببەخشێت، لایەنگرەکانیان رازی بکەن.

هەڵمەتە مەدەنیو ڕۆشنبیرییەکان دەتوانن دەنگدەر ڕۆشنبیر بکەنو داوای سودی گشتی بکەن لە سیستمی سیاسی، نەك دەستکەوتە کەسییەکان، ئەمە وا لە گەندەڵی دەکات کە تەنیا بەلای گرووپە تەسکەکاندا بچێت، بەلاّم پەسەند کردنی بەرتیلیش دروست دەکات، ئەمەش ستراتیژیەتێکی مەترسیدارە بۆ پیشەی بەرپرسێکی سیاسی، لە هەمانکاتدا چاکسازی دەتوانێت سەقامگیری زیاتر بەرهەم بێنێت بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی سیستمێکی ئۆتۆکراتی، بەرپرسەسیاسییەکان

دەبێ نیگەران بن لە دۆڕاندنی پلەو دەسەلاّت، بەلاّم دەشبێ باوەڕیان بەوە هەبێت کە هەڵبژاردنەوە رێی تێ دەچێت، گەر ئەو دابەشبوونانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیری بوەستنە سەر دابەشبوونی کۆمەلاّیەتیو ئایدیۆلۆژی ئاوا چاکسازییەکان دەبێ پاڵنەرێك بن بۆ بەرپرسە سیاسییەکان بۆ پێکەوە ژیانو ڕای جیاجیا واتە فرە گروپی لە نێو کۆمەلگادا.

دەکرێ گەندەڵی بە شێوازێکی ناڕاستەو خۆ بە هۆی سنوردار کردنی دەسەلاّتی سیاسی کۆنترۆڵ بکرێت، وە هەروەها دەبێ ڕێگای تر بگرنەبەر بۆ بە خۆدا چوونەوە  چونکە گەر هەموو خەڵك دەنگی کردەیەكو بە یەکەوە نارەزایی دەربڕن ئەوا دەتوانرێت گرفتەکە سنوردار بکرێت.

**(ئەیکەرمان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٧،١٦٣)**

## ٢- گەندەڵی ئابووری:

پێشێلکردنی یاسا هەنوکەییەکان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و قازانجی تایبەتی، بەگەندەڵی ئابووری ناوزەد دەکرێت، هەروەك زۆربەی پسپۆڕانی ئەم بوارەش لەوبڕوایەدان کە گەندەڵی ئابووری، کۆمەڵگە بەرەو لێکترازانی سیستەمی سیاسی دەبات. گەندەڵی



ئابووری وەك هۆکارێکی سەرەکی لەدابەزینی سەرمایەگوزاریو لە ئەنجامدا لەفۆرمی گەشەنەسەندوی ئابووریدا ڕۆڵ دەگێڕێت، ئەم چەشنە لەگەندەڵی، چالاکییە ئابورییەکان لەفۆرمی بەرهەم هێنان بۆچالاکی نهێنیو (رانتی) ڕێنوێنی دەکاتو دەبێتە هۆکارێکی مەزن بۆ پێکهاتنی مافیا گەلێکی ئابووری بەهێز. بلاّوبونەوەو تەشەنە سەندنی گەندەڵی ئابووری بە هۆکارێکی بەهێز، ئەویش ڕێنوێنیکردنو بەدەستەوە گرتنی ئابووری کۆمەلگا لەلایەن دەولەتەوە گرێدراوە، لەڕاستیدا دەولەت گەورەترین ڕۆڵدەگێڕێت لە گەندەڵی ئابووریدا گەندەڵی ئابوویش لەئابووری دەولەتییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئاستی ئەم گەندەڵییەو ڕادەی بەربلاّوی ئەم چەشنە لە گەندەڵی بەڕادەو ئاستی ڕۆڵی دەسەلاّت لەئابووریدا گرێدراوەتەوەو ئەم گریمانەیە، خاڵێکی لێکچو بۆ هەموو ئەو سیستەمانەیە کەئابووری دەولەت دەکاتە مۆدێلێك بۆ ڕاپەڕاندنی ئابووریی کۆمەلگا.

### ٣- گەندەڵی کارگێڕی:

ئەم گەندەڵییە لە بەشەکانداو لە بەڕێوەبەرایەتییە دەوڵەتییەکان یان لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا ڕوودەدات، ئەم گەندەڵییە دیاردەیەکە کە هاووڵاتیان ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەکاندا لەوانە نەخۆشخانە، خوێندگاو فەرمانگە دەوڵەتییەکانی دەرکردنی مۆڵەت، پۆلیس‌و نوسینگەکانی باج‌و ...هتد بەرەو ڕووی دەبنەوە.

**(رەبیعی، سەرچاوەی پێشوو ٢٠٠٥، ٣٩)**

( جەیمز سکات) پێی وایە گەندەڵی ئیداری ڕەفتارێکە کە تاکەکەس بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی‌و گەیشتن بە خۆشگوزەرانی زیاتر یا پێگەی باشتر ئەنجامی دەدات.

**( مێهدی مێهرپەروەر ، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١ ، ل٤٤)**

گەندەڵی کارگێڕی: ئەوپاداشتە ناڕوایانەی کە بەمەبەستی کەڵك وەرگرتنی پێچەوانە لەئەرکەکانی ڕادەستی تاك یان گروپێك دەکرێت، بەگەندەڵی ئیداری ناوزەدکراوە ئەم بابەتە لەئاراستەی کەڵك وەرگرتن لەدەسەڵاتی گشتی بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی تایبەتی کارگێڕی لە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی



تایبەتی، پەیوەندی خێزانی‌و هەتا دواتر بەدەستدێت. گەندەڵی کارگێڕی لەڕێگەی ڕێنوێنیکردنی ناشازی بەهرەکان‌و سەرچاوە مرۆییەکان، بوارەکانی داڕمان‌و داتەپین لەهەمو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەدروست دەکات‌و بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی ئیداری کۆمەڵگا بەرەو ئیفلیجبوون دەبات. کۆمەڵێك هۆکار وەك ناسەقامگیربونی ئابووری، کەدەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی داهات‌و تواناکانی کڕین‌و نەبونی چاودێری وردو بەهێز، جیاوازی لە ئاستی مووچەی کارمەندان هۆکاری کارگێڕی‌و ڕێکخراوەیی‌و زۆرهۆکاری دیکە، لەدروستبوونی گەندەڵی کارگێڕیدا ڕۆڵدەبینن‌و بەو ڕەفتارە ڕێگەی پێشکەوتن‌و گەشەی کۆمەڵگا دەبەستڕێت. لەم بەشەدا زۆر ڕێکارو ئەلتەرناتیف پێشنیازکراوو پەیوەندی لەگەڵ هەرکۆمەڵگایەك چەشنێك لەڕێکار بۆبەرپەرچ دانەوەی، پێشنیاردەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ڕیفۆرم لە ستراکتۆری کارگێڕی، بەرفراوانکردنەوەی سیستەمی چاودێری، بردنە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاو زۆر ڕێکاری دیکە، وەك ئامرازەکانی خەبات لەدژی گەندەڵی کارگێڕی پێناسە کراون هەرکۆمەڵگایەکیش بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی

دەتوانێت کۆمەڵێك ئامرازی دیکەش لەم ئاراستەدا پیڕەوبکات.

گەرچی ئەم دیاردەیە کۆنەو شێوازی جۆراوجۆری هەیە، بەلاّم وەك دیاردەیەکی بەردەوام هەمیشە لە نوێ بوونەوەدایە، واتە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو پێشکەوتنی زانستو تەکنۆلۆژیایو گۆڕانی فەلسەفەو سیستمە سیاسیو ئیداریو ئابوورییەکان لە جیهاندا، ئەم دیاردەیەش شێوازی مارەسەکردنی گەشەی کردووە، لە پاڵ شێوازەکانی بەرتیل، دزی، تەزویرو بازرگانی قاچاخو فۆرخکردنی پۆستی بەڕێوەبەریو بەکارهێنانی دەسەلاّتی سیاسیو بەڕێوەبردنو سپیکردنەوەی پارەو ئاودیو کردنی سەرمایەو سامانی نەتەوەییو ... هتد بوونەتە شێوازی نوێی ئەم دیاردەیە.

( غەفوور، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦، ٢٣١)

ئەمڕۆ بەڕێوەبردن، نەخشێکی بەرچاو و کاریگەر لە بوژانەوە و بەرز کردنەوەی ئاستەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگا ئەبینێ، ئەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کە ئیستا دەوڵەتانو بە تایبەت دەڵەتانی تازە پێگەیشتوو ((الدول النامیة) بە دەستیەوە دەناڵێنن لە کەمیی داهاتو تواناکانەوە



پەیدا نابن، بەڵکو بێ توانایی دەزگا کارگێڕیەکانی ئەو دەوڵەتانەیە، کە نەیانتوانیوە ئامانجو چاوەڕوانییەکانی خەڵك بکەنە شتێکی بەدیهاتووی ڕاستەقینە، ولاّتە پێشکەوتووەکان، کەوتوونەتە بایەخدان بە بەڕێوەبردنو کردوویانەتە پیشەیەکی وەك پیشەکانی تر و هەوڵ ئەدەن برەو و گەشە بە دەزگاکانی بەڕێوەبردنیان بدەن.

( ئەحمەد، http www.reform-kurd.com ٢٠٠٥)

دەزگاکانی بەڕێوەبردن لە ولاّتانی تازە پێگەیشتووی دنیادا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ دیاردەی دزێوی جۆراوجۆر بوونەتەوە، کەدەچنە خانەی گەندەڵیو پانتاییەکی بەرچاویان لە سیستمی بەڕێوەبردن داگیرکردووە، کەلە کۆمەڵە خاڵێکدا چڕ دەبنەوە کە ئەمانەن:

( ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥)

١- ڕۆتینی ئاڵۆز و خراپ بەکارهێنانی سیستمی بیرۆکراسی، کە بووەتە هۆی بە فیڕۆدانی سامانو تواناو کات، وێڕای دواخستنی بەجێهێنانی مامەڵەو کارەکانو زەمینە خۆشبوون بۆ واسیتەو بەرتیلخۆری ئەمانە کەلێنێکی گەورەیان خستۆتە نێوان هاولاّتیو دەزگا حکومیەکان.

٢- هەلأوسانی دەزگای کارگێڕی، بە هەبوونی دەزگای حکومیو نا حکومی زیاد لە پێداویستی کۆمەڵ، زۆر پۆستو دەزگا بۆ ئەوە دروست نەبوون وەك پێداویستیەکی کۆمەڵ، بەڵکو بۆ ڕازی کردنو دۆزینەوەی کارە بۆ کەسانێکی دیاریکراو.

٣- هەلأوسانی پیشەیی، کە بریتییە لە بێکاری شاراوە (البطالة المقنعة) واتە بوونی ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەر کە کارێکی کەم ئەنجام دەدەن.

٤- کەمتەرخەمیو سستی نواندنی کارمەندانی دەزگاحکومیەکانو خۆ دزینەوەیان لە کار و هەست نەکردنیان بە بەرپرسیارێتی بە هۆی کەمی دەستخۆشانەو نەبوونی لێپرسینەوە و کەمی چاودێریکردن.

٥- کۆن بونی زۆربەی دام و دەزگا حکومیەکان، کە ناتوانن بە پێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم بەرێوەبچن.

٦- کزی هاوئاهەنگی کردن لە ناو دام ودەزگاکان، کە ئەبێتە هۆی کۆسپ خستنە بەردەم ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەو دەزگایانە.

٧- لاوازی ڕەوشی بەڕێوەبردنو بلأوبوونەوەی دیاردەی دزێوی واستەو بەرتیلخۆریو دزیو ...سود



وەرگرتن لە پلەی کارگێڕی بۆ قازانجی تایبەتیو خۆ دەوڵەمەندکردن.

٨- بێ بەرنامەیی سیستەمی دامەزراندنو پلە بەرزکردنەوە، چونکە لە سەر بناغەی خزمایەتیو حزبایەتیو ڕەچاوکردنی پەیوەندی ناوچەییو سیاسییە نەك لە سەر بناغەی لێوەشاوەییو شارەزاییو بە پێی پێڕەوی کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو.

٩- دەست بلأویو بەرزبوونەوەی تێچوون.

١٠- نەرم ونیانی نەنواندنو قبوڵ نەکردنی گۆڕانکاریو تازەکردنەوە و خۆنەگونجاندن لە گەڵ گۆڕانکاریەکاندا، بەتایبەت کە ئێمە لە دنیایەکدا ئەژین کە پێشکەوتنی زانستیو تەکنۆلۆژیو لێشاوی زانیاری کردوویەتییە گوندێکی بچوك.

توێژەری زانستی سیاسی ( هیدن هیمەر ) گەندەڵی ئیداری بە سەر سێ جۆری ڕەشو خۆڵەمێشیو سپیدا دابەش کردووە:

گەندەڵی ئیداری ڕەش: کارێکە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵكو بژاردە سیاسییەکانەوە بێزراوەو بکەرەکەی دەبێ سزا بدرێت، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە

بــه وەرگرتنــی بــەرتیل بــۆ لــه بەرچــاو نــەگرتنی ستانداردی کەرەستەکانی بینا سازی بکەین.

گەنــدەڵی ئیــداری خۆڵەمێــشی: کارێکــه کــه لــه روانگەی دەسته بژێرەکانەوە بێـزراوە، بـەڵام کۆمـەڵانی خـــەڵك گرنگییـــەکی ئـــەوتۆی پێنـــادەن، بـــۆ وێنـــه کەمتەرخەمی کارمەندان له بەڕێوەبردنی یاساگەلێکدا که زۆر بـه دڵـی خـەڵك نـین‌و تـەنیا دەسـته بـژێرەکان بڕوایان به سودمەندبونیان هەیه.

گەندەڵی ئیداری سپی: کردەوەیەکە کە بە ڕواڵەت دژی یاسایە بەڵام زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵگە (دەستە بژێرە سیاسییەکان‌و زۆرینەی خەڵکی ئاسایی) ئەوەندە بە گرنگ‌و زەرەرمەندی نازانن کە بکەرانی سزا بدرێن، بـۆ وێنـه چاوپۆشـی لـه پێـشێلکردنی هەنـدێك یاسـاو ڕێوشـوێن کـه بــه هــۆی گۆڕانکــاری کۆمەڵایــەتی‌و ڕۆشنبیرو .... بایەخی خۆیان له دەست داوە. **( مێهدی مێهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١ ، ل ٧٣)**



## ٤- گەندەڵی یاسایی:

داڕشــتن‌و پەســەندکردنی یاسا گــەلێك لــه قــازانج‌و بەرژەوەنـــدی سیاســـەتمەداران‌و چـــین‌و توێـــژەکان پەیوەندیـدار بەدەسـەڵات، پێناسـەی گەنـدەڵی یاساییە، بنـەمای ئـەم چەشـنه لەگەنـدەڵی لـه هەڵاوەردنـەوە سەرچاوە دەگرێـت‌و بەشـێکی بەرچاو لـه کۆمـەڵگاکان خاوەندارێتی لەم چەشنه گەنەڵییه دەکەن، بۆنمونه لـه سیـستەم گـەلی ئۆتۆکراسـی، پیـاوانی ئـاینی کۆمـەڵگا بـەپێی پەسـەند کـراوە یاساییەکانی وڵات، بـەبێ هـیچ بەشـداربونێك لەپرۆسـەی ئـابووری بەشـێکی مـەزن لەداهاتی گشتی کۆمەڵگا بۆخۆیان تەرخان دەکەن، لـەم بەشەدا دەکرێت وڵاتی ئێـران بەنمونـه بهێنرێتـەوە کـه پیـاوانی ئـاینی شـیعەمەزهەبی دەسـەڵاتدار، لـەپێناوی بەرژەوەندییــه ئایدۆلۆژییــەکانی دەســەڵات، مــەزنترین (رانتە) ئابووریەکان لەسیستەمی سیاسی وەردەگرن.

یاســاو گەنــدەڵی دوو جەمــسەری دژ بــه یــەکن، پەیوەندییەکی پێچەوانه لـه نێوانیانـدا هەیـە، لـه هـەر شـوێنێ گەنـدەڵی بـڵاو بێتـەوە یاسـا لـه کـشانەوەدایە هـەروەها بـه پێـچەوانەشەوە لـەو شـوێنەی یاسـا لـه هەڵکشاندابێت گەندەڵی دەکەوێتە پاشەکشە،

### ٥- گەندەڵی لە هەڵبژاردندا :

ئەم گەندەڵییە کڕینی دەنگی خەڵك بە هۆی پارەوە یان بەڵێنی بەخشینی پلەو پایەو یارمەتی تایبەتو ناچارکردنو ترساندنو لەکەدار کردنی ئازادی لە هەڵبژاردنەکاندا لە خۆ دەگرێت، بەرتیلدان بە شێوە دیاریو باجی یاسایی‌و هەق دەستو یارمەتی نزیکانو یان هەر پەیوەندییەك کە بە دانی پارە یا بەبێ پارە، بەرژەوەندی گشتی فیدا بکات، وەك گەندەڵی لە بەرچاودەگیرێت.

**(رەبیعی ، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٥، ٤٠ )**

کڕینی دەنگو کێشەی پارە لە نێو سیاسەتدا سنوردار ناکرێت بۆ فشارەکانی سەر بەرپرسە سیاسییەکان، لە دیوەکەی دیکەی ئەو پرسەشدا، ئەو پاڵنەرانەن دەدرێن بە دەنگدەرانەوە، شێوازی کارلێکەری گەندەڵی سیاسی ڕوودەدات کاتێ بەرپرسە سیاسییەکان هەڵمەتە نایاساییەکان پەسەند دەکەن دواجار بە کاریان دەهێنن بۆ بەرتیلدان بە دەنگدەر، ئەو سیستمانە تەنیا بە ناو دیموکراسین، ڕەنگە دەنگدەران ناڕەزاییان نەبێت لە سەر میتۆدەکانی هەڵمەتی دارایی بەرپرسە سیاسییەکان چونکە دەنگدەر سود وەردەگرێت لە بەخشینەوەی پارەی کاندیدا.



پارەدان بە دەنگدەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مێژوویەکی درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە لە بەریتانیاو ئەمریکا لەو ولآتانەدا چاکسازەکان ئەو جۆرە بەرتیلانەیان سنوردارکردووە. بەلاّم وەك خەسڵەتێکی هەڵبژاردنی سیاسی لە زۆر شوێنی تردا ماونەتەوەو سەرۆکە سیاسییەکان هەوڵدەدەن دەنگ بە دەست بێنن نەك هەر لە ڕێگەی هەڵمەتەکانیان، بەڵکو لە ڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دەوڵەتو جۆرەکانی تری سود بۆ ئەوەی تۆڕێك دروست بکات زۆربەی دەنگدەرانی پێوەبێتو ناچاربن دەنگی بۆ بدەن. **(ئەیکەرمان ، سەرچاوەی پێشوو ،٢٠٠٧، )**

# بەشی دووەم

- **هۆكارەكانی سەرهەڵدانی گەندەڵی .**
- **دەرئەنجام و كاریگەرییەكانی گەندەڵی .**
- **بەرەنگاربوونەوە و چارەسەركردنی گەندەڵی.**
- **بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی**



## هۆكارەكانی سەرهەڵدانی گەندەڵی

چەند هۆكارێك هەیە وا لە تاكێك یان كۆمەڵێك دەكەن گەندەڵی ئەنجامبدەنو بەپێچەوانەی یاساوە كاربكەن، لە گرنگترین ئەو هۆكارانە (نەبوونی شەفافیەتو ناڕونیو نەبوونی لێپێچینەوەو لێپرسینەوەولاوازی گیانی نیشتیمان پەروەریو نەبوونی رۆشنبیری پێویست **(كۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت / وەرگێرانی: ماڵپەری چاودێری (www.chawdery.com)**

وەلێرەدا ئاماژە بە گرنكترین هۆكارەكانی سەرهەڵدانی گەندەڵی دەكەین:

١- كۆنیو كەمو كورتی یاساو ڕێنماییەكانی تایبەت بە شێوازی بەڕێوەبردن لە دامو دەزگاكانی دەوڵەت.

٢-لاوازیو كەمتەرخەمی لە لێپێچینەوە لە لایەن دەسەلآتە جیاجیاكانی وەك پەرلەمانو حكومەتو چاودێری دارایی بۆ سەرجەم دامو دەزگا حكومییەكان، وە جێبەجێنەكردنی سزا یاساییەكان بەرامبەر بەوكەسو لایەنانەی كە كەمتەرخەمنو تاوانبار دەكرێن بە گەندەڵیو پەردەپۆشكردنی تاوانە كارگێڕیو داراییەكانی ناودەزگا حكومییەكان كە ڕێگا

خۆش دەكات بۆ بەردەوامبوونو دووبارەبوونەوەی دیاردەكە.

٣- دەستێوەردانی دەسەڵاتی حزبی لە كاروباری بەڕێوەبردنی فەرمانگە حكومییەكانو كاركردن بە پێوەری حزبی لە مەسەلەی دامەزراندنی فەرمانبەرانو پاداشتكردنی كارمەندانو پلە بەرزكردنەوە و ڕەنگە سزادانیشو ...هتد، وە زۆربەی جار ئەم دەستێوەردانەش دەبێتە ڕێگر لە بەردەم جێبەجێكردنی حكومی یاساو سزا یاساییەكان بە سەر ئەو فەرمانبەرو كارمەندانەی كە بە گەندەڵی تاوانبار دەكرێن، وەك بڵێی ئەندامێتی لە حزبی دەسەڵاتدار حەصانەیەكی قانوونیو كارگێڕی دەبەخشێتە خاوەنەكەیو دەیپارێزێت لە گشت جۆرەكانی لێپرسینەوەو سزادان جگە لەوەی ئەو دەستێوەردانەی حزب دەبێتە هۆی:

أ- نەبوونی كەسی شیاو لە شوێنی شیاو و قۆرخكردنی دەسەڵاتەكان لە دەست كەسانی دیاریكراو و ڕێگەنەدان بە كەسانی شیاو و تەكنۆكرات بۆ هاتنە پێشەوە و وەرگرتنی دەسەڵات.

ب- دروستكردنی پۆستی كارگێڕی تایبەت بۆ كەسانی دیاریكراو.



ج- دروستكردنی تۆڕێكی فراوانی بەرژەوەندی بەرامبەری (مصالح متبادلة) لە نێوان سەرجەم ئەو كەسانەی كە بە پێوەری حزبی دادەمەزرێن یان پاداشتو خەڵاتدەكرێن بە پۆستی كارگێڕی بە جۆرێك كە هەریەكێك لەو كەسانە دەبێتە بەدیهێنەرو پارێزەری بەرژەوەندی كەسانی سەروخۆیو خوار خۆی، بۆیە لە كاتی سەرپێچیو تاوانباركردنیا بێخەمە لەوەی كە كەس ناوێرێ باسی بكاتو سزای بداتو بەم جۆرە بەردەوام دەبێت لە مومارەسەكردنی گەندەڵیو دەبێتە نموونە بۆ كەسانی تر بۆ لاساییكردنەوەیو هەوڵدان بۆ خۆهەڵواسین بە حزبو لایەنی دەسەڵاتداردا.

٤- نەبوونی شەفافیەت لە كاروچالاكییەكانی حكومەتدا، حكومەت لە كاتێكدا فەلسەفەی دروستبوونی لە سەر بنەمای پڕكردنەوەی پێداویستییە بۆ كۆمەڵگا دامەزراوە، واتە دەسەڵاتێكە بۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگا، دەبێتە ناوەندو دەزگایەك بۆ ڕووتاندنەوە و فێڵكردن لە كۆمەڵگا، لە بەرامبەر بەدیهێنانی خواستو پێداویستییەكانی چینی دەسەڵاتدار بە تایبەتی لە كاتی نەزانیی هاووڵاتیان بە مافەكانیان، دەرئەنجامیش دەبێتە هۆی :-

ا- هەوڵدانی تاکەکان بۆ پشتبەستن بە خۆیان لە پڕکردنەوەی پێداویستییەکان هەریەك لە سەر حسابی بەرژەوەندی ئەوی تر و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە ناوەندە حکومییەکان لە سەر بنەمای بە دەستهێنانی مافی خۆت بە دەستی خۆتو قۆستنەوەی دەسەڵات لە ئیستا داو چاوەڕواننەکردنی پاشەڕۆژ ...هتد

ب- فراوانبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتیو چینایەتی لە نێوان چینی دەسەڵاتداری سودمەندو چینی زەرەرمەند، هەوڵدانی چینی دووەم بۆ لاسایی کردنەوەی چینی یەکەم، وە بەکارهێنانی شێوازە نەشیاوەکان بۆ بە دەستکەوتنی مافەکانی لە چینی یەکەم وەك واسیتەو بەرتیل ..هتد

ج- پڕنەبوونەوەی بەشێکی زۆر لە خواستو پێداویستییەکانی کۆمەڵگاو دروستبوونی نائومێدی لەلای کەسانی دەرەوەی چینی سودمەند، دواتر دابڕانی حکومەت لە کۆمەڵگا.

٥- دەفگرتنی کۆمەڵگا بە دیاردەی گەندەڵیو ڕەگداکوتانی دیاردەکە بە هۆی خراپی باری دەرامەتو بژێوی توێژی فەرمانبەران لە ماوەی ساڵانی گەمارۆی ئابووریو پەنا بردنە بەر شێوازە نادروستەکان بۆ بە دەستهێنانی دەرامەتی زیاترو لە دەستدانی زۆرێك لە



بەها کۆمەڵایەتییە جوانەکانی کۆمەڵگا، بیرکردنەوە تەنها لە بەرژەوەندی تایبەتو دەفگرتنی کۆمەڵگا بەم دیاردە دزێوانەوە دوای باشبوونی ئاستی دەرامەتو بژێویش کاریگەری هەر دەمێنێ.

٦- لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی لای کۆمەڵانی خەڵكو بە تایبەتی بە هۆی کەمتەرخەمی بەرپرسان لە بەدیهێنانی بەڵێنو پەیمانەکانیان بۆ گەلو نەتەوە کە جۆرێك لە نائومیدی یان پەشیمانی دروستکردووە لە گیانی خەباتو خۆبەختکردن لەپێناو خاكو نەتەوە و بووەتە هۆی بەلاوەنانی بەرژەوەندی گشتیو کارکردن بۆ بەرژەوەندی تایبەت لەلایەن زۆرێك لە هاووڵاتیانەوە.

٧- زۆری دام ودەزگاو ناوەندەکانی بڕیاردان لە سەر گرفتو کێشەو بابەتەکانی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە، کە زۆری ئەم ناوەندو لایەنانەو جیاوازی بڕیارو بۆچوونەکانیان زەمینەساز دەکات بۆ دەستێوەردان لە کاری فەرمانگە حکومییەکانو دواتر بۆ سەرهەڵدانو فراوانبوونو بەردەوامبوونی دیاردەی گەندەڵی.

٨- نەبوونی ئازادی تەواو بۆ گفتوگۆکردنو ڕووبەڕوو بوونەوەی دیاردەی نا دروستو

نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگا بە گەندەڵی کارگێڕیشەوە بە شێوەیەکی زانستیو ئاشکرا، ڕاستی ئەمەش پەنابردنە بەر شێوازە ناڕاستەوخۆکانە لەلایەن ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامە نووسانەوە، وەك دەرکردنی نوسراو و چیرۆكو درامای کاریکاتێری...هتد. (غەفوور، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٦،٢٣٣)

٩ - بەرز بوونەوەی ئاستی شارنشینی: پەرەسەندنی شارنشینی بێ بەرنامەو پلانو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەبێتە هۆی داواکاری بۆ خزمەتگوزاری دەوڵەتی، ئەم کارە لە لایەك بەرز بوونەوەی ئاستی بیرۆکراسی دەوڵەتیو هەروەها گەشەی کەرتی تایبەتی لێدەکەوێتەوە، لە لایەکی ترەوە بە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی داواکاریو نزمبوونەوەی خزمەتگوزاری گشتی دەرفەتی زیاتر بۆ کارمەندانی دەوڵەت دەڕەخسنێو زەمینە بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی زیاتر خۆشدەکات ( مێهدی مێهرپەروەر ، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١ ، ل٤٩)

١٠ - جیاوازی بەرچاو لە نێوان موچەو داهاتی فەرمانبەران لە گەڵ خەرجیو پێداویستیەکانیان یەکێکی ترە لە باوترین هۆکارەکانی توشبون بە



گەندەڵی، واتە نەگونجانی داهاتی فەرمانبەران لە گەڵ خەرجیەکانیان.

١١- بەسیاسیبوونی سیستمی بەڕێوەبردن : بەسیاسیبوونی سیستمی بەڕێوەبردن دەبێتە هۆی بەرفراوانوونی گەندەڵی کە لە ئاکامی دەستێوەردانی سیاسیدا ڕوودەدات.

١٢ - نزمی ئاستی وشیاری یاسایی هاوڵاتیان.

( مێهدی مێهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو ٢٠١١، ل٤٧)

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی هۆکاری ئابوورین، هەرێمی کوردستانی عێراق چ وەك ناوچەیەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو چ وەك ولاتێکی بندەستی داگیرکەر، بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق بایەخێکی جدی پێنەدراوە، لە ڕووی ئابوورییەوە پرۆژەی بەرچاوی وەبەرهێنانی تیا ئەنجام نەدراوە، لەدوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن سوپای عێراقەوە گەمارۆی نێودەوڵەتی بە سەر ئابووری عێراقدا سەپێنراو هیندەی تر ئابووری کوردستان داتەپینی بە خۆیەوە بینی، وە ماوەی (٢٩) ساڵ کەرتە ئابوورییەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان لە یەکترازان، پاش ڕزگارکردنی هەرێمی کوردستان لە

ئازاری ١٩٩١ حکومەتی ناوەندی بەغدا سەرجەم دامو دەزگا فەرمییەکانی خۆی کێشایەوە و گەمارۆی ئابووری خستە سەر هەرێمی کوردستان، بەمەش هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو پەراوێز خستنە مێژووییەی کە لە بەرامبەریدا بەڕێوە چووە، دوو جار خرایە ژێر گەمارۆی ئابوورییەوە لە لایەک گەمارۆی نێودەوڵەتی‌و لەلایەکی ترەوە گەمارۆی حکومەتی بەغدا، ئیدی لە ژێر دۆخێکی لەم چەشنەدا بەرەوپێشچونی ئابووری‌و کەڵەکە بوونی سەرمایەی‌و بەرز بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان‌و سەرمایەگوزاری ڕوونادات، بە پێچەوانەوە دواکەوتووییەکی ئابووری‌و هەژاری بەرفراوان هەموو کۆمەڵگای داگیردەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە کەمایەتییەک لە کۆمەڵگادا کە سەروەت‌و سامانی کۆمەڵگا لە چنگی خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئیدی دۆخێکی ئابووری لەم جۆرە باشترین زەمینە سازدەکات بۆ گەشەسەندنی گەندەڵی.**(ئومێد قەرەداغی،٢٠٠٩، ٧٢)**

لەلایەکی ترەوە زۆری ڕێژەی بێکاری کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر دروستبوونی گەندەڵی وە بە پێی ئامارێک زیاد بوونی بێکاری بە ڕێژەی (١٪) دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەو تەشەنە کردنی تاوان‌و دزی



بەڕێژەی (٦ ٪) کە دزی‌و تاوان دوو شێوەو سیمای دیاری گەندەڵین، چونکە بەردەوام هەوڵ‌و کارکردن بەشێکی گرنگ بووە لە پێکهاتەی مرۆڤ، وە کارکردن بریتییە لە بەخشینی هێزی بازوو و مێشک بۆ دابینکردن‌و پڕکردنەوەی پێداویستییەکان، کە لە گەڵ گەشەکردن‌و بەرەو پێش چوونی شارستانی، ئەم پێداویستییانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن، لەگەڵیدا پێداویستی کارو گرنگی کارکردن زیاتر دەبێت، جا ئەگەر مرۆڤ بێکار بێت واتە لە یەکێک لە مافە بنەڕەتییەکانی بێبەش دەبێت ڕێچکەی گەیشتن بە ئارەزووەکانی سەخت تر دەبێت، ئەوکات بێکاری دەبێتە گرفتێکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری، لە کوردستاندایەکێک لەو دیاردە بەرچاو و گرنگانەی کە ساڵانێکی زۆرە بەدی دەکرێت‌و بووەتە هۆکارو دەرئەنجام بۆ زۆر گرفت‌و دیاردەی تری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بێکارییە.

گەرچی دەکرێت بێکاری بە پێی جۆرەکانی بەچەندین شێواز پێناسە بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بێکاری بریتییە لە ( پەککەوتنی بەشێک لە هێزی بەرهەمهێنان، واتە بەکارنەهێنانی ڕێژەیەک لە هۆکاری بەرهەمهێنان واتە بێکاری خۆی دەبینێتەوە لە

مومارەسە نەکردنی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە و ئەوانەی کە تەمەنی کارکردن دان (١٥-٦٥ ) ساڵو لە هیچ چالاکییەکی ئابووری بەرهەمهێناندا کارناکەن، لە گەڵ ئەوەی توانا و ئارەزووی کارکردنیان هەیە، بەڵام بە هەرهۆیەك بێت بە دەرلە ویستو ئارەزووی خۆیان بێکار ماونەتەوە .**(غفور، سەرچاوەی پێشوو)**

بەهۆی سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بە سەر هەرێمی کوردستاندا، ئاستی داهاتی تاکەکەس بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی، ئەم دابەزینەش ڕاستەوخۆ واتە کەمبوونەوەی خواست لە سەر شمەك، ئەم کەمبوونەوەش سەردەکێشیت بۆ کەمبوونەوەی خواست لە سەر بەرهەمهێنانو لەوێشەوە کەمبوونەوەی خواست لە سەر ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان، لەوانەش ڕەگەزی کار، بەمەش لە کوردستان ڕێژەی بێکاری زیاد دەکات. **( ئومێد قەرەداغی،٧٢،٢٠٠٩)**

واتە بێکاری یەکێکە لەو هۆکارە ئابووریو کۆمەڵایەتیانەی کە وا دەکات تاکەکان لە پێناو دابین کردنی بژێوییاندا پەنا بەرنە بەر گەندەڵی...هتد هاوکاتیش بە هۆی گەمارۆکانەوە ئاستی گشتی نرخ بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی، بە جۆریك زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان بەو مووچەو



دەسکەتەی کە هەیان بوو، نەیان دەتوانی لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانیان دابین بکەن، ئەمەش هۆکاروپاڵنەرێکی تر بوو بۆ وەرگرتنی بەرتیلو دیاری، لەوێوە دیاردەی گەندەڵی لە کوردستاندا پەلو پۆی هاوێشتو پانتاییەکی بەرفراوانو بەرچاوی داگیرکرد.

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی گەشەسەندنو تەشەنەی گەندەڵیی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا لەنێوانیشیاندا وڵاتی عێراق، جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکان. چونکە ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتی گەشەکردنی گەندەڵیی دەدەن لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا، تاڕادەیەکی زۆر جیاوازن لەو فاکتەرانەی لەوڵاتە پێشکەوتووەکان گەشەی پێدەدەن. بەڵام شێوازو ڕێگەکانی گەندەڵیی زۆر لەیەکچوون، جگە لەوەش بڕێکی زۆری ئەو گەندەڵییانەی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا هەن، وڵاتە پیشەسازییە گەورەکان بەچەندین شێواز تیایدا بەشدارن، چونکە پێشبڕکێ لەنێوان کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کە بەزۆری لەوڵاتە پێشکەوتووەکان نیشتەجێن، لەسەر کارە نێودەوڵەتییەکانە، کە پاڵ بەو کۆمپانیایانەوە دەنێت بڕە بەرتیلی گەورە بدەنە بەرپرسە حکومییەکان لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بۆ بردنەوەی ئەو کارو

پرۆژانە. سیاسەتەکانی چوون بەرەو دیموکراتیو گرتنەبەری ئابووری بازاڕ (اقتصاد السوق) نەبوونەتە هۆی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵکو تەواو پێچەوانەی ئەوە یارمەتیدەر بوون لەگەشەکردنیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکات نەبوونی ئەم گۆڕانانە لەگەڵ پێشخستنی یاسا کارپێکراوەکان بەتایبەتیش ئەو یاسایانەی ڕێ بە بەرپرسە حکومییو گشتییەکان دەدات بەرتیل وەرگرتن لەبەرامبەر بەخشینی ئەو گرێبەستو ئاسانکارییانە بەکۆمپانیاکان (لەناوەو دەرەوەی وڵات)، یان بەخشینی ئیمتیاز بەکەسانی ناو خودی وڵاتەکە.

دەکرێت هۆکارەکانی گەشەو بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی لەوڵاتە تازە پێشکەوتووەکان، لە ناویشیاندا وڵاتە عەرەبییەکان، بەمشێوەیە کورتبکرێنەوە:

**( زیاد عربیە ابن علی ، سەرچاوەی پێشوو،)**

١- بەرپرسە حکومییەکان ئازادیی ڕەهایان هەیە بۆ بەدەستهێنانی مەرامە کەسییەکانیان لەڕێگەی وەرگرتنی بەرتیل لەکۆمپانیاکان (کەرتی تایبەت) یان هاوڵاتیان، لەبەرامبەر چاوپۆشی کردنو ڕایی کردنی کارەکانیان.



٢- پاڵنەری ڕەفتاری بەرپرسە حکومییەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕێك پارەیە، یارمەتیدەریشیان لەبەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتە نایاساییە، دەستتێوردانی حکومیو کۆتوبەندو یاساکانە کە حکومەتێك دایاندەنێت، لەنموونەی ئەمانەش کۆتوبەندە بازرگانییەکان (گومرگ، بەشە هاوردە، لیستی ڕێپێدراو قەدەغەکراو... هتد)، هەروەها سیاسەتە پیشەسازییەکان کە لەسەر مەحسوبییەتو پەیوەندییە کەسییەکان پێکهاتووە و زۆری بنەماکانی نرخی گۆڕینەوە دراو و پلانەکانی دابەشکردنی دراوی بیانییو دابینکردنی قەرز لەژێر چاودێریی حکومییدا.

٣- قازانجی دەرهێنانی نەوت لە وڵاتانی خاوەن نەوت دا لە ئاستێکی باڵادایە، بۆیە لای کۆمپانیاکان زۆر ئاساییە بەرتیلی زۆر بدەن بە بەرپرسەکان بەرامبەر بەخشینی ماف دەرهێنانی نەوت.

٤- گەندەڵیی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکانو ئەو وڵاتانەدا بڵاودەبێتەوە کە بەقۆناغی گۆڕانی سیستەمدا تێدەپەڕن، ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە گەلەکانیان جیاوازن لەگەلانی دیکە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە سیستەمەکەیان جیاوازە لە سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، توانای وەڵامدانەوەو تێرکردنی

پێداویستییەکانی خەڵکیان نییە، هەژاری، نەخۆشی، بێکاری، نەبونی دڵنیایی کۆمەڵایەتیو جیاوازی موچەی فەرمانبەران، پاڵنەرن بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زۆرتر.

٥- جگە لەوانەش، زۆر لەکۆمەڵگەکانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، کەمینەی ئیتنیکی تێدایە، کە خۆیان بەزوڵملێکراو دەبینو بەشدارنین لەبوارە جۆربەجۆرەکانی کارگێڕی گشتیدا، ئەوانە ڕەنگە هانا بۆ هەندێك شێوازی گەندەڵیی ببەن، چونکە بەڕای ئەوان تاکە ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانەی کەپێویستیانە لەدەزگاکانی کارگێڕی گشتیی.

٦- دەرکردنی هەندێك بڕیارو ڕێنمایی دەستی بەرپرسان زیاتر والاّ دەکات کە لەڕێگەیەوە دەستکەوتی راستەوخۆ و زیاتر بە دەست بێنن لەدامەزراوەی حکومییدا.

٧- بوونی سامانێکی زۆر لای دەوڵەت (دامەزراوەو سەرچاوەی سروشتیی) پێدانی مەشروعییەت بەدەسەڵاتی بەسەر پرۆژەی کارەکاندا، تەنانەت ئەگەر تایبەتیش بن، کە دەسەڵاتی نایاسایی دەدەنە بەرپرسە حکومییەکانو دەبنە هەلی گەورە بۆ وەرگرتنی



بەرتیلو دەشبنە فەزایەکی فراوان بۆ بەتاڵانبردنی سامانە گشتییەکان.

٨- لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەراوێزخستنی ڕۆڵی دامەزراوەکان لەزۆر لەدەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا (حزبە سیاسییەکانو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان) دەبێتە هۆی نەبوونی هێزێکی گرنگی هاوسەنگی لەو کۆمەڵگەیانەدا، کە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵییو بەردەوام گەشەسەندنی.

٩- کەمیی موچەو کرێی فەرمانبەرە حکومییەکان هانی گەندەڵیی دەدات، کە لای خۆیەوە لەزوربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لەناویشیاندا وڵاتە عەرەبییەکان، بووەتە پاڵنەری سەرەکی مانەوەو خۆبەستنەوە بە خزمەتگوزاریی گشتییەوە لەدامەزراوە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتدا.

١٠- نەبوون یان کەمی مەترسی لەسزادانی ئەوانەی گەندەڵی ئەنجامدەدەن، چونکە ئەو سزایانەی یاساکانی زوربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دایانڕشتوون نابنە ڕێگر لەئەنجامدانی گەندەڵیی، ئەمە جگە لەلاوازی چاودێریو بە دواداچوونی حکومی، بۆیە سەختە سزای کەسێك بدرێت لەسەر ڕەفتاری خراپ، لەوانەش گەورە

بەرپرسەکان، کە هەمان رەفتاریان کردووەو لێپرسینەوەو خستنە بەردەم دادگا نایانگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەندەڵیی لەو وڵاتەدا بڵاوبوونەوەی فراوانترو گەشەی زیاتری هەیە. هەروەها گەندەڵیی تەشەنە دەکات، کاتێك گەورە فەرمانبەرانو سیاسەتمەداران حەسانەیان دەبێت لەلێپرسینەوەو لێپێچینەوە.

١١- هەندێك هۆکاری دیکەی پەیوەست بەخودی بەڕێوەبردنەوە هەیە، چونکە نەبوون یان لاوازیی پرەنسیپەکانی کاری حکومییو نەبوونی چەمکی لێپرسینەوەی گشتییو بەرپرسیارییەتی هەموویان دەبنە هۆی گەندەڵییو ڕێخۆشکردن بۆی.

١٢- لەو هۆکارانەی دیکە کە دەکرێت بڵێین وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بۆ گەندەڵیی ئامادە دەکەن، بوونی ژمارەیەکی زۆرە کە کار لەکەرتی حکومییدا دەکەن کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە لەلایەنی دابەشکردنی شمەكو خزمەتگوزارییەوە، تا قەبارەی کەرتی گشتی گەورەبێت، مەیلی گەندەڵییش زیاد دەکات.

**( زیاد عربیە ابن علی ، سەرچاوەی پێشوو، )**



١٣- بێ ئەنجام دەرچونی هەوڵەکانی دەوڵەت لە پێناو کەمکردنەوەی هەژاریو بێکاری و ...

١٤- دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەروەتو سامان

١٥- لاواز بوونی متمانەی خەڵك بە تواناو ئیرادەی دەوڵەت.

١٦- نزمی ئاستی وشیاری یاسایی تاکەکان بە گشتی،

**( مێهدی مێهرپەروەر ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١ ، ل٩ )**

١٧ - گەندەڵی هۆکاری زۆری هەیە، بەڵام سەرەکیترینو بەرچاوترین هۆکار، ناکارامەیی حکومەتە، لە وڵاتانی ڕوو لە گەشەدا دەوڵەتەکان بەرپرسیارێتیو ئەرکی زۆر لە ئەستۆ دەگرنو دەوڵەت زۆر بەربڵاوترە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوو پیشەسازی، گرنگترین ئەرکی دەوڵەت پیادەکردنی ئاسایشە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر کاروباری ئابووری لە پاوانی دەوڵەتدا بێت، پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە توشی کێشەیەکی بەرفراوان دەبێتو ناتوانێ ئەرکی سەرەکی خۆی بەڕێوەببات، ئەزمونی وڵاتانی سۆشیالیستیو حکومەتە سەرەڕۆکانی جیهانی سێیەم سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕێژەی

دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریو ئاستی پەرەسەندنی گەندەڵیدا هەیە.

**(مێهدی مێهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١، ل٢٤)**



## دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی گەندەڵی

گەندەڵی بەیەکێك لە ترسناکترین دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگا ناوزەند دەکرێت ئەوانەش کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن دوورن لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو سیاسی، چونکە هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانو مسۆگەر کردنی ژیانێکی باش بۆ خۆیان، لەو پێناوەشدا بۆ بەدەستهێنانی گەیاندنی خواستەکانیشیان دەیان ڕێگای جۆراوجۆر دەگرنە بەر.

لە هەروڵاتێکدا ئەگەر سیستەمی کارکردنو بەڕێوەبردن لە سەر شێوە و پێکهاتەیەکی دروست گەشەی نەکرد ئەوە گەندەڵی بە شێوەیەکی درێژخایەنو کاریگەر، ڕەگی خۆی دادەکوتێو لە گەڵیان دەژیو وێنەیەکی ناشیرینیش لە بیرو هزری هەرتاکێکی کۆمەڵ دەهێڵێتەوە.

ئەوانەی گەندەڵییان کردووەتە پیشە بەشێکی دەسەڵات پێکدێننو بۆ ڕێکخستنەوەی باری ژیانیان هەموو هەوڵو توانایەك دەخەنە گەڕ تاکو خۆیان بە بەهێزترین توێژی ئەم کۆمەڵگایە نیشان بدەنو دەرگا لە سەر هەموو بوارە زانستیو ڕۆشنبیریو فکریو ئابووری یەکانیش دابخەن.

گەندەڵی به هەرشێوەیەك بێت خراپ بەکارهێنانی دەسەلاّتەو ڕێگایەکە بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامانو بە دەست هێنانی سودی تایبەتی. مامەڵەکردنی گەندەڵکاران لە ناودەسەلاّتدا، مامەڵەیەکی تەندروست نیەو یەکێکە لەو دیاردە کوشندانەی کە کۆمەڵگا پێوەی دەناڵێنیّو بیّ متمانەییو بیّ باوەڕیو جیاوازی زۆر لە نێوان چینە هەژارو کەم دەرامەتەکانو سەرمایەداران پەیدا دەکات. بۆیە لەم ڕووەوە بیرو باوەڕێکی نەگۆڕ هەیەو دەڵێت (ئەوانەی کە گەندەڵی دەکەنە پیشەیانو ئامانجیان کۆکردنەوەی داهاتو سەرمایەیەو پشتیان کردۆتە جەماوەرەکەیان لە لایەن کۆمەڵگاوە هەمیشە بە چاوێکی ترەوە تەماشا دەکرێن ئەو پلەوپایەی کە بە هۆی دەسەلاّتەوە بە دەستیان هێناوە ڕۆژێك دادێت لە لایەن جەماوەرەوە لێیان بسەنرێتەوە).

گەندەڵی پانتاییەکی زۆری دروست کردووەو سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگاشی توشی کێشەو گیروگرفت کردووە ئەویش لە ئەنجامی هەموو ئەو نا دادپەروەرییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەندیّ لە کاربەدەستانی ولاّت هەمیشە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا بیر دەکەنەوە، کە هەر ئەمەشە وادەکات، کە



خەڵکی لە پێناو قوتی ژیانیاندا چەندەها ڕێگای جۆراوجۆر بگرنەبەر تاکو ژیانیان بە شێوەیەکی باش فەراهەم بێت، بگرە بیر لە زۆرکاری ناپەسەندو دزێو و ناجۆر دەکەنەوە کە لە ئەنجامدا بوەتە هۆی پەرەسەندنی دیاردەی پیاوکوشتنو تەزویرکردنی پارەو دیاردەی لەش فرۆشیو ژیان لە چاویانەوە هیچ مانایەکی تری نامێنێت، کە ئەمانەش بەستراونەتەوە بەو هۆکارانەی کە چینێکی بالاّ دەست پەیدا بون کە خەریکی گیرفان پڕکردننو ئاوڕ لە گەلەکەیان نادەنەوە، بوونەتە مەترسی بۆ سەر ژیانی کۆمەلگاکەشمانو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جێهێشتوون تا ئەم دیاردەیەش پەرەبسێنیّ خەڵك زیاتر بەرەو کارەساتو ڕووداوی خراپ هەنگاو دەنێت.

(یوسف، کوردستانی نویّ ، ١٦/ ٣/ ٢٠٠٧)

دیارە زیانەکانی گەندەڵی گەلێك زۆرن، ئەنجامەکەیان وێران بوونی سەرخانو ژێرخانی ولاّتی لێدەکەوێتەوە، کاریگەری وێرانکاری ئەم دیاردەیە دەگاتە هەموو گۆشەو شوێنێکی ژیان، دەبێتە هۆکاری بەهەدەردانی سەروەتو سامانی ولاّتو پەکخستنی تواناکانو دەزگاکانی حکومەت.. هەروەها دەبێتە بەربەستێکی کۆنکرێتی لەبەرامبەر بەرپرسیارێتی تاك

لەئەرکەکانیو لەناوبردنی وزەو توانای نەتەوەییو ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی وڵات. نەك هەر ئەوە کاریگەری لەسەر ئاستی سیاسیو ئابووری وکۆمەڵایەتیو رۆشنبیریش دەبێو دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانیش ئیفلیج دەکات.

وە گرنکترین دەرئەنجام وکاریگەری گەندەڵی ئەمانەن: **(غەفوور ، سەرچاوەی پێشوو ،٢٣٤)**:

١- سەرهەڵدانو زۆربوونی بێکاری بەپشت بەستن بە تەزکیەو وەلائی حزبی لە دامەزراندنو قۆرخکردنی بوارەکانی کار کردن لە لە فەرمانگە حکومییەکان بۆ چینێکی کۆمەڵگا، یان بلاوبوونەوەی بێکاری دەمامك کراو (البطالة المقنعة) لە ناو فەرمانگە حکومییەکان بە هۆی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە دەستی کار لە سەر بنەمای پێشوو، وە دوور لە پێداویستی فەرمانگەکانو تواناو لێهاتوویی زانستیو پسپۆڕییان، کە دەبێتە هۆی بە فیڕۆ چوونی بەشێك لە سامانی مرۆییو نەتەوەییو دارایی دەوڵەت بە هۆی بارگرانبوونی بودجەی حکومەت بە مووچەو کرێی ئەوکارمەندانەی جگە لە کەمبوونەوەی دەستی کار لە ناوەندەکانی کارکردنی دەرەوەی جیهازی حکومیو



بەرز بوونەوەی کرێی کرێکارو دواتر تێچونی بەرهەمهێنان بە گشتی.

٢- نادادپەروەری لە دابەشبوونەوەی سامانو داهاتی نەتەوەیی لە کۆمەڵگاو زیادبوونی جیاوازی چینایەتی لە نێوان سودمەندو زەرەرمەندی دیاردەکە، هەوڵدانی خەڵکی دەرەوەی دەزگا حکومییەکان بۆ خۆ دامەزراندن لە فەرمانگە حکومییەکان بە ڕێگاو شێوازی نادروستو لە ڕێگەی بەرتیلو واسیتە و ...هتد کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانو گەشەکردنی دیاردەی کۆمەڵایەتی نا دروستو تاوانو دواتریش گرفتی سیاسیو ڕەنگە تیرۆر و ...هتد

٣- پڕنەبوونەوەی بەشێکی زۆر لە پێداویستییە بە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگاو خراپیو کەم و کورتی ئەو بەشەش کە دابین دەکرێت وە لە دەستدانی تواناکانی دەوڵەت بۆ فراوانکردنو باشتر کردنی ئاستی خزمەتگوزاری گشتی، بە هۆی بە فیڕۆدانو بە تالانبردنو قۆرخکردنی سەرچاوە دەرامەتییەکانی دەوڵەت کە دەبێتە هۆی بەرجەستە نەبوونی تەواوی فەلسەفەی دروستبوونی حکومەت لە دەوڵەتدا.

٤- لە دەستدانی تواناکانی دەوڵەت بۆ دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دەرامەتی گونجاو بۆ

بودجەی گشتی و زیاد بوونی دیاردەی خۆدزینەوە لە باج دان و کاریگەری خراپی ئەم دیاردەیە لە سەر داهاتی گشتیو بودجەی حکومەتو دابەشبوونی داهاتو سامانی نەتەوەو چینایەتی کۆمەڵگا .. هتد

٥- نەمانو لاوازی متمانە بە بارودۆخی ئیستاو ئایندەی ئابووری وڵاتو هەڵاتنی سەرمایەو هێزی کارو توانا مرۆییەکان بەرەو جیهانی دەرەوە و بەفیڕۆدانی هەلومەرجی هاتنی سەرمایەی بیانی بۆ ناوخۆ و دروستکردنی پێگەو ناوەندێکی باش بۆ ئەنجامدانی کاری ئابووری نا یاساییو سود وەرگرتنی کەسانو لایەنو دەوڵەتانی بێگانە لەم بارودۆخە بۆ سپیکردنەوەی ماڵی پیس ( غسیل الاموال القذرة) .

٦- شێواندنی بڕیارەکانی وەبەرهێنان (القرارات الاستثمارية)و دابەشکردنەوەی دەرامەتە ئابوورییەکان بە شێوەیەکی نەگونجاو کەلە گەڵ تواناو خواستەکانی کۆمەڵگا ناگونجێو بە فیڕۆدانی ئەو دەرامەتانە لە پرۆژەی بێ سوودو بێ بەرهەم یان ئەو بوارانەی تەنیا بەرژەوەندی چینێکی دیاریکراو دەستەبەر دەکات.

٧-بەرز بوونەوەی ئاستی گشتی تێچوونی بەرهەمهێنانو نزمبوونەوەی ئاستی چۆنایەتی (مستوى الجودة) لە کەرتی گشتی کە دواتر دەبێتە



فاکتەرێك بۆ بانگەشەکردنو خێراتر کردنی پرۆسەی بەتایبەت کردنی موڵکەکانی حکومەت (الخصخصة) کە دوو بارە بە کاریگەری گەندەڵی ئەم پرۆسەیەش لە کەشو هەوایەکی دوور لەکێ بەرکێ ی لەبارو گونجاو ئەنجام دەدرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ بە هەرزان فرۆشتنو بە تاڵانبردنی ئەم موڵکانە.

٨- لاواز بوونی گەشەی ئابووری بە هۆی لاواز بوونی ئاستی گشتی خواستو خستنەڕوو بە هۆی دووبارە دابەشبوونەوەی دەرامەتەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی نایەکسان لە بەرژەوەندی چینێکی کەم لە سەر حسابی زۆرینە بە تایبەتی کە ئەگەر کەرتی گشتی بەشێکی زۆری ئابووری پێکبهێنێت.

٩- دروستبوونی بازنەیەکی داخراو لە هۆکارو دەرئەنجامە ئابوورییەکانو گەندەڵی، چونکە دیاردەکە دەبێتە هۆی ئەو دەرئەنجامانەی لای سەرەوە کە ئەمانەش دەبنە فاکتەری بەهێز بۆ پاڵنان بە ئەندامانی کۆمەڵگاوە بۆ گەڕان بە دوای بە دەستهێنانی دەرامەتی زیاتر بە شێوەی نایاساییو نەشیاوو فراوانکردنی سنوری دیاردەی گەندەڵی.

**(غەفوور ، سەرچاوەی پێشوو ٢٠٠٦ ،٢٣٦)**

(پێشتر باسمان لە وەکرد کە گەندەڵی کاریگەریی نێگەتیفی هەیە لەسەر سەرجەم بوارە ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم کاریگەرییانەش لەماوەی نزیکدا دەردەکەوێت، زانینی ئەم کاریگەرییەو دەرهاوێشتە نێگەتیفەکانیان لەسەر ئابووریی وڵات، جۆرێك هۆشیاری لای گەلەکانیان دروستدەکەن‌و پاڵ بەهێزە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە دەنێن لەحزبە سیاسییەکان‌و ڕێکخراو و دامەزراوەکان، بۆ دژایەتی ئەم دیاردەیەو سزادانی ئەنجامدەرانی. دەکرێت تۆماری کۆمەڵێك کاریگەری تری گەندەڵی بکرێت جگە لەوانەی کە باسکران :

(زیاد عربیة ابن علي ، سەرچاوەی پێشوو ، )

١- گەندەڵیی کاردەکاتە سەر چالاکی کەرتەکانی ئابووریی‌و لاوازیان دەکات، بڕی تێچوونی پرۆژەکان زیاد دەکات‌و هاندانی وەبەرهێنان پەکدەخات‌و کۆمپانیا ناوخۆیی‌و بیانییەکان پاشەکشە لە پرۆسەی بنیاتنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەکەن، کاتێك داوای بەرتیل لەخاوەنی پرۆژەکان دەکرێت بۆ ئاسانکاریی یان کە فەرمانبەرە گەندەڵەکان داوای بەش دەکەن لەداهاتی وەبەرهێنان. لەو کاتەدا گەندەڵی



دەبێت بەباجێکی نایاسایی‌و ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەشەکردنی وڵاتدا.

٢- گەندەڵی توانای حکومەت لە بواری بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی کەمدەکاتەوەو دەبێتە هۆی لاوازیی خزمەتگوزارییە گشتییەکان‌و نزمبونەوەی ئاستی داهاتی تاکەکان. هەروەها گەندەڵی دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاستی خەرجی گشتی حکومەت.

٣- گەندەڵی سەرچاوەی داهاتە گشتییەکان پەرتەوازە دەکات بە هۆی ئەو بەرتیل وەرگرتنەوە کە بەرپرسەکان بەرامبەر کەمکردنەوەی باج‌و گومرك .... وەریدەگرن.

٤- گەندەڵی گیانی داهێنان‌و دەستپێشخەری لاواز دەکات‌و هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی وەبەرهێنان پەکدەخات.

٥- بەرتیل زۆرداری تێدایە، چونکە باجێکی رووڵەخوار دەسەپێنێت کە کاریگەرییەکەی قورسە بەتایبەت بەسەر بازرگانیی‌و چالاکییە خزمەتگوزارییەکان کە دامەزراوە بچوکەکان پێوەی سەرقاڵن.

٦- گەندەڵی ڕوو لەوەیە کە گومان لەکارایی یاساو بەهاکانی باوەڕبوونو متمانە بکرێت، جگە لەهەڕەشەکردن لەبەرژەوەندی گشتیی لەمیانەی بەشداریکردنی لەپێکهێنانی جۆرێك بەها کە دەرهاویشتەی گروپێکە لەڕەگەزە گەندەڵەکان کە پێیاندەوترێت (public bads) و دەبێتە هۆی ڕەگداکوتانی کۆمەڵێك ڕەفتاری نابەجێ.

٧- لەلایەکی دیکەوە گەندەڵیی کاریگەریی هەیە لەسەر هەریەك لەدادپەروەریی دابەشکردنو کارایی ئابووری، بەهۆی پەیوەستبوونی بەدووبارە دابەشکردن یان تایبەتکردنی هەندێك کالاو خزمەنگوزاریی، چونکە گەندەڵی بەشدارە لەدووبارە تایبەتکردنی هەندێك سامان لەبەرژەوەندی ئەو هێزانەی دەسەلات قۆرخدەکەن.

٨- گرنگترین مەترسییەکانی گەندەڵی لەوەدایە کە دەبێتە وەرچەرخان لە ئاراستەی فاکتەرو پاڵنەرە ڕەفتارییەکان بەشێوەیەك، جۆرێك لەچالاکیی نابەرهەمهێن بلاودەبێتەوە کە لەهەولی قازانجی خێرادایە. وەکو فراوانبوونی کرداری ئاڵوگۆڕ (العملیات المضاربیة) کە بریتین لە کڕینو فرۆشتنی زێڕو دراو لە سەر حسابی کرداروپرۆسەی وەبەرهێنان (العملیات



الاستثماریة).کە دەبێتە هۆی دروست کردنی کالاْوخزمەتگوزاریو زیاد کردنی داهاتی نەتەوەییو چارەسەرکردنی گرفتە ئابووریو کۆمەلاْتییەکانی وەکو بێکاریو هەلْئاوسانو هەژاری.

٩ - لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانیین بلێین گەندەڵی کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەی ئابوورییە، لە کاتێدا بەرپرسێکی گەندەڵی حکومەت پێش دەستبەکاربوونی پرۆژەیەکی ئابووری داوای بەرتیل، بەش، قازانج، دەکات، ئەم گەندەلییە شوێنی باج دەگرێتەوە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی داهاتی باجەکان و لاوازکردنی ژێرخانی گشتی و خزمەتگوزارییە کۆمەلاْیەتییەکان و ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری توشی گرفتی گەورە دەکاتو قەوارە و پێکهاتەی خەرجی دەوڵەت بە لاڕێدا دەبات . **(مێهدی مێهرپەروەر ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١ ، ل١٨ )**

١٠- دابەزینی متمانەی گشتی بە ئاستی تواناو لێوەشاوەیی دەوڵەتو لاوازی پێگەی دەوڵەت لە ئاستی نێو دەوڵەتیو هەرێمایەتیو ناوخۆیی.

١١- سەقامگیریو ئاسایشی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و بەها دیموکراتیو ئەخلاقییەکان خەوشدار دەکاتو دەبێتە کۆسپ لە بەردەم

پەرەسەندنی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەوڵەتدا. ( میهدی میهرپەروەر ، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١ ، ل٥٤ )



## بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی گەندەڵی

پرۆسەی رووبەرووبوونەوەو چارەسەرکردنی گەندەڵیو نەهێشتنی شوێنەوارە ڕوخێنەرەکانی لە ژیانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتووری دەوەستێتە سەر سروشتو میکانیزمە بەکارهێنراوەکانی بەگژاچوونەوەیدا لەوانەش، ئالوگۆڕی دەسەڵات: واتە گواستنەوەی دەسەڵات لە پارتی فەرمانڕەواوە بۆ پارتە بەرهەڵستکارەکان بەپێی قورسایی ڕامیارییان لە کۆمەڵگاداو، بەرنامە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیان کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیو ئارەزووی هاوڵاتیانە لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا کە نە حکومەتی هەمیشەییو نە بەرهەڵستکاری هەمیشەییان تێدایە، چونکە دەسەڵات دەگۆڕنەوە بە گوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەگشتییەکان، کارکردن بەم سەرەتایەش دیاردەی گەندەڵی گەلێ کەم دەکاتەوە و لە سنوورە بچوکەکانیدا ئابلۆقەی دەدات، چونکە پارتی فەرمانڕەوا ئەگەر گەندەڵکاری بکات ئەوا لەو پارتە دەترسێ کە دوای خۆی دێتە سەر تەختو گەندەڵکارییەکان دەخاتە بەردەم خەڵك.

دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیش خوێنی تازە دەبەخشێو کەشی سیاسی دەبوژێتەوە بە ڕکابەری

جوامێرانە لە نێوان دەستە بژێرە سیاسییەکان کە لە کێبڕکێدان بۆ سەلماندنی پاکیو دڵسۆزییان لە خزمەتی گەلدا، دوور لە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ خزمەت بەرژەوەندییە تەسکەکانیانو ئەگەر پارتی فەرمانڕەواش لە پەیمانەکانی پەشیمان بووەوەو بەرنامەکانی جێبەجێنەکردو بە ڕێگەی گەندەڵیدا ڕۆیشت ئەوە گران لە سەری دەکەوێتو دەبێ باجەکەی بدات، کاتێك دەنگدەران دەنگ بە پارتێکی دیکە دەدەن کە ئاڵای بەگژاچوونەوەی گەندەڵی بەرزدەکاتەوە، لەوەیشەوە حکومەتی گەندەڵکار پێش ماوە دەستوورییەکەی دەڕوخێ. بەڵام کێشە لەو وڵاتانەی کەدەستاو دەستکردنی دەسەڵاتیان تێدا نییە ئەوەیە حکومەتەکانیان ماوەیەکی زۆر دەمێننەوەو لە سێبەریاندا دیاردەی گەندەڵی دەبێتە کێشەیەکی کوشندەو بازنەکانیان تابێت پانتر دەبنەوە تا ئەو ڕادەیەی تێچووی نەهێشتنی زۆر گران دەبێ، سەرباری ئەوەی کە گەندەڵی دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی دەرامەتەکانو دزینی سامانەکانو داکشانەوەی ئاستەکانی گەشەپێدان، حکومەتە گەندەڵکارەکانیش لە لێپرسینەوە ناترسن، چونکە دەزانن کەس ناتوانێ بیان دۆزێتەوە بە هۆی زۆری مانەوەیان لە حکومەدا،



سەرەڕای ئەوەش ئەگەر هاتوو حکومەتێکی پێگەیشتووی پاك هاتە سەر تەخت، ئەوە زوو یان درەنگ گەندەڵکاران لە دەستی دادوەری دەرناچن.

چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە، پێویستی بە پەرەپێدانی هەمەلایەنەی دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو بەرز کردنەوەی ئاستی توانای ئابووری هەیە، تا بتوانێ وەزیفەکانی حکومەت بە گشتیو ئەرکەکانی گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بەو پەڕی کارامەییو چوستییەوە ڕابپەڕێنێ.

## هەڵمەتی بەگژاچونەوەی گەندەڵی پێویستی بەم هەنگاوانە هەیە:

١ - بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی هەمەلایەنو هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی هەمەلایەنە بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاستو بوارەکاندا بە تایبەتی (حزبی، حکومی، کەرتی تایبەت، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ....) لە گرتنەبەری رێوشوێنێکی یاسایانە لە هەمبەر ئەو کێشەیەو هەوڵدان بۆ پابەند کردنی حکومەت بە رێکەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵیو لە بەرامبەردا شەفافیەت لە سەرجەم ئەو بوارو ئاستانەدا ببێتە سیمای هەرە دیاری حکومەتو کۆمەڵی کوردی بە چالاککردنو یەکخستنی دەزگاکانی چاودێری داراییو دامەزراندنی دەستەی نەزاهەو کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەریو داواکاری گشتی لە کوردستاندا.

**(پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی ( ی.ن.ک) ل٤٢ - ٢٠١٠)**

٢ - دەرکردنی یاساو رێسای پێویست لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی .



٣ - کردنەوەی نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی گەندەڵی سەربە پەرلەمان لە شارەکاندا بۆ بە دواداچوونی سەرجەم ئەو زانیارییانەی دەگەنە ئەو نوسینگانە لەو بارەیەوە.

٤ - کاراکردنو پاراستنی سەروەریو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دوور لە هەر دەستتێوەردانێکی دەسەڵاتی سیاسی.

٥- دامەزراندنی دەزگای چاودێریو لیکۆڵینەوە لە دۆسییەی گەندەڵی، سەربە پارلەمان .

٦- پێڕەوکردنی شەفافیەت لە بواری بەستنی گرێبەستو فرۆشتنو بە کرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت.

٧- دامەزراندنی دەزگای باڵای وردبینی لە لایەن پارلەمانەوە، بۆ دڵنیا بوون لە مامەڵە داراییەکانی کەرتی گشتی لە ناوخۆ و دەرەوە.

٨ - بەرپرسیارێتی حکومەتەکانە جەنگان دژ بە گەندەڵی، وەك یەکێك لە کارە لە پێشینەکانیان لە وڵاتدا بە ئەرکی خۆیان بزانن و رێ لە پەرەسەندنی بگرن.

٩- چاودێریکردنی لایەنەکانی خەرجکردنی سامانو دارایی دەوڵەتو لێپرسینەوە لە سامانو دارایی

بەرپرسان لە سەر بنەمای (من این لك هذا ) وە دەستبەسەرا گرتنی ئەو سامانو دەرامەتانەی کە بە شێوەی نا ڕەوا  بە دەست هێنراون.

١٠- ڕێگرتن لە بەسیاسیبوونی سیستمی بەڕێوەبردن دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی ئەو گەندەڵییانەی کە لە ئاکامی دەستێوەردانی سیاسیدا ڕوودەدەن.

١١- دەست هەلگرتنی حزبو لایەنە سیاسییەکان لە کاری دەستێوەردانی دەزگا حکومیو یاساییەکاندا.

١٢- کردنەوەی خولی هۆشیارکردنەوەی درێژ خایەنو کورت خایەن بۆ  کارمەندانو فەرمانبەران سەبارەت بە هۆکارەکانی گەندەڵیو زیانەکانیو شێوازەکانی جەنگین دژبەو دیاردەیە.

١٣- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بە مافەکانیانو ڕاهێنانیان لە سەر بە گژاچوونەوەی گەندەڵیو ڕاهێنان لە سەر مامەڵە کردن لە گەڵ دەزگاکانی حکومەت لە سەر بنەمای داواکردنی مافەکانیان نەك سەندنەوەی مافەکانیان.

١٤- هاندانی هاوڵاتیانو کارمەندانی دەستپاك بۆ ناردنی زانیاریو جاڕدانی گەندەڵی بینراو.

١٥- ڕێگرتن بە گەندەڵی لە دامەزراندن : گەندەڵی لە دامەزراندن بە مانای هەڵاواردنو بایەخنەدان بە



پێوەرەکانی لێوەشاوەیی لە هەڵبژاردنو دیاری کردنو پلە بەرز کردنەوەی کارمەندان.

١٦- بەرزکردنەوەی موچەی کارمەندانی حکومەت، هۆکارێکی سەرەکی گەشەی  گەندەڵی کێشەی داراییو ئابووری کارمەندانە بۆیە بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرەرانیان بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە هۆی دابەزاندنی ڕێژەی گەندەڵی.

١٧- سزا دانی سەرجەم ئەو کەسو کارمەندانەی کە تێوە گلاون لەم دیاردەیەوە لە هەر پلەو پایەیەك بن بەبێ جیاوازی.

١٨- رەخساندنی کەشێکی ئازادو دیموکراتیانە بۆ ڕۆژنامەو میدیاکان لە بە دەستهێنانی زانیاریو ئاشکراکردنی گەندەڵیو ئاماژەکردن بەو کەسانەی کەمتەرخەم یان تاوانبارن، لە لایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو پەردە هەڵماڵین لە سەر ئاستی سەرپێچییەکانیان، گەیاندنی زانیاری دوژمنی پلەیەکی گەندەڵییە، هەروەها یەکێکە لە میکانیزمە بە هێزەکانی بە گژاچوونەوەی گەندەڵی چاپەمەنییەکانە، ئازادی چاپەمەنی ڕۆڵی گرنگ لە دەستنیشانکردنی رەهەندەکانی گەندەڵێدا دەگێرێ.

١٩- كاركردن به بنهماى دانانى (كهسى شياو له شوێنى شياو) وه جاڕدانو بانگهوازكردنى ئاشكرا له كاتى بوونى ههلى كاركردن له دهزگا حكومييهكان، له سهر بنهماى كێبڕكىێو تواناو لێهاتوويى فهرمانبهران دابمهزرێنن دوور له واسيتهو تهزكييهى حزبىو ...هتد

٢٠- كاركردن به سيستمى (خۆپاراستن له چارهسهركردن باشتره) واتا ههوڵدان بۆ ڕوونهدانى گهندهڵى نهك گهڕان بۆ دۆزينهوهى چارهسهر له دواى ڕوودانى.

(عهلى ڕهبيعى ،سهرچاوهى پێشوو، ٦- ٧).

٢١- چاو خشانهوه به ياساو ڕێنماييهكانى كاركردنو دامهزراندن له دامو دهزگاكانى حكومهتو ڕێگه گرتن له دياردهى واستهو بهرتيلو...هتد جهختكردن له سهر ئهخلاقيهتى وهزيفىو تواناى زانستىو لێهاتوويى له دامهزراندنو پله بهرزكردنهوهو پاداشتكردنو...هتد

٢٢- بهردهوام چاوخشانهوه به سيستمى دابهشكردنى مووچهو كرىێو ڕاگرتنى هاوسهنگى بارى بژێويى له نێوان چينى مووچه خۆرانو چينهكانى ترى كۆمهڵگا.

٢٣- دابينكردنى دادپهروهرى كۆمهڵايهتى له كۆمهڵگه، كهمكردنهوهى جياوازى نێوان دهوڵهمهندو



ههژار، داڕشتنى ميكانيزمو ياساو ڕێساى گونجاو بۆ داهاتوخهرجى وڵات.

٢٤- چاكسازى له سيستمى بودجهدا، دامهزراندنى سيستمى باجى كارامهو پێكهێنانى سيستمى بهڕێوهبردنى ئهليكترۆنى، چاكسازى له سيستمى موچهو نه هێشتنى ههڵاواردن له دابينكردنى موچه له ئاسته جياجياكاندا.

٢٥- دهستێوهرنهدانى حكومهت له چالاكييه ئابوورييهكان، سهقامگيرى ئابوورى، كۆنترۆڵى ههڵئاوسانو تهنگهژهى ئابوورى، بهرزكردنهوهى داهاتى تاكو ئاستى بژيوى خهڵك دابهشكردنى داد پهروهرانهى داهات له گرنگترين هۆكارهكانى چارهسهركردنى ئابووريانهى گهندهڵييه .

٢٦- دامهزراندنى دهزگاى چاودێرى فره ڕهههند له پسپۆڕانو شارهزايانو دهزگا جۆربهجۆرهكان. ههروهها دامهزراندنى سيستمى بانكى پێشكهوتوو.

٢٧- چاودێرى توند له سهر باج و گومركو كڕينو فرۆشتنو به كرێدانهكان، تێكدانى گروپو تهكهتولهكانى مهترسيدار لهدهزگا حكومييهكانداو نوێ كردنهوهى كارگێڕىو سوود وهرگرتن له بهڕێوهبهرانى پسپۆڕىو دهستپاك.

٢٨- چاكسازى سيستمى بەڕێوەبردن: -

ا - لە بوارى بەڕێوەبردندا چاكسازى لە ناو فەرمانگەكانى حكومەت، گۆڕينى پەيكەرى ئيدارى كۆن‌و داڕشتنەوەى بە شێوازێكى هاوچەرخ كە گونجاو بێت لە گەڵ ئەرك‌و فرمانەكانى سيستمى كارگێڕيدا، بە لەبەرچاوكردنى لێوەشاوەيى‌و پسپۆڕى لە دامەزراندن‌و ديارى كردن‌و بەرزكردنەوەى پلەى كارمەندان.

ب - بەرزكردنەوەى ئاست‌و تواناى بەڕێوەبردنى بەڕێوەبەران‌و بڵاوكردنەوەى هوشيارى كارگێڕى لە ناوياندا، گەشەپێدانى توخمى مرۆيى گرنگترين هەنگاوى گەشەپێدانى بەڕێوەبردنە. چونكە بەڕێوەبەران‌و فەرمانبەران ئەركى جێبەجێكردنى ئەركەكانى دەوڵەتيان دەكەوێتە ئەستۆ. بۆيە سەركەوتنى بەڕێوەبردن لە جێبەجێكردنى ئەركەكانيدا، بەندە بە ئاست‌و تواناى فەرمانبەران‌و بەڕێوەبەرانەوە.

( ئەحمەد،سەرچاوەى پێشوو،٢٠٠٥ http www.reform-kurd.com )

ت- پەرەپێدانى ياساو ڕێنماييەكان بە تايبەتى ئەوانەى پەيوەندييان بە كارو بارى فەرمانبەران‌و



دارايى يەوە هەيە، ئەبێتە هۆى ڕاكێشانى توخمى باش‌و لێوەشاوەو بەتواناى فەرمانبەران بۆكاركردن لە دەزگا حكوميەكان، ئەوەيش بە پێدانى دەستخۆشانەو پێشكەشكردنى خزمەتگوزارى باشتر بۆ هاوڵاتيان.

پ- دەسەڵاتى پاوانخوازى بەڕێوەبەرو بەرپرسان سنوردار بكرێت.

ج- سەر لە نوێ ڕێكخستنەوەى پەيكەرى حكومەت، بە هەڵوەشانەوەى دام و دەزگا زيادەكان‌و يەكخستنى دام‌و دەزگا لێكچووەكان لە ڕووى كاروو چالاكى‌و خزمەتگوزارييەوە.

ح- كاركردن بە سيستەمى (التدوير الوظيفي)و گۆڕينى شوێنى بەڕێوەبەران لە ماوەى نزيك نزيكدا بۆ ڕێگەگرتن لە دروستكردنى تۆڕ و باندى گەندەڵى.

خ- كەمكردنەوەى ڕۆتين‌و نەهێشتنى شوێنەوارى خراپى بيرۆكراسى.

٢٩ - لە بوارى پەروەردەيى :

پێويستە وانەى نەهێشتنى گەندەڵى بخرێتە ناو پرۆگرامى خوێندنەوە، چونكە كاريگەرييەكانى گەندەڵى بۆ نەوەكانى داهاتوو كەمتر نيين لەو كاريگەرييانەى ئيستا گەلان گيرۆدەى بوون، بۆيە

پێویسته له خوێندگاكاندا بۆ هه‌موو قۆناغه‌كان وانه‌یه‌ك ده‌رباره‌ی گه‌نده‌ڵیی‌و جۆرو شێوازو هۆكارو كاریگه‌رییه‌كانی هه‌بێت، به‌ره‌چاوكردنی سروشتی هه‌ر قۆناغێكی خوێندن، ( چین )ییه‌كان چه‌ندین وانه‌ی تایبه‌تیان له‌باره‌ی نه‌هێشتنی گه‌نده‌ڵی‌و ئه‌و پێوه‌رانه‌ی ده‌بێت په‌یڕه‌ویی بكرێن، خستووه‌ته ناو پرۆگرامی فێركردنه‌وه له‌سه‌رجه‌م قۆناغه‌كانی خوێندن له‌قوتابخانه‌كانی په‌كینی پایته‌ختدا. ئه‌م وانه‌یه‌ش ناوی (فێركردنی ده‌ستپاك)ییه. ئه‌م ئه‌زموونه چینییه له‌مبواره‌دا، به‌ئامرازێكی كارا داده‌نرێت.

له‌گه‌ڵ بڵاوبوونه‌وه‌ی دیارده‌ی گه‌نده‌ڵی ئێمه‌ش پێویستمان به‌بڵاوكردنه‌وه‌ی به‌هاكانی ده‌ستپاكی‌و پاراستنی سامانی نه‌ته‌وه‌یی هه‌یه، ئه‌مه‌ش پێویستییه‌كی نیشتمانییه.

**(طارق الدباغ ) وه‌رگێرانی: ماڵپه‌ری چاودێری**

www.chawdery.com



## به‌گژاچوونه‌وه‌ی گه‌نده‌ڵی له‌ سه‌ر ئاستی نێوده‌وڵه‌تی

بێ گومان ڕێكه‌وتننامه‌كانی بنه‌بڕكردنی گه‌نده‌ڵی گرنگیی تایبه‌تی خۆی هه‌یه له‌م چاره‌سه‌ره ئه‌گه‌ر ئه‌م ڕێكه‌وتننامه‌یه(ڕێكه‌وتننامه‌ی بنه‌بڕكردنی گه‌نده‌ڵی) به ته‌واوی جێبه‌جێ بكرێ، ئه‌وا ده‌توانێ جیاوازییه‌كی گه‌وره له چۆنیه‌یتی ئه‌و ژیانه‌دا دروست بكات، كه ملیۆنان مرۆڤ له جیهاندا ده‌یگوزه‌رێنن. هه‌روه‌ها ده‌توانێ به لادانی یه‌كێك له گه‌وره‌ترین له‌مپه‌ره‌كانی به‌رده‌م گه‌شه‌كردن كۆمه‌كمان بكات، له گه‌یشتنه ئامانجه‌كانمان بۆ گه‌شه‌پێدان له هه‌زاره‌ی نوێدا.

ڕێكه‌وتننامه‌كانی بنه‌بڕكردنی گه‌نده‌ڵی له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست‌و باكوری دا چێوه‌یه‌كی یاسایی نێوده‌وڵه‌تی دابین ده‌كه‌ن بۆئه‌وه‌ی حكومه‌ته‌كان‌و هاوڵاتیانی ناوچه‌كه بتوانن بگه‌ڕێنه‌وه‌سه‌ری له‌پێناوی خستنه‌گه‌ڕی هه‌وڵی پته‌وكردنی دامه‌زراوه‌كان‌و چاره‌سه‌ركردنی گرفتی گه‌نده‌ڵی. هه‌روه‌ها بناغه‌یه‌كیش بۆ هاریكاریردن له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تانی تردا ده‌ڕه‌خسێنن بۆ ئه‌نجامدانی ئه‌و به‌ندانه‌ی كه له ڕێكه‌وتننامه‌ی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان بۆ بنه‌بڕكردنی گه‌نده‌ڵی بۆ دژایه‌تیكردنی تاوانی ڕێكخراو له‌ڕێگه‌ی سنوره نیشتمانییه‌كانه‌وه. ئه‌م ڕێكه‌وتننامانه به‌ڵگه‌ن

لەسەر بوونی کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە سەریهەڵداوە و دانی بەوەداناوە گەندەڵی گرفتێکی گەورەیەو پێویستی بە چەند شیکاریو چارەسەرییەکی وا هەیە، کە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتییانەی لەسەر بێ. کۆتاییهاتنی شەڕی سارد کۆمەڵە هەلێکی ڕەخساند بۆ دانانی کۆمەڵە ڕێکەوتنێکی هەرێمایەتیوجیهانی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی، ئەمەیش بەهۆی ئەو گۆڕانە جیۆسیاسییانەوە بوو-کە هیچ نەبێ بۆماوەیەکی کاتی ئەو عەقڵیەتە ئاسایشییە نیشتمانییەی لادا، کە کۆمەك‌و هاریکاریی بە سیستەمە گەندەڵەکانی جیهان دەکرد. خشتەی کاری قۆناغی پاش شەڕی سارد کە بڵاوکرنەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسیو لێپرسینەوەو شەفافیەتی تێدایە جەختی لەسەر گرنگیدان بە دامەزوراوە داراییەکانو ئەوانی تری گەشەپێدانی سەرەکیو گرفتی گەندەڵی کرد. لە هەمان کاتیشدا دەستپێشخەرییەکانی سەراپای جیهان سەبارەت بە بەتایبەتکردنی کەرتەکانو لادانی لەمپەرەکان چەند هەلێکی نوێی بۆ گەندەڵی ڕەخساندو مەترسییەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە، لەبەرئەوەی گرفتی گەندەڵی ڕووی لە کەڵەکەبوون کرد. فشارێکی



تر بۆسەر بەرنامەی کاری دەوڵەتی بریتییە لەو ڕاستییەی، کە ئەو کۆپانیا فرەڕەگەزانەی ناوەندەکانیان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بۆ سەردەمێکی درێژ خۆیان بە بێبەریکراو لەو شانسە دەبینی، کە دەبوو لەناو بازاڕی جیهانیدا هەیانبێت، بەهۆی ئەو یاسای پراکتیکی گەندەڵیی بێگانەیەی، کە لە ساڵی(١٩٧٧)دا دەرچووبو سزای تاوانکاریی بەسەر ئەو لایەنانەدا دەسەپاند، کە لەگەڵ لایەنانی دەرەکیدا دەستیان لە بەرتیلداندا هەبوبێ. پاشان حکومەتی ئەمریکا خۆی بووە سەرپەرشتیکارێکی پێشەنگ بۆ ئەو هەوڵانەی کە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ سنوردانان بۆ بەرتیلدان لە ڕێگەی سنورەکانەوە خرابوونەگەڕ. هەمووو ئەمانە وەك پاڵ پێوەنانێك وابوون بۆ ئەو دەستپێشخەرییانەی کە بۆ پەرەپێدانی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی خرابوونەکار.

ئەو ڕێکەوتننامەی بنەبڕکردنی گەندەڵییەی کە لە کۆتایی ساڵی(٢٠٠٣)وە پێیگەیشتوون، بریتییە لە نوێترین ڕێکەوتننامەی ناو زنجیرە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم دەیەی دووایی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی. وە داننان بەوەی گەندەڵی گرفتێکەو دەبێ

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، نەك تەنها لەسەرئاستی ناوخۆیی.

ئەو ڕێکەوتننامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ دژایەتیکردنی تاوانی ڕێکخراوبوو لەڕێگەی سنورە نیشتمانییەکانەوە و لەپێش ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی. هەروەها دانانی گەندەڵی وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی تاوانی ڕێکخراو، بووە بناغەی هەندێك لە حوکمەکانی ڕێکەوتننامەی بنەبڕکردنی گەندەڵی.

ڕێکەوتننامەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی بریتین لە ((چەند ڕێکەوتننامەیەکی نوسراوی نێودەوڵەتی ئیلزامی لەنێوانی چەند دەوڵەتێك کە بەپێی چەند یاساو پێوەرێك بەڕێوەدەچن، کە ڕێکەوتنیان لەسەر هەیەو بڕێکی زۆری ئیلتیزامی سیاسییانەی هاوبەشیان هەیە. لەبەرچاوگرتنی ئە ڕێکەوتننامانە لەلایەن کۆمەڵە گشتییەکانی ئەم حکومەتانەوە، وەکو کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکان گوزارە لە کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتییانە دەکات سەبارەت بەو کێشانەی، کە ئەم ڕێکەوتننامانە دەیانگرێتەوە. بۆیە ئەم کۆدەنگییە



کاتێك باشتر پتەو دەبێ، کە ژمارەیەکی گەورە تری حکومەتەکان پەسەندی بکەن.))

ڕێکەوتننامەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی کۆمەڵێك پێوەرو پێداویستی دەگرێتەوە بۆ خۆپارێزیو پشکنینو سزادانی کردەکانی گەندەڵی. چێوەی هەندێکی ڕێکەوتننامەکان زۆر فراوانن، بەڵام هەندێکی تریان هەیە کایەکەیان بەرتەسکترەو ژمارەیەکی کەمی دەوڵەتان دەگرێتەوە.

هەندێك لە ڕێکەوتننامەکانو لەناویشیاندا ڕێکەوتننامەی بنەبڕکردنی گەندەڵی، چەند حوکمێکی زۆرەملێی تێدایە، دەبێ ئەو دەوڵەتانەی پەسەندی دەکەن جێبەجێی بکەن، هەروەها حوکمی ئارەزوومەندانەو خۆویستیشیان تێدایە، کە دەوڵەتان هەن خۆیان بەبێ ئەوەی ناچار بکرێن جێبەجێی دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم حوکمە خۆویستانە ڕێوشوێنی دروستن، بەڵام لە هەندێ باردا کۆسپی یاسایی هەیە لەبەردەم ئەوەدا ببرێنە ناو سیستی یاسایی دەوڵەتێکەوە. وەپێویستە ڕێوشوێنە پێویستەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی بەپێی چەند ڕێکەوتننامەیەكو لەمیانەی تەشریعو یاساو سیاسەتو پراکتیکەوە پیادەبکرێ. سەرباری ئەوەی، کە

هەمواركردنی یاسا گرنگە، بەڵام لەهەمانكاتدا بەسیش نییە.

بوونی ڕێكەوتننامەكانی بنەبڕكردنی گەندەڵی بەڵگەیە لەسەر ئاستی شێلگیر بوونی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕوانینە كێشەی بنەبڕكردنی گەندەڵیو پێویستیی گەیشتنە چارەسەری هاوبەش. بەڕوانینێك بۆ جاڕدانە نێودەوڵەتییانەی بۆ ئەم ڕێكەوتننامانە دەردەكەوێ ئەو پێوەر و پێداویستییانەی كە ئەم ڕێكەوتننامانە بۆ حكومەتەكانی دیاری دەكەن كێشێكی باشیان هەیە، بۆیە دەبینی حكومەتەكان دەگۆڕێن، بەڵام ئەم ڕێكەوتننامانە هەر پیادەدەكرێن.

بۆیە دەكرێ ئە ڕێكەوتننامانە فشاری حكومەتەكان بۆسەر یەكتریو فشاری میللیش بۆسەر حكومەتەكان دروست بكەن بۆ ئەوەی پەیڕەوی لەو پێوەرو داخوازییانە بكەن كە تیایاندا هاتوون. چونە ئەمانە وەكو ئامرازێك وان بە دەستی هاولاتییانو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنییەوە بۆ خستنە بەر لێپرسینەوەی حكومەتەكانیان سەبارەت بە كارو كردەوەیان دەربارەی بنەبڕكردنی گەندەڵی. هەروەها كۆمەڵە سەكۆیەك بۆ كۆبوونەوەی حكومەتەكان دەڕەخسێنێ بۆئەوەی گفتوگۆ لەسەر كێشەكانی



گەندەڵی بكەنو چەمكەكانیان یەكبخەنو ئەو هەوڵانە بخەنەپێش چاو، كە بۆ بنەبڕكردنی نراون . (كامیل قەرەداغی، ٢٠٠٨ ، ٣٣ – ٣٩)

ڕێكەوتننامەو ڕێوشوێنە دوولایەنەو فرەلایەنەكاندا هەڵدەستێت بە دروستكردن، یان پەرەپێدان، یان باشكردنی بەرنامەی مەشق پێكردن بۆ ئەو فەرمانبەرانەی، كە بەرپرسیارن لە قەدەغەكردنو بنەبڕكردنی گەندەڵی. دەكرێ ئەو بەرنامانەی مەشق پێكردن لەگەڵ كۆی شتەكانیدا ئەم بوارانەیش بگرێتەوە.

**(مەكتەبی چاودێری و پشكنینی (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان٢٠٠٨ ١١٤-١١٨):**

١- دانانی ڕێوشوێنی كاریگەر بۆ قەدەغەكردنی گەندەڵیو ئاشكراكردنیو لێكۆڵینەوە لێی، یان سزادانی خەڵك لەسەریو بنەبڕكردنی، بە بەكارهێنانی شێوازەكانی كۆكردنەوەی بەڵگەو لێكۆڵینەوە لە سەر دیاردەكە.

٢- بونیادنانی توانای باش لەبواری داڕشتنو پلاندانان بۆ ستراتیژیی بنەبڕكردنی گەندەڵی.

٣- مەشق پێكردنی دەستەڵاتە تایبەتمەندەكان بۆ ئامادە كردنی بەگژاچوونەوەی دیاردەكە.

٤- هەڵسەنگاندنو کۆمەککردن بە دامەزراوەکانو سەرۆکاریکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانو کارگێڕیی دارایی گشتی.

٥- دۆزینەوەو قەدەغەکردنو بنەبڕکردنی گواستنەوەی داهاتی ئەو کارانەی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە تاوانو گەڕاندنەوەی ئەو داهاتانەی دەستیان کەوتووە لە ڕێگەی چاودێری کردنو هەڵدانەوەی ئەو داهاتانەی کە بە داهاتی تاوان ناسراون. وەك کارئاسانیکردنێك بۆ گەڕاندنەوەی داهاتەکانی ئەوکارانەی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەتاوان دانراون، دەکرێ دەوڵەتە لایەنەکان هاریکاریی یەکتربکەن بەوەی ناوی ئەو پسپۆرانەیان بدەن بە یەکتری، کە دەتوانن بۆ پێکانی ئەو ئامانجە یارمەتیدەربن. دۆزینەوەی میکانیزمو شێوازی یاسایی کاریگەرو کارگێڕیی گونجاو بۆ ڕاییکردنی گەڕاندنەوەی داهاتەکانی ئەو کارانەی بەپێی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەتاوان دانراون.

٦- ئەو ڕێگایانەی لەبەرچاوگیراون بۆپاراستنی ئەو قوربانیو گەواهیدەرانەی هاریکاری لەگەڵ دەستەڵاتە دادوەرییەکاندا دەکەن.



٧- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا، دەڕواننە ئەوەی بەپێی توانایان ئەوپەڕی بڕی گونجاوی یارمەتیی پێشکەشی یەکتر بکەن، بەتایبەتییش پێشکەشی دەوڵەتە تازەگەشەکردووەکان، لەبواری ئەو پلانو بەرنامانەیاندا کە تایبەتن بە بنەبڕکردنی گەندەڵییەوە، بە کۆمەکی داراییو مەشق پێکردن لەو بوارانەدا.

٨- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا بەپێی پێویست هەوڵەکانیان یەکدەخەن، بۆ هێنانەکایەی زۆرترین بڕی چالاکیی کرداریو مەشق پێکردن، لەناو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیو هەرێمایەتییەکانداو لە چێوەی ڕێکەوتن، یان ڕێوشوێنە دوولایەنو فرەلایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

٩- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا دەڕووانننە مەسەلەی یارمەتیدانی یەکتری لەکاتی داواکردنیدا بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەبارەی جۆرو هۆکارو شوێنەوارو تێچوونەکانی گەندەڵی لە وڵاتەکانیاندا، بۆئەوەی بە یارمەتیدانی یەکتری دەستەڵاتە تایبەتمەندەکانو کۆمەڵگە ستراتیژو پلانی کار بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی دابنرێت.

١٠- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا دەڕوواننە مەسەلەی سوودوەرگرتن لە کۆنگرەو کۆڕی لێکۆڵینەوەی هەرێمایەتیو نێودەوڵەتی بۆپتەوکردنی هاریکاریی یەکتو یارمەتیدانی تەکنیکیو هاندانی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو گرفتانەی کە دەبنە هۆی سەرقاڵکردنی گشتی، بەگرفتو پێداویستییە تایبەتییەکانی ولاتە تازەگەشەکردووەکانو ئەو دەوڵەتانەیشەوە، کە ئابورییەکانیان لەقۆناغی وەرچەرخاندایە.

١١ – هەولێکی تری دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا پێشکەش کردنی هاوکاری دارایی‌و تەکنیکییە بۆ ولأتە تازە گەشە کردووەکانو ئەو ولأتانەی ئابوورییەکەیان لە قۆناغی وەرچەرخاندایە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بەگژاچوونەوە و قەدەغە کردنی گەندەڵیو جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیە

١٢- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا لە نێوانی خۆیاندا هاوکاری پتەوی یەکتر دەکەن بە شێوەیەك لە گەڵ بنەما یاساییو کارگێڕییە



ناوخۆییەکاندا بگونجێ، لە پێناو بنەبڕکردنی ئەو تاوانانەدا کە پەیوەندییان بەم ڕێکەوتننامەیەوە هەیە.

١٣- دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا لە نێوان خۆیاندا کەناڵی بەدەستهێنانو ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییان دامەزراندووە، چاودێری جموجوڵە تاوانکارییەکان دەکەن کە ئەم ڕێکەوتننامەیە دەیانگرێتەوە.

١٤- ئەو دەوڵەتانە لە سنوری توانای خۆیاندا هەوڵ دەدەن هاوکاری یەکتربکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تاوانانەی ڕێکەوتننامەکە دەیانگرێتەوە و لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرنەوە ئەنجام دەدرێن .

١٥- جۆرێکی تری هاریکاری نێوان دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکەوتننامەکەدا ئەنجامدانی چاودێریو پشکنینە لە بارەی :

ا- ناسنامەی ئەو کەسانەی گومان دەکرێت لەو تاوانەوە گلابن، لە گەڵ شوێنی نیشتەجێبونو چالاکییەکانیانو هاوڕێو کەسە نزیکەکانیان.

ب-جوڵەی داهاتەکانو ئەو موڵکانەی لەئەنجامی گەندەڵکارییەوە بە دەستهاتوون.

پ- جوڵەی ئەو کەرەستەو ئامرازانەی کە بەکارهێنراون  یان دەکرێت بە کاربهێنرێن بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەندەڵی.

جۆن براندولینۆ، بەڕێوەبەری بەرنامەی نەهێشتنی تاوانەو دیفید لۆنا، بەڕێوەبەری پێشنیازەکانی نەهێشتنی گەندەڵیی. لەنوسینگەی نێودەوڵەتی کاروباری مادە هۆشبەرەکانو جێبەجێکردنی یاسا لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

هەردوو نوسەر لێرەدا کۆمەڵێك لەڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییە هەمەلایەنەکان کورتدەکەنەوە، کە دەبنە تۆڕی جیهانیی بۆ نەهێشتنی تاوان:

نەهێشتنی گەندەڵیی کە جاران تەنیا لەچوارچێوەی پسپۆڕییەکانی حکومەتی هەر وڵاتێکدا بوو، ئێستا بووەتە ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە هەموو بەیەکەوە وەك تەواوکارو یاریدەدەری هەوڵەکانی حکومەتەکانن

لەڕابردوودا گەندەڵیی دیاردەیەکی بەئەندازەیەك بەربڵاوبوو کە چارەسەرکردنیو بەگژداچوونەوەی کارێکی (مەحال) بوو، بەڵام لەپازدە ساڵی رابردوودا



کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانی پۆزەتیڤو بەرچاوی بەخۆوە بینی لەڕێگریکردن لە گەندەڵیی جیهانیدا. پێش ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە، وڵاتەکان تەنانەت ئارەزوویان بە لێکۆڵینەوەش نەدەکرد لەبواری گەندەڵیداو تەنیا بەکێشەیەکی ناوخۆییان دادەناو هیچیتر. ئێستا ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵەو رێکخراوی جیاجیا میکانیزمی هەمەلایەنە هەن تایبەت بە چارەسەریی گەندەڵی .

پێش پازدە ساڵ، وڵاتان چاوپۆشییان ئەکرد لەو بەرتیلانەی دەدرایە کەسایەتییە رەسمییە بیانییەکان، بەڵام ئەمڕۆ، ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتان پێکەوە کاردەکەن بۆ دادگاییکردنی ئەو بەرتیلدانانە، لەڕاستیدا، هەندێك لەوڵاتان بەهەڵە پازدە ساڵ لەمەوبەر دەیانووت، کە گەندەڵی واقیعێکی قبوڵکراوە، یان بەمەبەستی ئاسانکاریی لەکارەکاندا لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، بەڵام ئەمڕۆ کەس ناوێرێت شتی وا بڵێت.

لەساڵی ١٩٩٦-ەوە، رێككەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی رۆڵیان هەبووە لەبەرزکردنەوەی پابەندبوونی سیاسیی بۆ نەهێشتنی گەندەڵییو داڕشتنی پێوەرو پراکتیزە نێودەوڵەتییە بنەڕەتییەکان

بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە. لەڕابردوودا وادەزانرا ڕێگریی لەگەندەڵی بابەتێکە تایبەتە بەهەر حکومەتێك بەتەنیا، بەڵام ئێستا هاوڕایی جیهانیی لەسەرە، بەهۆی ڕێککەوتننامەکانی نەهێشتنی گەندەڵییەوە، کە داتا زیادبووەکان پشتڕاستیان دەکاتەوە لەبارەی ویستی سیاسییەوە کە لەتوانای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەیە کە هاوکاریی‌و تەواوکارییەکانی ئەنجامبدات بۆ یارمەتیدانی حکومەتەکان لەنەهێشتنی گەندەڵییدا. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرژەوەندیی راستەقینەیدایە ببینێت گەندەڵیی لەناوخۆدا چارەسەر دەکرێت، هەروەك چۆن لەسەر ئاستی جیهانیی چارەسەردەکرێت.



## یەکخستنی بنەماکانی نەهێشتنی گەندەڵی:

ڕێککەوتننامە هەمەلایەنەکانی نەهێشتنی گەندەڵیی، بنەما باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی بەیەکەوە کۆدەکاتەوەو شێوەیەکی فەرمی دەداتە پابەندبوونی حکومەتەکان لەجێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەدا، کە بەم دواییانە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی (UNCAC) لەخۆیگرتووە. ئەم دۆکیۆمێنتە لەوە دوورتر دەڕوات کەتەنیا داوا لەحکومەتەکان بکات، گەندەڵییە جۆراوجۆرەکان بەتاوان بناسێنن، بەڵکو دانبەوەدادەنێت کە تێکۆشان دژ بەگەندەڵیی لەچەندین لایەنەوە پێویستی بەکاری بەرنامە بۆ داڕێژراو هەیە.

ئەو ڕێککەوتننامانە کە لایەنێك یان زیاتر کارەکانی دژە گەندەڵی چارەسەردەکەن، ئەمانەی خوارەوەن:

## جێبەجێکردنی یاسا:

دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەو دادگا، دەسەڵاتی دادوەری، ڕەگەزی بنەڕەتی ئاشکراکردنی گەندەڵیی گشتیی‌و دادگاییکردنیانن. ئەمەش بەم سیفەتە حکومەتەکان ناچاردەکات یاسای (دژی تاوان)ی کارا

دابڕێژن‌و سزاو ئامرازی جێبەجێکردنی یاساو بەرگرتن لەبەرتیل‌و کارە گەندەڵییە بنەڕەتییەکانی دیکە بەهێزبکەن.

## ڕێگرتن لەگەندەڵیی لەکەرتی گشتیدا :

زوربەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی لە کەرتی گشتی حکومەتەکان ناچار دەکەن کۆمەڵێك ڕێووشوێنی زۆر بگرنەبەر، وەك پاراستنی پێوەرە باڵاکان بۆ ڕەفتارکردنی فەرمانبەرە ڕەسمییەکان، بەدانانی سیستمی شەفاف بۆ کڕدراوەکان (مشتریات)و بۆ بەڕێوەبردنی دارایی‌و بەرگرتن لەپێکداچوونی بەرژەوەندییەکان‌و داواکردنی دەرخستەی دارایی کەسیی‌و پاراستنی ئەو کەسانەی گەندەڵییەکان ئاشکرادەکەن‌و پێکهێنانی دامودەزگای لێپێچینەوەی ژمێریاریی کارا لەناوەوەو دەرەوەی حکومەتداو مسۆگەرکردنی گەیشتن بەزانیارییەکانی حکومەت.



## ڕێگرتن لەگەندەڵیی لەکەرتی تایبەتدا :

زوربەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی دژە گەندەڵیی تیشك دەخەنە سەر ئەو ڕێوشوێنانەی بەشێوەیەکی باش کاردەکەنە سەر ڕەفتارەکانی کەرتی تایبەت‌و حکومەتەکان ناچاریان دەکەن پابەندبن پێوەی، وەك پاراستنی چوارچێوەی کاری یاسایی بۆ بەرگرتن لەشاردنەوەی پارە دراوە نا رەواکان‌و بەرتیل، لەژمێریاریی کۆمپانیاکانداو فێڵ‌و تەڵەکەی کۆمپانیاکان‌و ڕێگرتن پارە بەخشین بە بەرتیل، لەبری باجەکان. یەکێك لە ڕەفتارە دزێوەکانی کەرتی تایبەت خۆدزینەوەیە لەباج‌و گومرگ ئەمانە هەڵدەستن بە پێدانی بەرتیل بە بەرپرسە حکومییەکان بۆ بەدەستهێنانی کەمکردنەوە لەباجەکان یان لێخۆشبوون بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، یان کەمکردنەوە لەگومرگ‌و لێخۆشبوونیان لەڕێگەی فێڵکردن لەیاسا، لەزوربەی حاڵەتەکانیشدا ئەو بەرپرسە حکومییانە هەڵدەستن بەگۆڕینی چەندایەتی‌و چۆنایەتی کەلوپەلە هاوردەکراوەکان لەنوسراوەکاندا بۆ کەمکردنەوەی بڕی گومرگی پێویست کە دەبێت بیدەن بەخەزێنەی دەوڵەت، لەبەرامبەر ئەمەشدا بەرتیل لەهاوردەکار وەردەگرن،

ئەمە خۆی لەخۆیدا فێڵو ساختەکردنەو یاریکردنە بەیاساو ماشینەوەی موڵکی گشتییە.

هەروەها لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا، دەوڵەت هەڵدەستێت بەکڕینی بڕێکی زۆری کەرەستەو پێویستییەکان لەبازاڕی ناوخۆدا بۆ پرۆژەکانی لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە، ئەمەش لەڕێگەی کەمکردنەوەوە کە کەرتی تایبەتی ناوخۆ پێشکەشی دەکات، پێشبڕکێ لەسەر ئەم کەمکردنەوانە پاڵ بەکەرتی تایبەتەوە دەنێت بەرتیل بداتە هەندێك لەبەرپرسە حکومییەکان بۆ بەدەستهێنانی کەمکردنەوەکە، ئەم جۆرە رەفتارانە وا لەبەپرسی گەندەڵی حکومیی دەکات نرخی کاڵاو کەلوپەلەکان زیادبکات بەمەش بەهای گشتیی پرۆژە ئابووریی‌و خزمەتگوزارییە ناوەندو گەورەکان زیاد دەکات، چونکە کەرتی تایبەت بڕی ئەو بەرتیلو تێچوونە زیاد دەکات، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت گوژمەی زیاتر بخاتە سەر بەهای گرێبەست و پرۆژەکان. هەرچەندە خەڵکانێکی زۆر پێیانوایە کە گەندەڵیی هەڵەیەکی حکومەتە، بەڵام گەندەڵیی لەکەرتی تایبەتیشدا بوونی هەیە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کەرتی تایبەت



تاڕادەیەکی زۆر بەرپرسیارە لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لە وڵات و لە کەرتی گشتیشدا.

( زیاد عربیة ابن علي ، سەرچاوەی پێشوو، )

## ڕێککەوتننامەو پێشنیازە نێودەوڵەتیەکان:

گشتگیرترین ڕێککەوتننامەو شیاوترینیان بۆ جێبەجێکردنی جیهانیی، تا ئەم ساتە، لەژێر سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گەشەی پێدراوە، لەدانوستانێکدا کە دوو ساڵی خایاندو تایبەت بوو بەبەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دژایەتی گەندەڵیی، کە لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٥-ەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو زیاتر لە ١٤٠ دەوڵەت بەشداربوون تیایدا، ئەم ڕێککەوتننامەیە هەموو ئەو بوارانەی لەسەرەوە باسکراون دەگرێتەخۆو یەکەمجارە بواری کار بۆ هاریکاریی لەپێناو حاڵەتەکانی گێڕانەوەی دارایی هەڵدەسەنگێنێت، هەروەها ئەم ڕێکەوتننامەیە لەڕێگەشیدایە کە ببێتە یەکەم ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ڕاستەقینە بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی کە هەموو جیهان جێبەجێی کردبێت، چونکە تائێستا ١٤٠وڵات و ٨٠ گروپ ئیمزایانکردووە.

## بەرەو پێشچوون و گرنگیدان :

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی بەردەوامن لەڕۆڵبینیی بنەڕەتی لەگەشەی ئیدانەی نێوەدەوڵەتی گەندەڵییدا، چونکە حکومەتەکان ناچاردەکات ڕێووشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ ئاسانکاریی‌و هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان‌و یارمەتی هونەریی.

بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی (UNCAC) پێشکەوتنێکی بەرچاوە لەهەیکەلی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵیدا،

**وەرگێرانی: ماڵپەری چاودێری** www.chawdery.com

لەنیوەی دووەمی هەشتاکانەوە گرنگیدان بەمەسەلەی گەندەڵی زیادیکردووە، بەهۆی کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر گەشەسەندنی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی لە سەر بڵاوکرایەوە، کۆنفرانس و کۆنگرەو ڕێکەوتننامەی لە سەر سازکرا، بەتایبەت کە گەندەڵیی لەدیاردەیەکی ناوخۆییەوە سنوورەکانی بەزاندووەو بووەتە دیاردەیەکی جیهانیی‌و پێویستی بەهاریکاریی نێودەوڵەتیی (حکومەتەکان، پەرلەمانەکان، ڕێکخراوە



ناحکومییەکان، بیزنسمانەکان، میدیا جۆراوجۆرەکان، کەرتی تایبەت) هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەروەها دانانی ستراتیژێك کە بەردەوام نوێبکرێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی بەهۆی شێوازە جۆراوجۆرەکانی گەندەڵی هاوچەرخەوە دێنە ئاراوە. ئەم هەوڵانە تەنیا وڵاتە پێشکەوتووەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانیشی گرتووەتەوە کە ئابووری‌و کۆمەڵگەکانیان زیاتر لەوڵاتە پێشکەوتووەکان بەدەست بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنن.

گرنگیدان بە ڕێگرتن لە گەندەڵی لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

– داتەپینی ئابووری‌و تێکچونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی.

– بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەناوەندە سیاسییەکانداو دەرکەوتنی توێژێکی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند، بەتایبەتیش لەناو خاوەن پۆستە بەرزەکاندا.

– دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەو وڵاتە تازەپێگەیشتووانەدا، کە بانگەشەی نەهێشتنیو گەندەڵیو ئابڕووبردنی گەندەڵکاران دەکەن.

– هەڵکشانی گرنگیدانی نێودەوڵەتی بەم دیاردەیە، بەتایبەتیش لەلایەن رێکخراو و دامەزراوە داراییەکانی نێودەوڵەتییەوە، کە پێدانی قەرزەکانیان دەبەستن بەپیادەکردنی بەرنامەی دژایەتیکردنی گەندەڵی لەو دەوڵەتانەدا کە داوای قەرزدەکەن.

گەندەڵیی چەمکێکە چەندین واتای هەیە، مامەڵەی دروست لەگەڵیدا ئەوەیە لەسەرەتاوە دابەشبکرێتو شیبکرێتەوە بۆ رەگەزە زۆرەکانی. لەفراوانترین شێوەداو زەمینەی بەرنگاربوونەوەی بۆ سازبکرێت.

(زیاد عربية ابن علي هەمان سەرچاوەی پێشوو)



# بەشی سێیەم

- گەشەی ئابووریو گەندەڵی
- دیموکراسیو گەندەڵی
- رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی
- دەرئەنجام
- پێشنیارەکان
- سەرچاوەکان

# گەشەی ئابووری و گەندەڵی

کۆمەڵە بیرو ڕایەکی هەمەلایەنو جیاواز هەن بۆ باسکردنو پێناسەکردنی چەمکی گەشەو پەرەسەندنی ئابووری وە لە نێو ئەو بیروڕایانەدا پەرەسەندنی ئابووری بە کردارێکی ئامانجدار ناودەبرێت کە بە هۆیەوە توانای بەرهەمهێنان بەرەو پێشەوە دەبات سەرئەنجام داهاتی ڕاستەقینەی تاکەکان بەبەردەوامیو بە شێوەیەکی ڕێكو پێك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ زیاد دەکات.

لە پێناسەیەکی تردا (پەرەسەندنی ئابووری) بە پرۆسەی گۆڕانکاری ڕیشەکێش باس دەکرێت جا ئەو گۆڕانکارییانە لە لایەنی ئابووری یان کۆمەڵاتی بێت، بە مەرجێك ئاستی گوزەرانی زۆرینەی خەڵك باش بکاتو بەروبومی پەرەسەندنو گەشەسەندنەکە بۆ هەموو هاووڵاتیان بێت.

( الفواز، ٢٠٠٩ ، ١)

گرنگی گەشەی ئابووری لە زیادکردنو باشکردنی ئاستی بژێوی کۆمەڵگا لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەلی کارکردنو دابین کردنی شمەکەبنەڕەتییەکانو کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا بە دیاردەکەوێت.



(من ویکیبیدیا ،٢٠٠٩، ١)

ئەو ژینگەی پرۆسەی گواستنەوەی تێدا بەڕێوە دەچێ بەرەو ئابووری بازاڕ گونجاو نییە بۆ گەشەی ئابووری، چونکە میکانیزمەکانی ئابووری بازاڕ ڕوون نینو تەواویش نەبوونوئەگەری ئەوە هەیە زیان بە گەشەپێدانی ئابووری بگەیەنن بە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵییەوە، بەڵام هەیە ئەم بیرۆکەیە پوچەڵ دەکاتەوە، چونکە ناتەواو بوونی پێڕۆی ئابووریو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی ئەو تێکڕا بەرزەی گەشەی ئابووری لە خۆ گرتبوو کە چین لەم ساڵانەی دوایدا وەدیهێنا بەبەراورد لە تەك وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە هەنگاوی بوێرانەیان نا لە ڕێگەی دیاریکردنی مافەکانی موڵکایەتی.

سەرەڕای ناتەواو بوونی سەرەتاکانی ئابووری بازاڕ بڵاوی گەندەڵی سیاسی کە بووە هۆی بە فیڕۆچوونی دەرامەتەکان لەلایەن فەرمانبەرە حکومییەکانەوە بەرامبەر بە بەرتیل، سەرەڕای ئەو شتانە هەیە وایدەبینێ کە ئەو دوو دیاردەیە نەبووەتە هۆی بەفیڕۆچوونی دەرامەتو تێچوونی بەرهەمهێنان لە هەندێ ناوچەی چیندا، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە. ڕەنگیشە ئەمە نامۆ بێتە بەر چاو چونکە لە

بنەماكانی گەمەی بازاڕ كەم ناكاتەوە بەڵكو شێوازێكە لە بازاڕ، لە چوارچێوەی گۆڕینەوەی شمەكو خزمەتگوزاری دەكرێ لە سەر بنەمای گۆڕینەوە لە نێوان دەسەڵاتو پارەدا وەكو هەر گۆڕینەوەیەك لە ئابووری بازاڕ دا.

باوەڕبە یەكتر و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان پارەو دەسەڵات پەیوەندییەكەیان پتەوتر دەكات دوور لە ترسو دڵە ڕاوكێ كە هەڕەشە لەم چالاكییە دەكات، تەنانەت لە حاڵەتی ناڕوونی هەلو مەرجی پرۆسەی گواستنەوەكەش بۆ ئابووری بازاڕ. بە كردەی هەبوونی ڕەگەزی باوەڕ لەو پەیوەندییەدا دەبێتە پەیوەندییەكی بە كەڵك بۆ هەردوو لایان، ئاسایشو هێمنیش ئامادە دەكات بۆ خاوەن پرۆژەكان بۆ پەلەكردن لە پرۆسەی گواستنەوە بۆ ئابووری بازاڕ بە :

١- هاندانی ركابەری لە نێوان پیاوانی كاردا بۆ بەرزكردنەوەی بڕ و جۆری بەرهەم ئەمەش نایەتەدی بۆ خاوەن پرۆژەكان بە دانی بەرتیل نەبێ بۆ بەرپرسەكان، بۆ ئەوەی بەتواناترین بۆ ڕكابەریو ئەو قازانجە بەدەستبهێنن لە لایەن بەرپرسانەوە، كە ئەگەر وانەكەن ئەوە دەسكەوتەمادییەكانی شوێنە ڕەسمییەكەیان لە دەست دەدەن.



٢- هاندانی داهێنانو نوێكردنەوە بە تێپەڕاندنی تەگەرە بیرۆكراتییەكان، كە گواستنەوەیەكی جۆرایەتی دەكات لە بواری چالاكی تایبەتیدا.

٣- هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنان بە ڕزگاربوونی لەسەرخۆ لە دەلاڵی بۆ دانانی پرۆژەی بەرهەمهێنەری ئارامگرتوو، وە پاراستنی خاوەن پرۆژە تایبەتییەكانی لە سزادانی ناوەند لەبەر پابەندنەبوونیان بەجێبەجێ كردنی پلانی دەوڵەت.

هەندێ لێكۆڵەر سەركەوتنە ئابوورییەكان دەگەڕێننەوە نەك هەر بۆ گرێبەست، بەڵكو بۆ هێزی گرێبەستە، كە فەرمانبەری حكومی لە ژێر كاریگەری خزمایەتی بۆ خزمەتی خێزانەكەی، بەلانی كەم پاراستنیان لە ملهوڕی گەورە بەرپرسان ،ئەم ڕەوشتانەش بە سوودە مەسەلەیەكی سەرج ڕاكێشی تر ئەوەیە كە چین سەرەڕای ناڕوونی سنووری موڵكایەتی تێكڕاگەلێكی پێشتر ڕوونەداوی وەدیهێناوە لە گەشەی ئابووریدا بەتایبەت لە بواری دانەوێڵەدا لە ساڵی ١٩٩٦ باشكردنی دەسهاتی ڕاستەقینەی جوتیاران بە پلەی ١٠٪، هەروەها لێهاتوویی لە بەرهەمهێنانی كەرتی گشتیش باشبوو كە نزیكەی( ١٦ ملیار دۆلار) قازانجی وەدیهێنا لە ساڵی ١٩٩٧، توانیشی تێكڕای گەشەی ساڵانە

بگەیەنێتە سنووری ٧،٥ ٪ بۆیە پێویست بە پێداچوونەوەی پەیوەندی گرێبەستی نێوان مافەکانی موڵکایەتی و نێوان تێکڕاکانی گەشەی ئابووری دەکات .

هۆی ئەو گەشە ئابوورییەی چین لەم ساڵانەی دواییدا وەدەستی هێنا هاوتایە لە پرۆسەی بزاوتی کومەڵایەتیدا، ئەمەش هانی تاکەکانو گروپەکان دەدات بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕاکانی گەشەی ئابووری بۆ ئاستێکی بەرز، بە چاو پۆشینیش لە پۆلێنکردنەکانی ڕۆژئاوا بۆ کۆمەڵگەی چینی بۆ پارێزگارانو ڕادیکاڵان ولیبراڵان، ئەوە پاشماوەی کلتووری چینی هێشتا زاڵە بەسەر ڕەوشتی زۆربەی چینەکاندا، لە ڕاپرسییەکیشدا لە دوای ڕووداوەکانی (تیان ئان مین) لە بارەی هەڵوێستی خەڵك لە ڕووداوەکەو ئایە حەزیان لە دیموکراتییە لەتەك ئاژاوەدا یان مانەوەی ڕژێمی سیاسی لە سەر حاڵەتی خۆی لە تەك ئارامیدا، دەرکەوت زۆربە حەزیان لە ئەگەری دووەم بوو.

بەم شێوەیە وادیارە کە خودی دیاریکردنی مافەکانی موڵکایەتی شتێکی حەز لێکراو نەبوو بۆ سەرکردایەتی چینی، سەرەڕای گرنگێتییەکەی بۆ پرۆسەی گواستنەوە بەڵکو بۆ وەدیهێنانی هێمنی کۆمەڵایەتی پێویست بوو،کە سەرکردایەتی چین بایەخی زۆری



پێدەدات، یەك لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەت وتی (ئەقڵ نایگرێ سبەی بڕیارێ دەرکەین بۆ گواستنەوەی موڵکایەتی کارگەکان بۆ کەرتی تایبەتو دوو سبەیش ملیۆنان کرێکار ببینین بەبێ ئامرازی ژیاندن. ئەمە ئەرکی ئێمەیە هەر هەڵیشی دەگرین) بەڵام بایەخدانی چین بە هێمنی کۆمەڵایەتی نەبووە ڕێگر لە بەردەم چاکسازییە ئابوورییەکان، بەم شێوەیە لە سەرخۆ پلە بە پلە بواریدا بە سوود وەرگرتن لە باشیەکانی وەلاخستنی خراپەکانی ئەوانەی لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا تەقینەوە لە ئەنجامی پەلەکردن لە چاکسازییە ئابوورییەکاندا.

چاکسازییەکانی چین بە چەند یەکەیەکی ئەزموونی دەستی پێکردو سیاسەتە ئابوورییەکانی بە سەردا جێبەجێکرانو ئاریشەکانی تێدا دەستنیشانکرا بۆ ڕاستکردنەوە یان گۆڕین، لە ڕاستیشدا ئەو هێمنییە کۆمەڵایەتییە تێکڕاگەلێکی پێشتر ڕوونەداوی وەدیهێنا لە گەشەی ئابووریدا، سەرباری ئامادەکردنی ژینگەیەکی ڕێژەیی لە هێمنی بۆ وەدیهێنانی چاکسازییە ئابوورییەکان، ئەوەش ئەزموونی چینی جیادەکاتەوە ئەو تێهەڵکێشەیانە لە نێوان پێداویستییەکانی چاکسازی ئابووری و پێداویستییەکانی

هێمنی کۆمەڵایەتی، ئەم شێوازەش پشتگیری‌و پەسەندیشکرا لە لایەن گەلەوە، ئەمەیە نهێنی ئەو سەرکەوتنانەی لە ئابووری چیندا وەدیهات، سەرەڕای ناڕوونی مافەکانی موڵکایەتی و سیاسەتێکی شێوە دیکتاتۆری.

ناڕوونی مافەکانی موڵکایەتی نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم هەوڵی تاکەکان بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕاکانی گەشەکردن‌و بەرهەمهێنان، وەهەروەها هەبوونی گەندەڵی سیاسی بەری گواستنەوەیە بۆ ئابووری بازاڕ، بەڵکو ڕەنگدانەوەی حەزی فەرمانبەرە حکومییەکانیشە لە سوود وەرگرتن لە چاکەکانی چاکسازییە ئابوورییەکان، کاتێکیش فەرمانبەرەکان دەستیان تێکەڵ کرد لە تەك خێزانە جوتیارەکان لە هەرێمە هەژارەکاندا، گەندەڵی سیاسی ئەرکی خۆی وەجێهێنا لە هەڵهاتنی جوتیاران لە باجدانێك کە هاوڕێژە نییە لە تەك بەرهەمی ڕاستەقینەیان.

گەندەڵی سیاسیش دەکرێ وەزیفی بێ لە هەندێ هەلومەرجدا، لە پشتی سەرکەوتنی کەرتی گشتی پیشەسازییەوە بوو لە وەدیهێنانی قازانجی ڕوو لە زیادی لە ساڵی ١٩٩٧، لە هەمان کاتدا زیانەکانی ڕوولەکەمی بوو.



حزبی چینیش بە لانی کەم لە مەودای بینراودا ئارەزووی لەوە نییە واز لە ڕۆڵی خۆی بێنێ لە دانانی یاساو لێکدانەوەی یان والاکردنی دەستی دادگا لە دەرکردنی حوکمی دادگاو جێبەجێکردنی، ئەگەر ئەمەش ڕوویدا لەوانەیە کاریگەری کۆمەڵایەتی خراپی لێبکەوێتەوە، وە ملیۆنەها کرێکار زیانیان لێدەکەوێت‌و بێکار دەبن، لەبری ئەمەش سەرکردایەتی چین دەسەڵاتی زیاتری دا بە بەڕێوەبەری ئەو کارگانەو هاندەری مادی دا بە کرێکاران بۆ بەرزکردنەوەی تێکڕاکانی بەرهەم (لێکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە کە دەستێوەردانی ناوەند لە کاروباری خۆجییەکان پاشقولی لە تێکڕاکانی گەشەی ئابووری نەداوە، سەرەڕای ڕێژەیی سەربەخۆییە داراییەکانیان، بوونی دەسەڵاتی دارایش بە دەستی ناوەندەوە کە ڕێی پێداوە لە کاتی گونجاودا دەستوەربدا، یارمەتی وەلاخستنی هەندێ شوێنەواری خراپی داوە لە قۆناغی گواستنەوە دا بۆ ئابووری بازاڕ.

ڕووداوەکان دەریانخست کە پەیوەندی ناوەندو هەرێمەکان پەیوەندییەکی پێچەوانە نییە، واتە زیادبوونی دەسەڵاتی ناوەند مەرج نییە لاوازی دەسەڵاتی هەرێمەکان بگەیەنێ، کە هێشتا گوێڕایەڵی

ناوەندن بە ئامانجی وەدەسهێنانی چاکسازیە ئابوورییەکان، هەروەها گەندەڵی سیاسی لە هەندێ حاڵەتدا لەوەیە (وەزیفی) بێ کاتێ یارمەتی پتەوکردنی ئەو هاوتایە کۆمەڵایەتییە دەدات، کە پرۆسەی چاکسازی ئابووریو کارگێڕی هەڕەشەیان لێدەکات، هەروەها ئەزموونی چین سەلماندی کە تەواو نەبوونی قۆناغی گواستنەوە بۆ ئابووری بازاڕ سەرکەوتنە ئابوورییەکانی چین ڕوون دەکاتەوە، لە سەر ئەوەش دیاردەی گەندەڵی سیاسی کە بەرهەمی قۆناغی گواستنەوە بوو بۆ ئابووری بازاڕ مەرج نییە مۆرکی خراپی هەڵگرتبێ بە ڕادەی ئەوەی ڕۆڵێکی کارایی بینیوە.( **ئەلناسر،سەرچاوەی پێشوو ،٢٠٠٥، ١٢١-١٢٧)**

دەرئەنجامی کۆبەندی پێناسەکانی پێشووتر دەربارەی دروستبوونی گەندەڵی لەڕێگەی کەرتی گشتیو تایبەتەوەو هەروەها تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە، دەتوانین بڵێین ئامانجەکان لەم سێ حاڵەدا دەردەکەون:

یەکەم:- لەپێناو بەدەست هێنانی سودمەندی لەحکومەتو دەستبەسەردا گرتنی فەرمان ڕەوایی.



دووەم:- لەپێناو دورکەوتنەوە لەپێدانی خەرجیەکان، یان دابەزینی نرخی شتومەك یان خزمەتگوزاری حکومەت.

سێهەم:- لەپێناو بەدەست هێنانی پۆستی فەرمی.

بەرتیل لەپێناو دەستکەوتنی سود لە دەسەڵاتو دەستگرتن بەسەریدا: میری هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی چەند خزمەت گوزاریەك بۆهاوڵاتیان، هەروەها هەڵدەستێت بەچەند کارێکی دیکە بەپێی ئەو دەست تێوەردانەی کە حکومەت دەیکات لە کاروباری ئابووریدا، هەرچەند ڕێژەی دەست تێوەردانی دەوڵەت زیادبکات لە کاروباری ئابووری زیادبونی گەندەڵی لێئەکەوێتەوە، ئەگەر لێرەدا هۆکارێك نەبێت بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندکەسانێك هەن کە هەوڵدەدەن بۆپێدانی بەرتیل بە بەرپرسان بۆ دورکەوتنەوە لەو گرفتانەی کە دێتە ڕێیان، هەروەها هەندێك لە بەرپرسەکانیش ئەم حاڵەتەیان تێدا بەدی دەکرێت، هەندێ لەبەرپرسە حکومیەکان ناتوانن خۆیان ڕابگرن لەبەردەم ئەو بەها مادیە زۆرانەدا. ئەمجۆرە لە گەندەڵی لە کاتەکانی کێبڕکێکانی (زیادکردنو کەمکردنەوە) لەپێناوی بردنەوە لەو

کێبڕکێیەدا بەرتیل بە مەرج دەدرێت، لەقۆناغەکانی ئاشکرا کردن یان خستنە ڕووی کاڵاکان، گەندەڵی بابەتی نرخو جۆرایەتی کاڵاکە لەخۆدەگرێت، واتە لایەنەکانی دارایی‌و لایەنی هونەری کاڵاکان. لەکاتی فرۆشتنی هەندێ کاڵا لەلایەن دامودەزگا حکومیەکانەوە بواری گەندەڵی فراواندەبێت بەتایبەتی ئەگەر بێتو نرخی ئەوکاڵایە خزمەت گوزاریەکانی کەمتربێت لە بڕی تێچونەکەی وەلە کاتەکانی پێدانی قەرزو نرخی سودەکەی ملکەچ بن بۆڕێنماییەکانی حکومەت، لەم بارو دۆخەدا بەرتیل لەپێناوی بەدەست هێنانی لایەنگریە. بانکی نێودەوڵەتی ئاشکرای کردوە کە {پاراگوای} وەك نمونە بەهۆی زۆری یاسای نرخی دراو لەم وڵاتەدا پێڕەو دەکرێت بۆتە هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی، سەرەڕای ئەوەش چەند هەلێکی ترهەیە بۆ گەشەکردنی گەندەڵی ئەویش لەڕێگەی بازرگانیەکانی دەرەوە. بەتایبەتی کاتێك کۆتوبەند دادەنرێت لەسەر شمەکی ناردەنی‌و هاوردەنیەکان وەلەم کاتانەدا بەرتیل یەکدەگرێتەوە لەگەڵ نرخی سود بۆکەسی قازانجدار. هەروەها ئەگەری گەندەڵی زیاد دەکات کاتێك کە ئاستی یارمەتیدان‌و قازانج‌و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو لەلایەن حکومەتەوە



کەمتربێت لە پێداویستیەکانی بەکاربەر بۆبەدەستهێنانی یان کاتێك پێویست بێ لەسەر لێپرسراوی حکومی کە ڕاپۆرتی تایبەتی بەکاربهێنێت بۆ بڕیاردان لەبارەی بەدەستهێنانی هەرشتێك کەبیەوێت.وە خستنەڕووی حاڵەتی چەند وڵاتێك سەبارەت بە هۆکارەکانی گەندەڵی. بەوەی کە دەوڵەت پشت ببەستێت بە کەرتی گشتی، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی گەندەڵی وەکو لە وڵاتانی ئەرجەنتین‌و تایلەند بلاوە.

## مەرجە سیاسیەکانی گەشەپێدان:

١. بەڕێوەبردنێکی هاوچەرخ بۆ حکومەت‌و کۆمەڵگەو شەفافیەت لە ئیش‌و کاری دەوڵەت‌و دامەزراوەکانیدا.

٢. پێرەوکردنی بنەماکانی سزا و پاداشت بۆ ئەو کەسانەی کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن.

٣. چاکسازی لە پەیکەری ئابووریدا بە شێوەیەك ڕێ لەو فشارو نا ئارامییە بگرێ، کە دەبنە تەگەرە لە پێش پرۆسەی گواستنەوە دیموکراتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

٤. بەشداركردنی دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە دارِشتنو پراكتیزەكردنی سیاسەتە ئابووریەكان. هاوكاری بنیاتنەری دەوڵەتو كۆمەڵگە مەرجێكی پێویستی گەشەپێدانە، جێبەجێكردنی بەرنامەكانی دەوڵەت ئاسانترو بەتواناتر دەكات لە بەخشینەوەی دەرامەتەكان بەشێوەیەكی دادپەروەرانەو بەبێ پەنابردنە بەر ئامرازەكانی زۆرە ملێ.

**( ئەلناسر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ٢٥)**

٥. بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵك بە تواناو ئیرادەی سیاسی حكومەت.

٦. سەقامگیری سیستمی سیاسی لە وڵاتدا

٧. بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاكەكان لە دامەزراوەكاندا بە گشتی.

٨. بەرتەسككردنەوەی پانتایی دەستێوەردانی دەوڵەت لە كاروبارەكاندا .



# دیموكراسی و گەندەڵی

لەوانەیە كەسانێك بپرسن بۆچی گەندەڵی ئەم گرنگیەی پێدەدرێ ؟

١. چونكە گەندەڵی بە چەندین جۆرو شێواز زیان بە كۆمەڵگەكان دەگەیەنێت، گەندەڵی مەترسییەكی ڕاستەقینە دروست دەكات بۆ ئارامیو ئاسایشی كۆمەڵگەكانو دامەزراوەكانو بەها دیموكراسییەكانو بەها ئاكارییەكانو دادپەروەریو گەشەی درێژخایەنو حوكمی یاسا دەخاتە بەر مەترسییەوە. كاتێك كە گەندەڵی لە وڵاتێكدا بڵاودەبێتەوە، كاریگەرییە خراپەكانی لەلایەن زۆر كەسی ناو كۆمەڵگەوە بە زۆر شێواز هەست پێدەكرێ، هەر لە خاوەن كارەكانەوە تا مامۆستایانو نەخۆشی كەوتووی ناو نەخۆشخانەكان.

٢. گەندەڵی هەژاریی لێدەكەوێتەوە و كۆسپ بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاریدا دروست دەكات هەژارەكان زۆرترین زەرەرمەندی دەستی گەندەڵین، لەبەرئەوەی لە كۆمەڵگەدا لاوازن. هەژارانیش ژنو منالّو پیرو ئەو كەسانەیان تێدایە، كە بە دەست نەخۆشییە درێژخایەنەكانەوە دەناڵێنن. ئەمانە بەبێ ئەوەی

داهاتی پێویست لەبەردەستیاندا ڕەخساوبێ، کەمترین هەلیان دێتەبەردەست بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ئەو کۆسپانە ببنەوە، کە ناهێڵن خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانو داهاتەکانی تر بەدەستبهێنن. لەوەدەچێ ئەمانە زیانمەندترین خەڵك بن لە خراپیی دابەشکردنی داهاتەگشتییەکانو ئەو نووچدانانەی لەو خراپ دابەشکردنەوە لەناو گەشەی ئابوریدا ڕوودەدەن. شایانی ئاماژە بۆکردنە پرۆگرامەکانی بنەبڕکردنی هەژاری بەهۆی گەندەڵییەوە زیانی زۆریان لێدەکەوێتو کاریگەرییان نامێنێتەوە.

٣. گەندەڵی مافە سیاسیو مەدەنییەکان پێشێلدەکات، چونکە شێوەی کارکردنی دامەزراوەکانو پرۆسە سیاسییەکان دەشێوێنێو بێکەڵکیان دەکات. کاری سیستمی دادوەریو دامەزراوەکانی پیادەکردنی یاسا پەکدەخات. هەروەها گەندەڵی مافە ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانیش پەکدەخات لەڕێگەی بێبەریکردن لە یەکسانی لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەکو چاودێریی تەندروستیو فێرکردنو لەمپەر خستنە بەردەمی بەدەستهێنانی گوزەران لە کەرتی گشتیو تایبەتیدا، وەك پێشتر باسمانکرد، بەوەی کە دێن پرۆسەکانی بڕیاردان سەبارەت بە



تەرخانکردنی کەرەستەکان دەشێوێنن. لەو دەوڵەتانەدا کە سیستمی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراویان هەیە، گەندەڵی بوار دەدات تاکەکەسو دامەزراوە دەوڵەمەندەکان لەسەر ئاستی نیشتمانیو هەرێمایەتیو خۆجێیەتی، قەڵەمڕەوێکی نەگونجاوی خۆیان بخەنە سەر سیاسەتەکان. لەوانەیە ئەمەیش بەوە بکرێ کە دەنگی هاوڵاتیان لە هەڵبژاردنەکاندا بکڕن، یان سەبارەت بە چەند مەسەلەیەی وەکو باج دان، یان دابەشکردنی داهاتەگشتییەکان، یان ڕێکخستنی بازرگانیو کار، یان تەنانەت سیاسەتی دەرەوەیش دەنگی نوێنەرانی ناو پەرلەمان بکڕن. **(کامیل قەرەداغی ، ٢٠٠٨، ١٨)**

٤. ئەگەر دیموکراتی مانای ئازادیو یەکسانیو بەشداربوون بێ، ئەوا دادەنرێ دیموکراتیو گەندەڵی لە پەیوەندییەکی بە شەڕ هاتوون، واتە لە بەر ئەوە دیموکراتی ڕێسایەکی بەهایی کۆیی تێدایە هەر دەبێ لە پەیوەندییەکی پێچەوانەدا بێ لە گەڵ گەندەڵی، واتە چەندە ڕووبەری دیموکراتی فراوان بێتەوە ڕووبەری گەندەڵی دەبێ بکشێتەوە.

ئەگەریش ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا بچوایەن، ئەی بۆ ئەو وڵاتانەی لە مێژە پەیڕەوی دیموکراتی دەکەن بە دەست گەندەڵییەوە دەناڵێنن ؟ ئەی بۆ لە دوای هەڵوەشانی ڕژێمەگشتگیرەکانو گواستنەوەی وڵاتەکانیان بۆ ئابووری بازاڕو کەوتنە شوێنی بریقەی دیموکراتی بورجوازی، ڕووبەری گەندەڵی فراوان بووەوە، بۆ ئەوەی بە دەست گەندەڵییەوە نەناڵێنن کە لە سەر بنەمایەکی نا پیرۆز لە نێوان دەسەڵاتو پارەدا پەیڕەو دەکرێ ؟ ئەی بۆ دەسەڵات لە سێبەری دیموکراتیدا دەبێتە هۆی قۆرخکردنی هێز و ، بۆچی پارە دەبێتە شەوەیەكو خەوی ڕامیارکاران تاڵ دەکاتو بڕیاری ڕامیاریو ئابووری سەربەخۆیان لە دەست دەردەکات.

لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویست بە چوونە ناو ناخی ناوەرۆکی دیموکراتییەوە بکاتو میکانیزمەکانی بخرێتە ژێرورد بین، بۆ نیشانکردنی لایەنە لاوازەکانی دیموکراتی، کە بووەتە داواکاییەکی جەماوەری دوور و نزیك داوای دەکات، زۆریش دەترسین لەوەی دیموکراتی بەتاڵ بکرێتەوە لە ناوەرۆك وەکو ئەو دروشمانەی پێشتر خرانە ڕوو وەکو سۆشیالیزمو یەکێتیو ڕزگاری، ئەنجامەکانیش هەندە



دووره دەست بوون ئومێدمان پێیان نەما، ئەو عەیبو ناتەواویانەش دەلکێنە دیموکراتییەوە، هۆکەی پیادەکردنی ناڕاستە کاتێ دەنگدەران لە ژێر پەستانی هێزی ڕامیاری پشت بەستو بە پارە نوێنەری باش هەڵنابژێرن، واتە کێشەکە لە پیادەکردنی دیموکراتیدایە، ڕاهاتنی خەڵکیش لە سەر دیموکراتی بە شەوو ڕۆژێك ڕوونادات، بەڵکو کاتی زۆری دەوێت بۆ گواستنەوە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان کە هەمیشە هاوڕێیە لە تەك هەندێ شێوازی گەندەڵی ڕامیاریدا.

**( الناسر، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٥، ٤٥-٤٧)**

لە سیستمە تاك حزبی یان دیکتاتۆرییەکاندا، بە هۆی سنورداربوونی ئازادیی ڕادەربڕینو چاپەمەنیو نەبوونی حزبی سیاسی ڕکابەرو نەبونی ئۆپۆزیسیۆن، تێچووی گەندەڵی زۆر کەمترەو بواری توشبونیش زۆرترە لە چاو سیستمەکانی فرە حزبیو دیموکراتییەکاندا، حزبە سیاسییەکان وەك یەکێك لە کۆڵەکەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی دەتوانن یارمەتی کۆنترۆڵکردنی تەشەنەی گەندەڵی بنو پانتایی گەندەڵی سنوردار بکەن.

ئەو سیستمانەی کە پێداگرن لە سەر ڕەوایی خۆیانو خۆیان بە پارێزەری بە ها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا دەزانن هەواڵی پەیوەندی دار بە ئاستی چەندایەتیو چۆنایەتی گەندەڵییەوە لە ناو وڵاتو سیستمەکانیان بە توندی سانسۆردکەنو شێوەی ڕووبوڕووبونەوەشیان لە گەڵ پرسی گەندەڵی بە شێوەیەك نییە کە کاریگەری هەبێت، ئەو جۆرە سزایانە پێڕەودەکەن کە نابنە هۆی سەرنجراکێشانی خەڵك بۆ لای خۆیان، بۆ نموونە جێگۆرکێی پۆست جێگۆرکێی جوگرافی ... ئەم جۆرە سزایانە چارەسەری کێشەی گەندەڵی ناکات، سیستمێك ئەگەر بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە ستراتیجی کاریدا نەبێتو بە کارێکی لاوەکی بزانێت، بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەکی کاریگەرترو جیاوازتر ڕووبەڕوویی پرسی گەندەڵی دەبێتەوە باجی گەورەی لە سەردەدات تا ئاستی دارمانی هەرەمی دەسەڵات.

( مێهدی مێهرپەروەر، **سەرچاوەی پێشوو، ٢٠١١ ، ل٦١ )**

گەندەڵی هەڵگری چەندین ناسنامەی جیاوازە لەکۆمەڵگەکانو بەپێی ڕوانگە جیاوازەکان، ناساندن بۆئەم چەمکە کراوە، بۆ وێنە: کردە یان بڕیارێك کەدەبێتەهۆکار بۆ ئەوەی بەدەرلەپرەنسیپی یاسایی، زۆرینەیەك لە دەرئەنجامەکانی هەڵسوکەوتێك زیانمەندبن، لەبەرامبەردا کەمینەیەك لە دەرەنجامی ئەم هەڵسوکەوتە سودمەندبن بەگەندەڵی ناو دەبرێن، یان بەپێی ناساندنی بانکی جیهانی، بەئاوەژوو کەڵك وەرگرتن لەتوانا نێودەوڵەتییەکان بۆبەدەست هێنانی بەرژەوەندی تایبەتی، حیزبی یان چینایەتی، پێناسەی گەندەڵییە. (ساموێل هانتینگتۆن ) سەرجەمی ئەو ڕەفتارانەی کەلەپێکهاتەی گشتی کۆمەڵگابە مەبەستی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بە گەندەڵی ناوزەند دەکاتو بەپێی ناساندنەکەی ناوبراو، لەم بەشەدا پرەنسیپو یاسا گشتیەکانی کۆمەڵگا پێشێل دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی پاوانخوازیو بەتایبەتی کەڵك وەرگرتنی پێچەوانە لە دەسەڵاتو وەڵامنەدانەوەی شەفاف، هاوتەریبی گەندەڵییە. خودی گەندەڵیش بەسەر چەند بەشێکی وەك گەندەڵی بەڕێوەبردن، ئابووری، سیاسی، یاسایی و...هتد پۆلێن دەکرێتو هەریەك لەو تەوەرانە هەڵگری پێناسەو خوێندنەوەی جیاجیان.

## ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی

ئیستا ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە (١٩٠ وولاتی جیهان )کادری چالاکی مەشق پێکردووە، بۆ ئەوەی وەك تۆڕێکی ئاراستەکراو کراو دژ بە گەندەڵی کاربکەن. هەروەها ئەمڕۆ کۆمەڵێك ئامرازو هۆکاری کاریگەر پەیدا بووە و گەشەیان کردووە، کە بە وردی چاودێری کردنی سیاسەتمەدارانو بڕیار بەدەستانو کارەکانیان ئاسان دەکات. لەساڵی ٢٠٠٤دا پێوەرەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی وەك ستانداردێك بەکارهێنراوە لە بوارەکانی خەرجکردنو تێچوونی ڕاپەڕاندنی کارەسیاسییەکاندا، بەسووربوون لە سەر ڕۆڵبینینی کۆمەڵی مەدەنی لە بواری دیزایینو چاودێری ڕێساکانی دارایی، ئەم پێوەرانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی هەورازی پرنسیپو ڕاسپاردە جیهانییە ستانداردەکان دەکەون. لێرەوە سیستمەسیاسییەکانی دنیا و پارتەسیاسییە بە هێزەکان، زۆر پێویستیان بە دامەزراوەو پێکهاتەکانی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەك چاودێرێك دەبێت. بەبەراورد لە گەڵ ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەمڕۆ بە ئەقڵێکی چاکسازی خوازانەوە کاردەکەن، نوخبەیەکی گرنگ پێکدەهێننو دەبن بە هەوێنی گۆڕانکاری لە



دنیای سیاسەتو دەسەڵاتدا و لە بەرامبەر ڕای گشتیو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا جێگەی سەرنجو هەڵوێست دەبن، لێرەوە مامەڵەکانی هەڵمەتەکانی پارە کۆکردنەوە و دارایی حزبیو چۆنیەتی پەیداکردنی پارە لە ڕێگای کۆمپانیاکانەوە و ئەو لەمپەرانەی دەخرێنە بەردەم بە دادگایی کردنی سیاسەتمەدارە گەندەڵەکانو کڕینی دەنگو چاودێری کردنی هەڵبژاردنو ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا گرنگی خۆیان دەبێتو جێی سەرنج دەبن.

**( ئامادەکردنی ماڵپەڕی چاودێری، ٢٠٠٩)**

## پلە بەندی گەندەڵی :

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی هەموو ساڵێك پلەی ولاتانی جیهان لە ڕێژەی گەندەڵی داراییو ئابوورییەوە رادەگەیەنێت، لە نوێترین ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی گەندەڵیداکەلە سەر( ١٨٠ ) وولات ئەنجامی داوە، تەندروستترین وولات لەلایەكو گەندەڵترین وولاتی لەلایەکی ترەوە ڕیزبەندکردووە، لەخشتەی ساڵی ٢٠٠٩ دا کە(نیوزلەندا) بەپلەی یەکەمو بە تەندروستترین وولات پێناسەکراوە و

لەبەرامبەردا (سۆماڵ ) پلەی کۆتایی خشتەکەی بۆخۆی دەستەبەرکردووە کەگەندەڵترین وڵاتی جیهانە.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، لەدوای نیوزلەندە هەریەك لە وڵاتانی دانیمارك، سەنگافورە، سوید، سویسرا، فینلەندا هۆڵندا تەندروست ترین وڵات پێکدێننو لەکۆتایی خشتەکەو لەدوای سۆماڵ هەریەك لە ئەفغانستان، میانمار،سۆدان، عێراق، چاد، ئۆزبەکستان، پلەی گەندەڵترین وڵاتانی جیهانی بۆخۆیان تۆمار کردووە.

گەندەڵی بەرهەمی سیستمێك، یان دەسەڵاتێكو وڵاتێك نییە لە یەك قۆناغی دیاریکراودا هاتبێتە کایەوە، بەڵکو کێشەیەکی هاوبەشو دێرینی زۆرینەی دەسەڵاتەکانی سەرگۆی زەوییەو دیاردەیەکە کەم تا زۆر لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا هەیە، بەڵام جۆر، شێواز، ڕێژەو بەربلاوییەکەی لە هەر وڵاتێکدا جیاوازە، هەروەك چۆن ئاکامو ئاسەوارەکانیشی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن.



**خشتەی (١)**

**ئاستی گەندەڵی عێراق لە ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی جیهانی لە ماوەی ٢٠٠٣-٢٠٠٩**

| ساڵ | ئاست | ڕێژەی گەندەڵی٠صفر = خراپترین |
|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ١٩ | ٢,٢ |
| ٢٠٠٤ | ١٨ | ٢,١ |
| ٢٠٠٥ | ٢٢ | ٢,٢ |
| ٢٠٠٦ | ٣ | ١,٩ |
| ٢٠٠٧ | ٣ | ١,٥ |
| ٢٠٠٨ | ٣ | ١,٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥ | ١,٩ |

سەرچاوە : ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی.

ئەم خشتەیە دەریدەخات کە دوای تیرۆر، گەندەڵی دۆسێی پلە یەکە لە عێراق، ئەم دەردە ڕۆچۆتە هەناوی بوارە ژیارییەکان، بۆتە تەگەرەی بەردەم پێشکەوتنی وڵاتەکەو کردوویەتییە چوارەم گەندەڵترین وڵاتی جیهان (بە پێی ریزبەندی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ) کە باسی عێراق دەکرێت .

ولأتی عێراق لە ساڵی( ٢٠١٠ و ٢٠١١ ) شدا بە هەمان پلە لە ریزی پێشەوەی گەندەڵترین ولأتانی جیهان ناوی هاتووە. لەدوای پرۆسەی رزگارکردنی عێراق لە (٩/٤/ ٢٠٠٣) ساڵانە رێژەی گەندەڵی لەبەرز بوونەوەدایە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ولأتانی بەرکەوتوو لەزۆرترین رێژەی گەندەڵیدا**

**{٠ =خراپترین}**

| | |
|---|---|
| ١. عێراق، سودان | ١,٥ |
| ٢. میانمار | ١,٤ |
| ٣. ئەفغانستان | ١,٣ |
| ٤. سۆماڵ | ١,١ |

سەرچاوە : رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی

سۆماڵ کە نغرۆی شەڕی ناوخۆ و پێکدادانی چەکداری بووە گەندەڵترین ولأتی جیهانە، دواتر ولأتانی ئەفغانستان، میانمار بۆرماو سۆدانو عێراق دێن بەپێی نیشاندەری ئاستی گەندەڵی کەلەلایەن رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیەوە دەرچووە.



**خشتەی ژمارە (٣)**

**ولأتانی کەمتر رێژەبەرکەوتوو لە گەندەڵی**

**{١٠= کەمترین ئاست}**

| | |
|---|---|
| ١. نیوزلەندا | ٩,٤ |
| ٢. دانیمارك | ٩,٣ |
| ٣. سەنگافورە، سوید | ٩,٢ |
| ٤. سویسرا | ٩,٠ |
| ٥. فنلەندا، هۆڵەندا | ٨,٩ |
| ٦. ئوستورالیا، کەنەدا، ئایسلەندا | ٨,٧ |
| ٧. نەرویج | ٨,٦ |
| ٨. هۆنگ کۆنگ، لوکسمبۆرگ | ٨,٢ |
| ٩. ئەڵمانیا، ئێرلەندا | ٨,٠ |
| ١٠. نەمسا | ٧,٩ |
| ١١. ژاپۆن، بەریتانیا | ٧,٧ |
| ١٢. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | ٧,٢ |

سەرچاوە : رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی.

# دەرئە نجام و پێشنیارەکان

## یەکەم : دەرئە نجامەکان

ئەم توێژینەوەیە لە کۆتایی باسەکانیدا گەیشتە کۆمەڵە دەرئەنجامێك لە گرنگترینیان :

١. گەندەڵی دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵو دەسەڵات، ئەمەش ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.

٢. دەبێتە هۆی لاوازیو نەمانی (ئینتما) بۆ نەتەوەو نیشتمان.

٣. دەبێتە هۆی لاوازی پایەکانی دەسەڵاتو دابەزینی پێگەی نێودەوڵەتیو ناوچەیی.

٤. گەندەڵی هۆکاری ئیفلیج بوونی هەموو جومگەکانی حکومەت – دەسەڵات - پارتەکان.

٥. گەندەڵی دەبێتە هۆی ڕووخانی ژێرخانی ئابووری کوردستانو بە فیڕۆدانی سامانی نەتەوەییو دواکەوتنی کەرتەکانی ئابووریو درێژبوونەوەی پاشکۆییو گەشەنەکردنی وڵات.

٦. گەندەڵی دەبێتە هۆی لێکترازانی بەها ئاکارییەکانو تێکچوونی پەیوەندییە



کۆمەڵایەتییەکانو بڵاوبوونەوەی دزی، لەشفرۆشیو قاچاخچێتیو٠٠٠٠ هتد

٧. گەندەڵی دەبێتەهۆی ئیفلیج کردنی دەزگاکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو تێکچوونی پەیکەری دەزگاکانی بەڕێوەبردن.

٨. دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی چینی ناوەند، واتە کۆمەڵ دابەش دەبێت بە سەرچینی تەواو دەوڵەمەندو تەواو هەژارو دروستبوونی توێژێکی مشەخۆری بێ بناغە.

٩. پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان گەندەڵیو ناکارایی وڵاتانی پێشنەکەوتوودا بەدیدەکرێت، هەروەها قەوارەو گەورەیی دەوڵەتو دیاردەی گەندەڵی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، بە سود وەرگرتن لە پێوەرە دیاریکراوەکان.

١٠. یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی گەندەڵی، ناسەقامگیری سیاسی لە وڵاتان بەگشتیو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بە تایبەت.

١١. کارکردنی هەندێ لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان، ئەوە دەردەخات کە سەرەڕای تەواوی ئاڵۆزییەکانو لە ئارا بوونی ئەو دیاردەیە دەکرێ تا ڕادەیەك بخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە.

**ئەگەربمانەوێت بەرپرسیارێتی گەندەڵی بخەینە ئەستۆی حکومەت بە تەنیا ئەوە بڕیارێکی نادادپەروەر داوە، وەیاخود خەڵك بکەینە سەنتەرو پێگەی گەندەڵی، بەڵکو واڕاسترە کە هەردوکیان ئەو بەرپرسیاریەتیەیان لە ئەستۆ بێت سەرەڕای جیاوازی ئاستی بەرپرسیارێتیان.**

**گەندەڵی لە سەر کەسێك کورتنابێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ کۆمەڵە کەسێك، ناکرێت گەندەڵی کۆمەڵێك بگرێتەوە و کۆمەڵێکی تر نەگرێتەوە، لەبەر ئەوە گەندەڵی دەکرێت لە لایەن هەموو کەسێکەوە ئەنجامبدرێت، ناکرێت کەسێك دزییەك بکات بێ ئەوەی کەس یارمەتی بدات، گەندەڵی لە سەر خاوەن پۆستێك یان لێپرسراوێك کورتنابێتەوە بەڵکو هەموو کەسێك دەتوانێت بەشدار بێت لە گەندەڵیدا، خاوەن پۆستێك ناتوانێت بەرتیل وەرگرێت ئەگەر کەسێك نەیداتێ.**

**(کۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بەشەفافیەت، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩ ، ٤ )**



## پێشنیارەکان:

**لە روانگەی ئەو دەرئەنجامانەداو بە مەبەستی سنوردانانو کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی ئەم پێشنیارانە دەخەینەروو :**

**١. دەرکردنی یاسای پێویست لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و دیاریکردنی سزای پێویست بۆ ئەوسەرپێچی و لادان و کاروکردەوانەی بە پێی پێوەری نێو دەوڵەتی دەکەونە خانەی گەندەڵیەوە .**

**٢. چالاککردن و یەکخستنی دەزگاکانی چاودێری دارایی و دامەزراندنی دەستەی نەزاهە و کاراکردنی دەسەلاتی دادوەری و داواکاری گشتی.**

**٣. بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی هەمەلایەن و هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی هەمەلایەنە بۆ بە گژاچونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بە تایبەتی ( حزبی، حکومی، کەرتی تایبەت، رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ....) لە گرتنەبەری رێوشوێنێکی یاسایانە لە هەمبەر کێشەی گەندەڵی.**

٤. پێویستە بە گژاچوونەوەی گەندەڵی، وەك یەكێك لە كارە لە پێشینەكان لە كارنامەی حكومەت دا جێگیربكرێتو دەزگایەكی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی هەبێت ئەم دەزگایە كاری جەنگان دژ بە گەندەڵی ڕێكبخات و بەرێوەی بباتو هەڵسێ بە توێژینەوە و پلان دانانو كۆكردنەوەی زانیاری دیكۆمێنتی سەلمێنەری تاوانی گەندەڵیو لێپێچینەوە.

٥. دامەزراندنی ( نوسینگەی چاودێریو بەدواداچوونو قەلاچۆ كردنی گەندەڵی ) لە ژێر چاودێری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو دامەزراندنی كەسانی شارەزا، دەستپاكو دڵسۆز، تیایدا .

٦. پێڕەوكردنی شەفافیەت لە بواری گرێبەست، كڕین، فرۆشتنو بە كرێدانی موڵكەكانی دەوڵەتو دامەزراندنی دەزگای باڵای وردبینی، بۆ دڵنیا بوون لە پاكی مامەڵە داراییەكانی كەرتی گشتی لە ناوخۆ و دەرەوە .

٧. سنوردانان بۆ بەسیاسیبوون یان بە سیاسیكردنی سیستمی بەرێوەبردن، كە دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی گەندەڵی، كە لە ئاكامی دەستێوەردانی دەسەڵاتی حزبی لە كاروباری بەڕێوەبردنی فەرمانگە



حكومییەكانو كاركردن بە پێوەری حزبی لە مەسەلەی دامەزراندنی فەرمانبەرانو پاداشتكردنی كارمەندانو پلە بەرزكردنەوە و سزادانو ...هتد، وە زۆربەی جار ئەم دەستێوەردانانە دەبنە ڕێگر لە بەردەم باڵادەستی یاسا و جێبەجێكردنی سزا یاساییەكان.

٨. ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردوو: بەمەش حكومەت لە گشت مەسەلە گەندەڵیە گرنگە زانراو و نەزانراوەكان دەكۆڵێتەوە كە لە ماوەی پێشوودا ڕوویان داوە تاكو ئەوانەی ئەنجامیان داوە سزا بدرێن.

٩. وانەی نەهێشتنی گەندەڵی بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە، لە خوێندگاكاندا بۆ هەموو قۆناغەكان وانە دەربارەی گەندەڵییو جۆر و شێواز و هۆكارو كاریگەرییەكانی هەبێت، بەرەچاوكردنی سروشتی هەر قۆناغێكی خوێندن، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی ئێمەش پێویستمان بەبڵاوكردنەوەی بەهاكانی دەستپاكی و پاراستنی سامانی نەتەوەیی هەیە، ئەمەش پێویستییەكی نیشتمانییە.

١٠. هۆشیاركردنەوەی هاووڵاتیان سەبارەت بە مافەكانیانو ڕاهێنانیان لە سەر بە گژاچوونەوەی گەندەڵیو ڕاهێنان لە سەر مامەڵە كردن لە گەڵ

دەزگاكانى حكومەت لە سەر بنەماى داواكردنى مافەكانيان نەك سەندنەوەى مافەكانيان.

١١. بەرزكردنەوەى ئاستى هۆشيارى گشتى بۆ ئەو ئاستەى كە هەر تاكێك خۆى بە خاوەنى سامانى ژێر زەوىو سەر زەوى ولآت بزانێو پارێزگارى لێ بكات.

١٢. كردنەوەى خولى تايبەت، درێژ خايەنو كورت خايەن بۆ كارمەندانو فەرمانبەران سەبارەت بە هۆكارەكانى گەندەڵىو زيانەكانىو شێوازەكانى چۆنيەتى ڕووبەڕووبونەوەى.

١٣. هاندانى هاولآتيان و كارمەندانى دەستپاك بۆ ناردنى زانيارى و جاڕدانى گەندەڵى بينراو.

١٤. سنوردانان بۆ بەرزبوونەوەى ئاستى شارنشينيى بێ بەرنامەو پلان وبە هەڕەمەكى، ئەوەش بە درێژەدانى ئاوەدانكردنەوەى باشترى گوندەكانو بوژانەوەى كەرتى كشتوكاڵو هاندانى جوتيارانو گوندنشينان بۆ گەڕانەوەيان بۆ گوندەكانو دابينكردنى پێداويستييەكانى ژيان بۆيان.

١٥. كاركردن بە بنەماى دانانى (كەسى شياو لە شوێنى شياو ) وە جاڕدانو بانگەوازكردنى ئاشكرا لە كاتى بوونى هەلى كاركردن لە دەزگا حكومييەكانو



دادپەروەرى لە دامەزراندن بە ماناى بايەخدان بە پێوەرەكانى لێوەشاوەيى لە هەڵبژاردنو ديارى كردنو پلە بەرز كردنەوەى فەرمانبەران.

١٦. ساڵانە چاوخشانەوە بە سيستمى مووچەو كرێو ڕاگرتنى هاوسەنگى بارى بژێويى لە نێوان چينى مووچە خۆرانو چينەكانى ترى كۆمەڵگاو دابينكردنى دادپەروەرى كۆمەڵايەتىو كەمكردنەوەى جياوازى نێوان داهاتى تاكەكان.

١٧. بەرزكردنەوەى موچەى كارمەندانى حكومەت : هۆكارێكى سەرەكى گەشەى گەندەڵى كێشەى داراييو ئابوورى كارمەندانە بۆيە، بەرزكردنەوەى ئاستى داهاتو خۆشگوزەرانى باشتر بۆيان بە شێوەيەكى سروشتى دەبێتە هۆى دابەزاندنى ڕێژەى گەندەڵى.

١٨. دەستێوەرنەدانى حكومەت لە چالاكييە ئابوورييەكان، سەقامگيرى ئابوورى، كۆنترۆڵى هەڵئاوسانو تەنگەژەى ئابوورى، بەرزكردنەوەى داهاتى تاكو ئاستى بژيوى خەڵك دابەشكردنى دادپەروەرانەى داهات لە گرنگترين هۆكارەكانى چارەسەركردنى ئابووريانەى گەندەڵين.

١٩. دامەزراندنی سیستمی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بە سود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای زانیاری بۆ دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی نێوان هاولاتیان وفەرمانگەکانو نێوان وەزارەتەکان، شارەکان، فەرمانگەکان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕۆتین وبەفیڕۆنەدانی کات و... هتد

٢٠. چاکسازی سیستمی بەڕێوەبردن :- لە بواری بەڕێوەبردندا چاکسازی لە ناو فەرمانگەکانی حکومەتو گۆڕینی پەیکەری ئیداری کۆنو داڕشتنەوەی بە شێوازێکی هاوچەرخ کە گونجاو بێت لە گەلّ ئەرکو فرمانەکانی سیستمی کارگێڕیدا، بە هەلّوەشانەوەی دام و دەزگا زیادەکانو یەکخستنی دامو دەزگا لێکچووەکان لە ڕووی کارو چالاکیو خزمەتگوزارییەوە.

٢١. گەشەپێدانی توانای مرۆیی گرنگترین هەنگاوی گەشەپێدانی بەڕێوەبردنە.چونکە بەڕێوەبەرانو فەرمانبەران ئەرکی جێبەجێکردنی خواستەکانی هاولاتیانو دەولّەتیان دەکەوێتە ئەستۆ. بۆیە سەرکەوتنی بەڕێوەبردن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، بەندە بە لێوەشاوەییو پسپۆڕیو توانای فەرمانبەرانو بەڕێوەبەرانەوە، بۆیە دەبێت حکومەت



کاری پێویست بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی بکات بە مەبەستی دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی نمونەیی.

٢٢. ڕەخساندنی کەشێکی دیموکراتیو ئازاد بۆ ڕۆژنامەو میدیاکان لە بە دەستهێنانی زانیاریو ئاشکراکردنی گەندەلّیو ئاماژەکردن بەو کەسانەی کەمتەرخەم یان تۆمەتبارن، لە لایەن کەنالّەکانی ڕاگەیاندنو پەردە هەلّمالّین لە سەر ئاستی سەرپێچییەکانیان، گەیاندنی زانیاری دوژمنی پلەیەکی گەندەلّییە، هەروەها یەکێك لە میکانیزمە بە هێزەکانی بە گژاچوونەوەی گەندەلّی چاپەمەنییەکانە، ئازادی چاپەمەنی ڕۆلّی گرنگ لە دەستنیشانکردنی ڕەهەندەکانی گەندەلّیدا دەگێڕێ.

٢٣. گۆڕینی فەرمانبەرانو بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەندییان بە باجو گومرکو داهاتەوە هەیە، زۆرینەی خەلّك ئەو پارەی دەیدەن بە باجو گومرك بە لایەنی زۆرەوە هەولّی خۆدزینەوە، یان کەمکردنەوەی بڕی ئەو باج و گومرکە دەدەن کە دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆ ئەو مەبەستە کار لە سەر دروستکردنی پەیوەندیو دۆستایەتیو تێکەلاوبون لە گەلّ فەرمانبەرانو بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی باجو

گومرك دەدەنو لە ڕێگەی شیرینی و دیاری و بەرتیل و.. هتد ڕازییان دەکەن بە چاوپۆشیو کەمکردنەوەی نرخی خەملاندنەکانو گۆڕینی جۆرو بڕی شمەك، لە بەرژەوەندی بازرگانەکان، بۆیە مانەوەی زۆری فەرمانبەران لەو فەرمانگانەدا دەبێتە هۆی، دروستبونی گروپو دەستەگەریو تێوەگلان لە ڕەفتاری نایاساییو گەندەڵی.

٢٤. کارکردن بە سیستمی (خۆپاراستن لە چارەسەرکردن باشترە ) واتا هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی گەندەڵی نەك گەڕان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە دوای ڕوودانی.

٢٥. تاوتوێکردنو سود وەرگرتن لە ئەزمونی ئەو وڵاتانەی کە کەتوانیویانە گەندەڵی کۆنترۆڵ بکەن وەك:

١ - تایلەند: ( کۆمیسیۆنی خەبات دژی گەندەڵی تایلەند) ئەم کۆمیسیۆنە لە ژێر چاودێری نوسینگەی سەرۆك وەزیران کاردەکات، نۆ کۆمیتەو سەرۆك کۆمیسیۆنێکی هەیە، ئەندامانی ئەم کۆمیتانە فەرمابەری دەوڵەت نین، بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێردرێنو ئەم هەڵبژاردنەش بۆ دووساڵی تر بەرێوەدەچێت، سەرۆکی کۆمیسیۆن کارمەندێکی



حکومەتە، پاش وەرگرتنی متمانەی پارلەمانو ڕەزامەندی (شا) بۆ ماوەی چوار ساڵ دەست بەکار دەبێت، دەسەڵاتی کۆمیسیۆن بە پێی دەستووری ساڵی ١٩٩٧ بریتییە لە: داواکردنی بەڵگە نامەی تایبەت لە هەر کەسێك کە مەبەستیان بێت، بانگکردنی هەر کەسایەتییەك لە هەر پلەیەکدا بێت، بۆ بەردەم دادگا بە مەبەستی لێپێچینەوە یان شاهیدیدان.

٢ –سەنگافورە : لە ساڵی ١٩٥١ لە ژێرچاودیری ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیراندا (دەزگای لێکۆڵینەوە لە سەر کردەوە گەندەڵییەکان ) پێکهات، ئەم دەزگایە دەتوانێ لە هەموو بەڵگە داراییو دەوڵەتیو کەسییەکان بکۆڵێتەوە، لە درێژەی چالاکییەکانی خۆیدا سیاسەتمەدارو خاوەن دەسەڵاتو بەرێوەبەرانی پلە بەرزی حکومەت راپێچی دادگا دەکات، لە هەمانکاتدا دەزگای ناو براو کردەوە و چالاکییە داراییەکانی کارمەندانی ئاساییو خوارەوەی خستۆتە ژێر چاودیرییەوە، ئەم دەزگایە بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی گرنگ لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دەبینێ.

٣- هۆنگ کۆنگ : ساڵی ١٩٧٤ لە کاردانەوەیەکدا دژ بە پەرەسەندنی گەندەڵی (کۆمیسیۆنی سەربەخۆی دژ بە گەندەڵی پێکهێنا) ئەم لیژنەیە خاوەنی چەندین

یەکەی پۆلیسو ئاسایشی سەربەخۆیە دەسەڵاتێکی زۆریانیان هەیە.

٤- نایجیریا: ساڵی ١٩٧٥ (دەزگای سکاڵای گشتی ) بۆ تاوتوێکردنی سکاڵای هاوڵاتیانو (دەزگای لێکۆڵینەوە لەکردەوە و دیاردەی گەندەڵی ) دامەزراند.

(عەلی رەبیعی ،سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨،٢٠٠،٢٠٣- ٢٠٠٥)



## سەرچاوەکان

**١ – سەرچاوە کوردیەکان:**

**ا – کتێبەکان :**

١- د.ناسر عوبێد ئەلناسر، دیاردەی گەندەڵی نزیکبوونەوەیەکی سۆسیۆلۆجی - ئابووری ، وەرگێڕانی: سەلاح شاکەلی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،کوردستان– هەولێر- ٢٠٠٥.

٢- ( پیتەر ئایگن) تۆڕە جیهانییەکانی گەندەڵی: وەرگێڕانی: ئومێد عوسمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس – ٢٠٠٧.

٣- (پرۆفیسۆر سۆزان رۆز ئەیکەرمان) حکومەتو گەندەڵی، هۆکارەکان، ئەنجامەکان، چاکسازی، وەرگێرانی : گۆران سەباح غەفوور چاپی یەکەم چاپخانەی دەزگای ئاراس- ٢٠٠٧.

٤- (بۆریس بیگۆڤیچ و بۆشکۆ مییاتۆڤیچ ) گەندەڵی لە سربیا) بلاّوکراوەی : سەنتەری لێکۆڵینەوەی لیبراڵ – دیموکرات، بەلگراد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە : محەمەد مستەفا قەرەداغی،چاپخانەی کارۆ- بێ ساڵ.

٥- مەکتەبی چاودێریو پشکنین، گەندەڵی، کۆمەڵەی لوبنانی بۆ برەودان بە شەفافیەت، چاپخانەی کارۆ، لە

بلاّوكراوەكـــانی: مەكتـــەبی چـــاودێریو پـــشكنینی (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ) ٢٠٠٩.

٦- عەلی رەبیعی، بـژی گەنـدەڵی، وەرگێڕانـی : ڕەفعـەت مـورادی، لـە بلاّوكراوەكـانی :مەكتـەبی بیروهۆشـیاری (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ) ٢٠٠٥

٧ - گەنــدەڵیی ئیــداری- كۆمەڵــە وتـار، ئامـادەكردنو وەرگێرانـــی : مێهــدی مێهرپـــەروەر، چـــاپی یەكـــەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس– هەولێر ٢٠١١

ب – ڕێكەوتننامەكان:

١ - ڕێكەوتننامـــەكانی بنـــەبڕكردنی گەنـــدەڵی لـــە ڕۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـتو بـاكوری ئـەفریقا، وەرگێڕانـی: كامیل محەمەد قەرەداغی، لە بلاّوكراوەكانی :مەكتـەبی چاودێریو پشكنینی (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ) چاپخانەی حەمدی- ٢٠٠٨.

٢- ڕێكەوتننامـــەی نەتەوەیـــەكگرتووەكان بـــۆ بنـــەبڕ كردنـــی گەنـــدەڵی، لـــە بلاّوكراوەكـــانی: مەكتـــەبی چاودێریو پشكنینی (یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان ) چاپخانەی حەمدی- ٢٠٠٨.

ج – ڕاپۆرتەكان:



١- ڕاپۆرتی سكرتێری گشتی (ی.ن.ك) پەسـەند كـراوی پلینـۆم ٧- ٢٠٠٧/١/٨ قەلاّچـوالان. چـاپخانەی شـەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠٠٧.

د – گۆڤارەكان :

١- د. نـــەرمین مـــەعروف غـــەفور، گەنـــدەڵی ئیـــداریو دەرئەنجامــە ئابوورییــەكانی، گۆڤــاری نــۆڤین ژمــارە ٧ ساڵی ٢٠٠٦.

٢- سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لـە كاریگـەری ئـابووری لـە ســەر دیــاردەی تیرۆریــزم لــە هــەرێمی كوردســتاندا، ئومێدقــەرەداغی، گۆڤــاری (نــوێ بــوون)، مەڵبەنــدی ڕێكخستنی سلێمانی دەریـدەكات، ژمـارە ٦، چـاپخانەی شڤان،سلێمانی - ٢٠٠٩،

٣- عەلی ڕەزا خوسـرەوی، ڕۆڵـی میـدیاكان لـە تێكۆشـان دژ بە گەندەڵی، وەرگێڕانی : كارزان محەمـەد، گۆڤـاری ڕێبـازی نـوێ ژمـارە ٤٢ ، بەشـی ڕوونـاكبیری مەكتـەبی ڕێكخستنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دەریـدەكات - ٢٠٠٧.

٤- ئیـــسماعیل حەمـــەڕەحیم، گەنـــدەڵیو ڕۆتـــین لـــە دەزگاكانی هەرێمدا، هەفتە، ژمارە (٧٠) ٢٠٠٩/١٠/٧.

ه —وتارەکان :

١- چارەسەری کێشەکان:گەندەڵی بەڕێوەبردن وەك نموونە، وتارێکی :عەلی ئەحمەد فارس، مەڵبەندی موستەقبەل بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، mcsr.net. وەرگێرانی: ماڵپەری چاودێری www.chawdery.com

٢- گەندەڵی ، تاهیر محەمەد. وتار سایتی (کوردستان نێت) ٢٠٠٧/١١/٢١.

٣- (ڕێبوار محەمەد یوسف ) کوردستانی نوێ ژمارە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٦.

٤- ( ڕەفیق صالح ئەحمەد) پرۆژەیەك بۆ چاکسازی بەڕێوەبردن لە کوردستان، ٦/١٨/ ٢٠٠٥ http www.reform-kurd.com

٥- (قاسم سکان ) بەگژاچونەوەی گەندەڵی لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و تازە پێشکەوتوو ،وتارێکی کوردستانی نوێ ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٤

٦- نەوشیروان مستەفا ئەمین، وتارێکی هەفتەنامەی ڕووناکبیری ژمارە ٦٧،ساڵی ٢٠٠٠ لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.



و — ڕۆژنامەکان:

١- سۆران عەلی، گەندەڵی ،شەرمنانە بنبڕناکرێ، ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١١١٣) ٢٠٠٩/١٢/١٠.

٢- هیوا سەلیمی، نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتیی نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەندەڵی، هەفتەنامەی دەستوور،ژمارە (٨) ٢٠٠٩/١١/٢٥ .

٣- کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٠٢٦) ١٥/ ١١/ ٢٠٠٩ .

٤- ئاسۆ کامەران ،حکومەتی هەرێم لە هەوڵی بنبڕکردنی گەندەڵیدایە،ڕۆژنامەی ئاسۆ،ژمارە ١١١٨،ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/١٧ .

٥- ( طارق الدباغ) نەهێشتنی گەندەڵیی... وانەیەکی سەرەکییە لەقوتابخانەکانی چیین ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری لەژمارە٧٨٢٠٠٧:- **وەرگێرانی: ماڵپەری چاودێری www.chawdery.com**

** پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەسەند کراوی سێیەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) مانگی ٦ / ٢٠١٠ چاپی دووەم — چاپخانەی حەمدی — سلێمانی ٢٠١٠

**٢- سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- د.منير الحمش، الاقتصادالسياسي، الفساد، الاصلاح، التنمية، من منشورات اتحادالكتاب العرب- دمشق — ٢٠٠٦

٢- د.تركي الفواز، مفهوم التنمية الاقتصادية - صفحة راي ١٠/٣١ /٢٠٠٩ من ويكيبيديا.

٣- تنمية اقتصادية، من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة ، سنة، ٢٠٠٩.




## پاشکۆ

وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی شەشەم بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵیو پشتگیری کردن لەچاکسازیو پاکسازی کرد، کە لە (دۆحە) لە ڕۆژانی (٧ و ٨ ) ی مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩، لە ژێر چاودێری میری قەتەرو ئەمینداری گشتیی قەتەر بەسترابوو. لەو کۆنفرانسەدا کە زیاتر لە (١٥٠٠) کەسایەتیو چەندەها سەرمایەداری گەورە لە (١٤٠) دەوڵەتەوە بەشدارییان کردبوو، بە وردی باس لە هاوکاریی نێوان نوێنەرانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت کرا.

سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەلأتیش، کە بووەتە هۆی تێکچوونی باری کۆمەلأیەتی، بەشداربوانی کۆنفرانسەکە داوایان لە حکومەتەکان کرد هەموو جۆرە کارێکی پێویست بگرنەبەر بۆ پشتگیری کردن لەو دەزگایانەی ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییان پێسپێردراوە، تا بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێ بکەن،بۆ بەرگریکردن لەماڵی گشتیو لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردنی ئەو دیاردەیەو بە دواداچوونی دادوەری دژ بەو کەسانەی بەو کارە نایاساییە هەڵدەستن.

وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ سەرۆکی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە کار لەو بوارەدا دەکەن کۆبووەوە، بە تایبەتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و مەکتەبی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە مادە بێهۆشکەرەکان و تاوان، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ستراتیژی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە حکومڕانی دروست و شەفاف، هەروەها وەفدەکە ڕایگەیاند، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر هەمان ئەو بنەما نێودەوڵەتییانە ستراتیژی خۆی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٩ ەوە داڕشتووە، لەوانە دانان و دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی کە کارمەندانی گشتی دەبێت پێڕەوی بکەن، لە گەڵ هەبوونی شەفافیەت لە کارەکانی حکومەتدا.

لەو ڕووەوە (نسار تاڵەبانی) ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم وتی( بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا بۆ ئەو مەبەستە بوو کە سەرکردەکانی دنیا بزانن کە حکومەتی هەرێم بەشێکە لەوان و سەرۆکی حکومەت بە هەموو شێوەیەك پابەندە بەو ستراتیژە نێودەوڵەتییەوە.

(کوردستانی نوێ، ٢٠٠٩، ٢ )



حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك دەستپێشخەری بە ئاراستەی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی و ئەو پشکەی بەریدەکەوێت لەهەوڵدایە بۆبنبڕکردنی گەندەڵی بەتایبەتی لەڕووی بەهەدەردانی سامانەکانی دەوڵەت لەدامەزراوە حکومیەکاندا، بۆئەومەبەستە بڕیاردراوەت لەمەودوا هەرکەسێك زانیاری دەربارەی هەرجۆرە گەندەڵییەك ئاشکرابکات،پاداشتی مادی بکرێت، ئابووری ناسێکیش پێی وایە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بەئاراستەی کەمکردنەوەی گەندەڵی لەکوردستاندا. بەپێی ڕێنمایی[ ژمارە(٤)ی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژی ٢٠٠٩,١١,١٦]دەرچووە وێنەیەکی دەست ئاسۆکەوتووە لەمەودوا هەرکەس زانیاری دەربارەی گەندەڵی دارایی، گەندەڵی و کارگێڕی، دزی یاخود ساختەکردنی نوسراوی ڕەسمی ئاشکرا بکات، بەپێی قەبارەو شێوازی گەندەڵیەکە پاداشت دەکرێت. دەبارەی بڕی پاداشتەکان لەڕێنماییەکەدا ئاماژەبەوە دراوە کەئەوپاداشتەی دەدرێت ئەگەر پارەبێت ئەوە ٥٪ لەنرخی پارەکە تا (١٠٠)ملیۆن دینار دەدرێتە ئەوکەسە ی کە زانیاریەکەی ئاشکراکردووە بۆ ئاشکراکردنی ساختەکردنی هەرنوسراوێکی ڕەسمیش، بڕی(٥٠٠)هەزار دینار دیاری

کراوه. لەڕێنماییەکی وەزارەتی داراییدا هاتووه ئەوکەسە زانیاری دەربارەی گەندەڵی لەدامەزراوەحکومیە کاندا ئاشکرا دەکات ناوی پارێزراو دەبێت هەروەك دوای وەرگرتنی زانیاریەکان لیژنەیەك بۆبەدواداچونیان پێکدەهێنرێت، لایەنی تاوانبار دەدرێته دادگاو بەپێی یاسا سزا دەدرێت. لەمبارەیەوه ئابوری ناس تەها سلێمان محەمەد بۆ ئاسۆ دوا وتی: دەرچونی ئەم ڕێنماییەی وەزارەتی دارایی هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی کەمکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، کەماوەی ساڵانێکه باسی لێدەکرێتو بۆتەهۆی بەهەدەردانی بەشێك لەسامانی دەوڵەت. وتیشی: ئەمە یەکێکه لەهەنگاوەکان پێویستە لەسەر دەزگا پەیوەندیدارەکانی حوکمەتی هەرێم، بیر لەچەندین ڕێوشوێنی دیکەی زانستی بکەنەوە بۆڕوبەڕوبەنەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا.
(کامەران، ٢٠٠٩، ١)

---

بەگژاچونەوەی گەندەڵی بەرپاکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی هەمەلایەنو هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی هەمەلایەنە بە گژاچونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاستو بوارەکاندا بە تایبەتی ( حزبی، حکومی، کەرتی تایبەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ....) لە



گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی یاسایانە لە هەمبەر ئەو کێشەیەو هەوڵدان بۆ پابەند کردنی حکومەت بە ڕێکەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بۆ بەگژاچونەوەی گەندەڵیو لە بەرامبەردا شەفافیەت لە سەرجەم ئەو بوار و ئاستانەدا ببێتە سیمای هەرە دیاری حکومەتو کۆمەڵی کوردی بە چالاککردنو یەکخستنی دەزگاکانی چاودێری داراییو دامەزراندنی دەستەی نەزاهەو کاراکردنی دەسەڵاتی دادوەریو داواکاری گشتی لە کوردستاندا.

پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەسەند کراوی سێیەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) مانگی ٦ / ٢٠١٠ چاپی دووەم — چاپخانەی حەمدی — سلێمانی ٢٠١٠

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵى چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاكتەرو گرفتەكانی دیموكراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتوركیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار كەمال كوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر و. لەئینگلیزیەوە: كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی : نوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانیەوە: د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی كوردی لە كوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی كەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمكەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریكردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | كوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەرەشەو مەترسیەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەكان | ئامادەكردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | كەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عملانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان.<br>ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | و. یاسین عومەر | |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كردستان ومتغيرات العصر<br>(الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە<br>کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان،<br>ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبيه فى سنجار حتى بدره | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله ترجمه: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوێ ناڤخۆ پەسەندكریێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. | مەڵبەندی (٤)ی ڕێكخستنی دهۆك | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ك) | بەشی روناكبیری | |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قراءة في مفهوم التحديث والتنمية السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادی | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگەری قەرزە گشتیەكانی ئەمریكا لەسەر ئابووری ئەمریكا و جیهان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی — كوردی) | ئامادەكردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | كورد لەسوریاو ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان/ ز. نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر ل. یالچین هێگمان و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەركەكانی قۆناغی نوێ لەچاوپێكەوتنێكی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەكردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ربيبن حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | القانون الدولي العام | | |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ و. لەئەڵمانییەوە: هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیار دا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدأ من جنوبها | المحامي / الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارکی سۆشیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسیو دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەڕوانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا . ز. هۆشیاری ژمارە (١،٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیودیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری ژ(٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژووی نەتەوەی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤٧ | باشووری سودان. ز. هۆشیاری ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية ز. هۆشیاری.ژمارە (٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج. ز هۆشیاری. ژمارە (٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عێراقدا. ز. هۆشیاری. ژمارە (٤٦) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٢١ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی.ن.ك) وەك نمونە ز. هۆشیاری ژمارە (٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود شلێر رەشید- نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارام و رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا ز.هۆشیاری ژمارە (٤٨) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەری و هەڵوێستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان | قادر حەسەن عبدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبر و فلسفته السياسية | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزبو رێکخراوە سیاسیەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دريڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عێراق وسێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسیترۆیکا بن لادنو مۆنیکا | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیوعەشیرەتە | خالد مەحمود کەریم | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کوردەکان لەکوردستانی باشوور | | |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار) ( ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهاندا) | وەرگێرانی- رەسول ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | و. حەمید میر عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الامريكي في بناء الشعوب من المانيا الى العراق | ت: نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | دەربارەی شێوەی ئاسیایی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەک بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسول | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | مەکتەب | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دیپلۆمات‌و دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الدعائم الاساسية للدولة الفدرالية نامیلکەی هۆشیاری ژمارە(٥٠) | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی.ن.ک) لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژمارە (٥١) | ئەنەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیەک بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان/ نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٢) | قادر حمە جان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | النظم الانتخابية ونظام انتخاب | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردی‌و ئۆپۆزسیۆن زنجیرەی نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنية بين التحدى والتحقيق، نامیلکەی هۆشیاری (٥٥) | د. اسماعيل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٦) | يوناتا ديوخ موس | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئابوری، زنجیرە (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیسلام‌و مۆدێرنیتەی سیاسی نامیلکەی هۆشیاری (٥٨) | مۆریس باربیە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی.ن.ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات نامیلکەی هۆشیاری ژمارە (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | ملحوظات عامة و دروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية التدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لە جیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ | دلاوەر عیمان مجید | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثره على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عبدالرحمن عالم و. دلاوەر عبدالله محمد کریم | |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیاسیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |